# گوڵان

پەیامی ئەمرۆ و سبەی

ساڵی سێیەم (١٣٩٦)- (٨)ی کانوونی دووەم ٢٠٢٤



## دوو وەرچەرخانە گەورەکەی ٢٠٢٣

# دەرکەوتنی «چات جی پی تی» و هەڵگیرسانی شەڕی حەماس و ئیسرائیل

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چیتر ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە نابێت
کە پێشتر بینیومانە و بەو سیستمەش بەڕێوە ناچێت
کە بە سیستمی «کیسنجەر» ناسراوە




# بەڕێوەچوونی دوو هەڵبژاردن و ڕاپرسییەک لە ساڵی ٢٠٠٥

٩٧

ساڵی ٢٠٠٥، لە مێژووی عێراقدا لە ڕووی سیاسی و سەقامگیری و ئاسایشەوە ساڵێکی گرنگ بوو. لە ڕووی سیاسییەوە دوو هەڵبژاردن و ڕاپرسییەک بەڕێوە چوون، بەڵام لە ڕووی ئارامی و سەقامگیرییەوە، کردەوە تیرۆریستییەکان ڕۆژانە ڕوو لە هەڵکشان بوون و ڕۆژانە کردەوەی تیرۆریستی، بەتایبەتی لە بەغدا ڕوویان دەدا.

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بۆ یەکەم جار لە ڕۆژی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا هەڵبژاردنێکی تا ڕاددەیەک ئازاد کرا و بوو بە ڕۆژێکی مێژوویی بۆ گەلانی عێراق. سەرەڕای هەموو ئەو ساختەکاری و پێشێلکاری و هەوڵانەی خرانەگەڕ، بۆ ڕێگرتن لە سەرکەوتنی هاوپەیمانیی کوردستانی، وەک هەڵوەشانەوەی دەنگی زیاتر لە دوو سەد سندووقی دەنگدان لە سۆران و نەناردنی هەموو بیتاقە و کارتەکان بۆ شنگال و دەشتی نەینەوا، کە بەمە غەدرێکی گەورە لە کورد و مەسیحییەکان کرا لەو ناوچانەدا. هەر چەند ناڕەزایەتییەکی زۆریش نیشان درا، بەڵام لایەنی کوردی ئەم بابەتانەی نەکردە کۆسپ و کێشە لە بەردەم هەڵبژاردنەکاندا و، لەگەڵ ئەوەی کە تیرۆریستان هەڕەشەیەکی زۆریان کرد و هەوڵیان دا لە ناوچە جیاجیاکاندا ڕێگری لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان بکەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەڵبژاردن بە سەرکەوتوویی بەڕێوە چوو. وا ڕێککەوتن کرابوو کە پەرلەمانی نوێ (ئەنجومەنی نوێنەرانی ئینتیقالی) لە دوو سەد و حەفتا و پێنج پەرلەمانتار تا کۆتایی ساڵ پێک بێت.

دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی گشتی لە عێراق، ڕۆژی ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ دەستووری عێراقیش، بۆ ڕاپرسی و دەنگدان خرایە بەردەم گەلی عێراق.

# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٣٩٦)- (٨)ی کانوونی دووەم ٢٠٢٤


## کتێبی دووەمی بازنەی گفتوگۆ

# ئالنگارییەکانی ئاسایشی نیشتمانی













**زیاتر لە (٨٠) دەستەبژێری نیشتمانپەروەر و هەزاران هاووڵاتی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان، بەشداریی گفتوگۆ و ڕاپۆرتی مەیدانی و ڕاپرسییەکانیان کردووە**





ئەزموونێکی تازە، دەستپێشخەرییەکی ڕۆژنامەنووسی، هەنگاوێکی دیکەی بەرەوپێشبردنی کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یەکەم ڕۆژی ڕێوڕەسمی کردنەوەی ماڵ و بنەو بنکەکەی خۆشیدا لە شاری سلێمانی لە ٢٠٢٣/٥/١٣ بەڵێنی دا کە خزمەتی وشە و زمان و ئەدەب و هونەری کوردی بکات.

گۆڤاری (هەردەم)، گۆڤارێکی وەرزییە، هەر جارە و بە ناونیشانێکی تایبەت و تەوەرێکی جیاواز جێی خۆی لە کتێبخانەی کوردستان دەکاتەوە. تەوەری ژمارە(١)ی گۆڤاری (هەردەم) پایزی ساڵی ٢٠٢٣، ئەم جارە ناونیشانی (ئەدەبی منداڵان)ی لەخۆگرتووە.

نووسەرانی بەشداربووی تەوەری ئەدەبی منداڵان وەك بەرپرسیار و خەمخۆران بە ئەدەبی جگەرگۆشەکانمان قۆڵی خۆیان لێ هەڵماڵی و بە بابەتەکانیان ئەم باخەیان بە گوڵ نەخشاند، گرنگیی ئەم نۆبەرەیەی گۆڤاری (هەردەم) لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە لەلایەك وەك پایەیەکی گرنگی ئەدەب و کەلتوور، لە لایەکی دی، وەك ڕەگەز و خەسڵەت و ئامانج و بایەخ و گرنگییە هەمەچەشنەکانی لەسەر خودی منداڵان، کە هیواو ئاواتی ئایندە و داینەمۆی مانەوە و بەردەوامبوونی ناسنامەو نەتەوەن، نووسەران هاتوون لە بنەڕەتەوە چەمکی ئەدەبی منداڵانیان شی کردووەتەوە، بە ناخ و دنیای پڕ لە بەرائەت و پاکیی منداڵاندا شۆڕبوونەتەوە، ڕۆشناییان خستووەتە سەر مێژووی سەرهەڵدانی ئەم ژانرە ئەدەبییە لە جیهان و لە کوردستان بە تایبەتی، نووسەرانی ئەم تەوەرە لە باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵات و لە تاراوگە بەشدارییان کردووە

(هەردەم) لەم تەوەری تایبەت بە منداڵان کۆکەرەوەی سەرجەم قەڵەمەکانە، لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك و ڕۆژهەڵات، بابەتەکان شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هەموو لایەنەکانی ئەم جیهانەی منداڵانی گرتووەتەوە، لە شیعر و چیرۆك و ئەفسانە و هونەر بە (شانۆ و نیگار و میوزیك)ەوە.. ئەم دەستپێشخەرییەی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەوەیە کە کە ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و مێژوونووسان و پسپۆرانی کوردستان لە ژمارەکانی داهاتووی (هەردەم) دا، لە تەوەرە جیاجیاکاندا لە خزمەتی وشە و زمان و ئەدەب و هونەری کوردیدا بن.. پیرۆزە (هەردەم).. گۆڤارەکە بە (١١٢) لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ دەرچووە، هاوکارمان(بەهادین جەلال مستەفا )ئەرکی زمانەوانی گۆڤارەکەی لەئەستۆ گرتووە و دیزاینەکەیشی (شاخەوان جەعفەر)کردوویەتی، پیرۆزە... لە چاوەڕوانی ژمارە و تەوەرەکانی داهاتوودا.

## چاپکراوی نوێ





(واتا لە دەرەوەی دەق) ناونیشانی کتێبێکی تازە چاپکراوی (پ.د ئیدریس عەبدوڵڵا)یە بە بەرگێکی قەبارە گەورەی (٣٢٠) لاپەڕە دیدی خوێنەرانی ڕۆشن کردەوە و کەلێنێکی لە کتێبخانەی کوردی پڕکردووەتەوە. ئەم کتێبە هەنگاوێکی تازەیە بۆ چوونە نێو بابەتێکی گرنگی زمان و فەرهەنگەوە، نووسەر لەمەدا سەرکەوتوو بووە، ئەو هاتووە بەمە خزمەتێك پێشکەش بە توێژینەوە و دیراساتی شێوازی و ڕەخنەیی لە زمان و ئەدەبی کوردی بکات.

سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە لە مێژەوەیە ئادەمیزاد فێری ئەوە بووە، کە شێوازەکانی قسەکردنی بگۆڕێ، لەوەی کە بۆ هەموو مەبەستێك، ئەو وشەیە بەکاربهێنێت، کە مەبەستییەتی و، بۆ هەموو ئامانجێك ئەو ڕستەیە بە تەواوی پێکهاتە ڕێزمانی و فەرهەنگییەکەی دروست بکات، کە بەشی واتاکانی مێشکی دەکەن. دکتۆر ئیدریس عەبدوڵڵا لە هەمان کاتدا باس لە (واتا) دەکات و لەم ڕووەوە دەڵێت: واتا ئەو ناواخنەیە کە مەبەستی قسەکەرە بۆ ئەوەی بگاتە مێشکی بیسەر، جا ئەمە دەشێ لە ڕێگەی ڕستەوە باربکرێ و بگاتە بیسەر، جەخت لەوە دەکاتەوە کە (واتا) ئەو پەیامەیە، کە دەق هەڵیگرتووە و مەبەستییەتی بە هۆیەوەی کار لە بەرانبەر بکات و بیخاتە جووڵەوە، ئەوەش بەری پرۆسەیەکی هۆشیارییە، ئەگەر بێتوو هەم قسەکەر و قسەبۆکراویش لە یەك ئاستی وشیاریدا بن، پرۆسەکە بە سەرکەوتوویی دەچێتە پێش و ئەگەریش بێتوو هەر لایەنێکی ئەم پرۆسەیە، کەمئاگا، یان بێئاگا بن، لە دەرهاویشتە کۆن و نوێکانی وشە و دەربڕینە گچکە و گەورەکان، ئەو کات پرۆسەکە دەشکێت و نرخ و بایەخی لە دەست دەدات.

ئینجا چەمکی دووەم دێت کە (دەق)ـە، ئەویش گۆکراوە بەرجەستە ئامادەییەیە، کە بۆ گەیاندنی ئەو واتایەی لە مێشکی قسەکەر، یان نووسەر(نێرەر)دایە، لە قالبی وشەیەك، یان گرێیەك، یان ڕستەیەك، یان پەرەگرافێکی بچووك، یان گەورە خۆی دروست دەکات، بە ئاراستەکردنی بۆ قسەبۆکراو، پرۆسەی پەیوەندی دروست دەکات و ژیان بەرەو پێش دەبات.


بۆ نووسینی ئەم کتێبە دکتۆر ئیدریس پەراوێزەکانی ڕیزبەند کردووە، هاوکات هەموو ئەو کتێب وسەرچاوانەیشی باس کردووە کە بۆ ئامادەکردن و نووسینی (واتا لە دەرەوەی دەق)دا پشتی پێ بەستوون.. دەستخۆشی لە نووسەر دەکەین .. بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

دكتۆر نەرمین مەعرووف :




**ناكرێت مووچەی خەڵكی كوردستان وابەستەی ململانێ سیاسییەكان بكرێت**

خەلیل محەمەد ئەحمەد :




**چەكدارانی پەكەكە بازرگانیی ماددەی هۆشبەر دەكەن و كار بۆ تێكدانی بارودۆخی كەمپی مەخموور دەكەن**

د.هومام ئەلشەماع



**كەرتی بانكی لەگەڵ گۆڕانكاری و پێشكەوتنەكانی سەردەمدا ناگونجێت**

پ. د.كامەران ساڵحی



**گوتاری ڕق و كینە و كەلتووری گۆشەگیركردن**

پرۆفیسۆر یانیس ستیڤاچتیس :



**جیهان بەرەو فرەجەمسەری هەنگاو هەڵدەگرێت**




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوكەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سكرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**كارزان كانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری كارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**كەمال ئاكرەیی**
**هاوكار ڕەحمان**


**بۆ ڕیكلام كردن پەیوەندی بكە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆكسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناكی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

دکتۆر مەلا ئەنەس دۆسکی:



**ئیسلام بەسەر سیاسەت و عیبادەت دابەش ناکرێت و، هەموو کایەکانی ژیان لەخۆدەگرێت**

**زۆیا بە (سینەم و شینۆکێ) دەگەڕێتەوە**



دهۆک بەڕۆژی:



**ئامانجم ئەوە بوو، بەشێک لە ژیانی سەختی ئافرەتە تێکۆشەرەکانی کوردستان بنووسمەوە**

**هەموو شتێک سەبارت بە ستیڤیا**




**ئەو ئامێرەی شوێنی مۆبایل دەگرێتەوە**



ئیمان هەڤاڵ :



**ئەگەر هەوڵی بۆ بدەم دەگەمە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق، چونکە هەموو کات باوەڕم بە هێزی خۆم هەیە**





## دوو وەرچەرخانە گەورەکەی ٢٠٢٣

# دەرکەوتنی «چات جی پی تی» و هەڵگیرسانی شەڕی حەماس و ئیسرائیل



«ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە چەقمان بە ستووە و بە قووڵی لە ناو پرۆسەی وەرچەرخانێکی سیستماتیکداین و، دەبێت بزانین کە جیاوازی هەیە لە نێوان تەنگژە و وەرچەرخاندا، ئەگەر کێشە هەبوو، ئەوا دەبێت تۆ بگەڕێیتەوە بۆ خاڵە سەرەکییەکە و چەند بە خێرایی بۆت دەکرێت، کار بۆ ڕاستکردنەوەی بارودۆخەکە بکەیت، بەڵام لە حاڵەتی وەرچەرخاندا، تۆ دەبێت بەرنامەت هەبێت بۆ ئەوەی چۆن ئەو گۆڕانکارییانە بەڕێوە بەریت، کە لە ئاکامی ئەو وەرچەرخانە دروست دەبن و دێنە ئاراوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە بۆ ئەوەی بزانین سەرەنجام چۆن لە دەرەنجامی گۆڕانکارییەکانی ئەم وەرچەرخانە دێینە دەرەوە و بەراورد بە دەستپێکی وەرچەرخانەکە باشتر بێت».

**کلاوس شواب**
**سەرۆکی کۆڕبەندی ئابووریی داڤوس، لوتکەی حکومەتەکان ١٣ی شوباتی ٢٠٢٣ - دوبەی**

**یەکەمین جارە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کائینێک دەردەکەوێت کە مرۆڤ نییە و دەتوانێت، بیر بکاتەوە و بڕیار بدات**

**● بەڕێوەبردنی وەرچەرخانەکان**
Transformational Management

بیرمەندان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣، ئەوەیان بۆ ئاشکرا کردین، کە زیرەکیی دەستکرد، گەیشتووەتە ئەو ئاستەی پێی بگوترێت: زیرەکیی سەرسوڕهێنەری دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ، یان «زیرەکیی فەزایی-» alien in-telligent، چونکە یەکەمین جارە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کائینێك دەردەکەوێت کە مرۆڤ نییە و دەتوانێت، بیر بکاتەوە و بڕیار بدات.

محەمەد گەرگاوی وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیرانی دەوڵەتی ئیمارات، لە لوتکەی حکومەتەکانی ٢٠٢٣ لە دوبەی بە جیهانی ڕاگەیاند «زیرەکیی دەستکرد، توانیویەتی شیکاریی عەبقەرییەتی بتهۆڤن بکات و کۆپی بکات و بڕگەی سەمفۆنیای ١٠ تەواو بکات، کە ٢٠٠ ساڵ بەسەر مردنیدا تێپەڕیوە، ڕۆژنامەیەکی نێودەوڵەتی، بۆی نووسین: زیرەکیی دەستکرد بە کار دەهێنێت و، مانگانە ٣٠ هەزار چیرۆکی هەواڵی بە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد بەرهەم دەهێنێت و، لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا زیاتر لە ٩٠٪ی هەواڵ، ستوونی بۆچوونەکان، وتار و شیکارەکان بە زیرەکیی دەستکرد بەرهەم دەهێنرێن».

مستەفا سلێمان خاوەنی کۆمپانیای « Deep Mindی زیرەکیی دەستکرد، لە ئایاری ٢٠٢٣ کتێبە بەناوبانگەکەی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی «شەپۆلی داهاتوو - The coming wave» بڵاو کردەوە کە پڕفرۆشترین کتێبی ٢٠٢٣ یە و، لەو کتێبەدا لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە، کە چۆن کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ قۆناغە زۆر دێرینەکانی مرۆڤایەتی، دەبینین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ بە قۆناغی جیاواز پۆلین کراوە، ئەوا ئێستا مرۆڤایەتی بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاو هەڵدەگرێت، کە پێشتر بە خۆیەوە نەیبینیوە، ئەم قۆناغە تازەیەی مستەفا سلێمان لە پێشەکیی کتێبەکەیەوە پێمان ڕادەگەیەنێت و، کاتێك پێشەکیی ئەم کتێبە، پێشەکییەکی هەتا بڵێی تازە و جیاوازە لە پێشەکیی هەر کتێبێکی دیکە، بۆیە خوێنەر زۆر بە تاسەوە دەیخوێنێتەوە، بەڵام کاتێك دەگەیتە کۆتای

ئەم پێشەکییە، نووسیویەتی: «پێشەکیی ئەم کتێبە زیرەکیی دەستکرد نووسیویەتی».

لە ماوەی ١٣ی شوبات تا ئایاری ٢٠٢٣، کە هەر دوو کۆنگرەی حکومەتەکانی دوبەی و کتێبەکەی مستەفا سلێمان «شەپۆلی داهاتوو» بڵاو کراوەتەوە، تەنیا نەوەی سێیەمی «چات جی پی تی» بەرهەم هاتبوو و هەنگاوی هەڵدەگرت بۆ نەوەی سێ و نیو، بەڵام لەو کتێبەدا لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە کۆمپانیای «Deep Mind» کار لەسەر ئەوە دەکات کە ئەپلیکەیشنێکی تازە دروست بکات لەژێر ناوی «مۆدیلە گەورەکەی زمان»LLModel — ئەم ئەپلیکەیشنە زیرەکیی دەستکرد لە زیرەکیی دەستکردی ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ زیرەکیی دەستکردی گشتی، بەو مانایەی خۆکردانە دەتوانێت کۆمەڵێك کار پێکەوە بکات، هەروەك چۆن مرۆڤ لە سەرەتاوە توانیویەتی «بەرد» بەکار بهێنێت بۆ دروستکردنی چەقۆ، چەکوش و تەور، ئەمەیان ناو لێ ناوە: «زیرەکیی دەستکردی گشتی - Artificial General Intelligence »، لەمەش زیاتر لەوەش ئاگادارمان دەکاتەوە، زیرەکیی دەستکرد دەگاتە ئاستی «زیرەکیی دەستکردی توانادار -Artificial Capable Intelligence»، ئەم ئاستە کە ئێستا لە لابۆرەکانی زیرەکیی دەستکرد، مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە و نەگەیشتووەتە ئاستی ئەوەی ببێتە بەرهەمێکی بەردەستی گشتی، دەبێتە ئەو خاڵەی زیرەکیی دەستکردی ئاسایی و زیرەکیی دەستکردی گشتی پێکەوە گرێ دەداتەوە و توانای دەگاتە ئاستی ئەوەی کە هەموو ئەو کارانەی مێشکی مرۆڤ دەیکات، ئەم زیرەکە هەموو ئەوکارانە زۆر باشتر و خێراتر ئەنجامیان دەدات و، هەموو ئەم زانیارییانەش نووسەری کتێبەکە (مستەفا سلێمان) نەینووسیون بەڵکو ئەو ئەپلیکەیشتنەی کۆمپانیای « Deep Mind» کە ناویان لێ ناوە «مۆدێلە گەورەکەی زمان - « LLModel، نووسیوویەتی:

کلاوس شواب نووسەری کتێبی (شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم -٢٠١٤)، لە ساڵی ٢٠٢٣ و لە لوتکەی حکومەتەکانی دوبەی پێی گوتین: «من لە ساڵی ٢٠١٤ و لە کتێبەکەمدا باسی هەموو ئەم وەرچەرخانانەم کردووە، لەسەر ئاستی وەرچەرخانەکانی ئابووری، سیاسی و گۆڕینی جیهان بۆ فرەجەمسەری، تەکنەلۆژیا و بوونی پارە بە پارەی دیجیتاڵی « Crypto»، بەڵام من ئەم وەرچرخانەم لە ٢٠١٤ وەك خەیاڵی زانستی باس کردوون، بەڵام ئێستا بوونە واقیع و دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و ئەم وەرچەرخانانە بەڕێوە بەرین».

ئەوجا، چۆن لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ هیچ سیاسەتمەدار و سەرکردەیەکی جیهان پێشبینی ئەوەی نەکردبوو کە تەنیا لەو ساڵەدا، سێ رووداو روو دەدەن کە پێشتر مەزندەیان بۆ نەکردبوو، کە بریتی بوون لە «سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش و ڕاگەیاندنی خلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا، لەبەریەکهەڵوشانی سیستمی نوێی جیهانی و دەستەوەستان بوون بەرانبەر جێبەجێکردنی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان»، بە هەمان شێوە لە ساڵی ٢٠٢٣ هیچ سیاسەتمەدار و سەرکردە و تەنانەت دەزگاکانی هەواڵگرییش، پێشبینی و مەزندەی ئەوەیان نەکردووە کە لەم ساڵەدا ئەم وەرچەرخانە گەورانە روو دەدەن، وەك زیرەکیی دەستکرد کە لە ئاستی خەیاڵی زانستییەوە هەنگاو بۆ واقیع هەڵبگرێت، هەروەها بزووتنەوەی حەماسی فەلەستینی هێرش بکاتە سەر شارەکانی ئیسرائیل و ئەو شەڕە گەورەیە بەرپا بێت، کە هەتا ئێستاش بەردەوامیی هەیە و مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێت، کە بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتەوە، کە بێگومان ئەم شەڕە ئاکامەکەی هەر چۆنێك بێت، گۆڕانکاری و وەرچەرخانی گەورە بە دوای خۆیدا دەهێنێت و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چیتر ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە نابێت کە پێشتر بینیومانە، چیتر بەو سیستمەش بەڕێوە ناچێت، کە بە سیستمی «کیسنجەر» بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوە.

لە ساڵی ٢٠١٤ هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق نەکەوتە ناو وەرچەرخانە گەورەکانی «لەبەریەکهەڵوشانی سیستمی نوێی جیهان و سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش و دامەزراندنی خلافەتی ئیسلامی داعش، بەڵکو هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی ئەمری واقیع بە لۆژیکێك

**لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا زیاتر لە ٩٠٪ی هەواڵ، ستوونی بۆچوونەکان، وتار و شیکارەکان بە زیرەکیی دەستکرد بەرهەم دەهێنرێن**

**لە ساڵی ٢٠٢٣ هیچ سیاسەتمەدار و سەرکردە و تەنانەت دەزگاکانی هەواڵگرییش، پێشبینی و مەزندەی ئەوەیان نەکردووە کە لەم ساڵەدا ئەم وەرچەرخانە گەورانە روو دەدەن، وەك زیرەکیی دەستکرد کە لە ئاستی خەیاڵی زانستییەوە هەنگاو بۆ واقیع هەڵبگرێت**

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چیتر ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە نابێت کە پێشتر بینیومانە، چیتر بەو سیستمەش بەڕێوە ناچێت، کە بە سیستمی «کیسنجەر» بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوە**

**دەبێت مامەڵەی زۆر هەستیار و لۆژیکانەش لەگەڵ ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، کە شەڕی حەماس و ئیسرائیل دروستی کردوون**

کە لە پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتبوو، سەرۆك مسعود بارزانی مامەڵەی لەگەڵ دەرهاویشتە نەرێنییەکان و شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش کرد، کە سەرەنجام بە شکۆی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان شکایەوە و توانراش قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بپارێزین.

لەو وەرچەرخانە گەورانەشی کە لە ٢٠٢٣ روویان داوە، وەك دەرکەوتنی «ئاستی بەرزی زیرەکیی دەستکرد «AI،AGI،ACI- و شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس، ئێمە وەك هەرێمی کوردستان پریشکی ئەم گۆڕانکارییانە دەمانگرێتەوە و دەبێت لەسەر هەردوو ئاستی مامەڵەکردن لەگەڵ وەرچەرخانەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد مامەڵە بکەین، هەروەها دەبێت مامەڵەی زۆر هەستیار و لۆژیکانەش لەگەڵ ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، کە شەڕی حەماس و ئیسرائیل دروستی کردوون.

بیرمەندان بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی گۆڕانکارییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی تازە پێنج خاڵیان دیاری کردووە، کە پێویستە سەرکردەکان بۆ بەڕێوەبردنی گۆڕانکارییەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ واقیعی تازە لەبەر چاوی بگرن کە بریتین لە:

١- سەرکردە دەبێت زیرەکانە واقیعی تازە بخوێنێتەوە و بزانێت چۆن لەگەڵ هاوبەشەکانی ئەو دەرفەتانە سوودی لێ وەردەگرێت کە لەو وەرچەرخانە تازەیە دێنە ئاراوە.

٢- بڕوابوون بەوەی لە هەموو وەرچەرخانێکدا بێجگە لە دەرهاویشتەی نەرێنی، هێزی خێریش لەو وەرچەرخانە دێتە ئاراوە و دەبێت بزانێت چۆن ئەو هێزە خێرانە بەکار دەهێنێتەوە.

٣- ڕاوێژکردن لە پێناوی وەرچەرخانەکان، دەرهاویشتەی نەرێنیی وەرچەرخانەکان لە جووڵە و بیرکردنەوە، سەرکردە ڕانەگرێت، کە جووڵە و بیرکردنەوەی سەرکردە دەستەوەستان بوو، نەتەوە دەکەوێتە بەرەی دۆڕاوەوە.

٤- توانای خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی



تازە، خۆگونجاندن لەگەڵ دەرهاویشتەکانی وەرچەرخانەکان بۆ ئەوەی ببێتە هۆکاری ئەوەی مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ دەرهاویشتەکان بکرێت.

٥- ئیرادەی بەهێز بۆ خۆڕاگرتن و خۆنەچەماندن لە کاتە سەختەکان و بەردەوامیی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەکان، ئەگەر ئەمەی نەکرد سەرکردە دەکەوێتە داوی «تیوری مراوی ڕەش - Black Duck Theory»، ئەمەش بەو مانایەی لەپڕ دەکەوێتە ناو سوپرایزێکی زۆر ناخۆشەوە و پاشانیش ناتوانێت لەو ئاکامە ناخۆشانە دەربچێت.

## ● هەرێمی کوردستان لەناو وەرچەرخانە گەورەکەی زیرەکیی دەستکرددا

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و هەڵکشانی خێرای زیرەکیی دەستکرد بەو خێراییەی کە لە مرۆڤ باشتر بیر بکاتەوە و باشتر و خێراتر کارەکان ئەنجام بدات، هەم لایەنی زۆر بەسوودی بۆ مرۆڤایەتی هەیە و هەم لایەنی زۆر خراپ و مەترسیداری هەیە، دروست وەك (هێزی ئەتۆم) کە دەتوانرێت شارێکی گەورەی وەك نیویۆرکی پێ ڕووناك بکرێتەوە، هەمیش وەك بینیمان دەتوانرێت شاری گەورەی وەك (هێرۆشیما و ناکازاگی)ی پێ کاول بکرێت و هەموو مرۆڤایەتی لە کاتێکی کەمدا بسڕێتەوە.

مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی هەسارەی زەوی، مەترسی و دەرهاویشتە خراپەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای، هاوشانی مەترسییەکانی «گۆڕینی کەشوهەوا و بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی» پۆلێن کردووە، ئەمەش بەو مانایەی چۆن لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی ئەقڵی مرۆڤایەتی توانی ڕێگە لە دووبارە بەکارهێنانەوەی «چەکی ئەتۆمی» بگرێت، ئەوا بە هەمان شێوە دەتوانێت ڕێگە لە کێشە مەترسیدارەکانی «گۆڕینی کەشوهەوا و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا» بگرێت.

بۆ ڕێگرتن لە دەرهاویشتە خراپەکانی هێزی ئەتۆم، لە ساڵی ١٩٥٧ لەژێر چاودێریی ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم -AIEA)، ئەم ئاژانسە کاری ئەوەیە کە هانی وڵاتان بدات «هێزی ئەتۆم» بۆ ئامانجی ئاشتی و سوودی گشتی بەکار بهێنرێت و سنوورێکیش بۆ بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆم دابنرێت.

سەبارەت بە بەرگرتن لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواش لە ساڵی ١٩٩٥ـەوە نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵانە کۆنفرانسێك بە ناونیشانی «کۆنفرانسی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر گۆڕینی کەشوهەوا بەڕێوە دەبات لەگەڵ ئەو لایانانەی پەیوەندیدارن بەم پرسە (COP)، کە ساڵی ڕابردوو (٢٠٢٣) بیست و هەشتەمین کۆنفرانسی (COP) لە دەوڵەتی ئیمارات بەڕێوە چوو، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەك لایەنێکی پەیوەندیدار بە گۆڕینی کەشوهەوا، بەشداریی لەم کۆنگرەیەدا کرد.

ئەوەی هەتا ئێستا هەوڵێکی جیهانیی بۆ نەدراوە لەسەر ئاستی دەوڵەت و حکومەتەکان، بۆ ڕێگرتن لە دەرهاویشتە خراپەکانی، ئەوە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە، ڕاستە لەسەر ئاستی کۆمپانیاکانی زیرەکیی دەستکرد و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەندێك هەوڵ خراوەتەگەڕ، بۆ ئەوەی دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم پێشکەوتنە وەك «بڵاوکردنەوەی توندوتیژی، بەکارهێنانی بۆ مەبەستی ساختە و هەڕەشەکردن و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و...هتد» هەروەها لەسەر ئاستی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوەش، بیرمەندان مرۆڤایەتییان لە مەترسیی خراپ بەکارهێنانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ئاگادار کردووەتەوە و، داوا دەکەن کە بنەمای ئیتکی لە سەر ئاستی جیهان بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد دابنرێت، بەڵام هەتا ئێستا لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم بیرۆکانە نەبوونەتە چوارچێوەیەك بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤایەتی پێکەوە لەسەر چەند بنەمایەك ڕێك بکەون و پێوەی پابەند بن.

لە ناو مەترسیی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا کە مەزندەی ئەوە دەکرێت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پاشاگەردانیی گەورە دروست بکات، دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بێجگە لە ئیسرائیل) هەروەها دەوڵەتانی ئیسلامییش (بە هەرێمی کوردستانیشەوە)، توانای زانستییان لەسەر ئاستی (تەکنەلۆژیای زانیاری-IT )

**سەرکردە دەبێت زیرەکانە واقیعی تازە بخوێنێتەوە و بزانێت چۆن لەگەڵ هاوبەشەکانی ئەو دەرفەتانە سوودی لێ وەردەگرێت کە لەو وەرچەرخانە تازەیە دێنە ئاراوە**

**پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و هەڵکشانی خێرای زیرەکیی دەستکرد بەو خێراییەی کە لە مرۆڤ باشتر بیر بکاتەوە و باشتر و خێراتر کارەکان ئەنجام بدات، هەم لایەنی زۆر بەسوودی بۆ مرۆڤایەتی هەیە و هەم لایەنی زۆر خراپ و مەترسیداری هەیە**

**مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی هەسارەی زەوی، مەترسی و دەرهاویشتە خراپەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای، هاوشانی مەترسییەکانی «گۆڕینی کەشوهەوا و بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی» پۆلێن کردووە**

نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە تەکنەلۆژیا بۆ شەڕی ئەلکترۆنی بەکار بهێنن، یان داهێنانێك بکەن و چەکی خۆکار (Autonomous Weapons) دروست بکەن. بۆیە لێرەوە هەڵوەستە لەسەر ئەوە دەکەین، کە ئەو دەوڵەتانە بەگشتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، چۆن سوود لە لایەنە باشەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا وەردەگرن؟

**کە ڕژێمی پێشووی عێراق ڕووخێندرا، ئەزموونی هەرێمی کوردستان نەک هەر هەبوو، بەڵکو بەشێکیش بوو لەو هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی**

### ● سوودەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە ناو قەوارەیەکی ئەمری واقیعدا

هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٩٢ وەك هەرێمێك لە دەوڵەتێکی فیدراڵیدا دروست نەبووە، بەڵکو لە ناو بارودۆخێکی زۆر تایبەتدا کە دەشێت پێی بگوترێت «ئەمری واقیع - de-fact» دروست بوو، ئەمەش بەو مانایەی چەمکێکە شەرعییەت بەو کارانە دەدات کە لە واقیعدا هەیە و ئەم حاڵەتەدا پێچەوانەی دانپێدانانی یاساییە کە پێی دەڵێن «de jure» و لە ساڵی ١٩٩٦یش پاش دەرچوونی بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش ناسراو بە بڕیاری «نەوت بەرانبەر خۆراك»، هەر لەسەر بنەمای ئەمری واقیع پشکی ١٣٪ بۆ هەرێمی کوردستان لە داهاتی فرۆشتنی نەوتی عێراق دیاری کرا، بەڵام ئەو پارەیە نەدرا بە هەرێمی کوردستان و لە ژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ هەرێمی کوردستان خەرج دەکرا، لەبەر ئەوەی بڕیارەکە (ئەمری واقیع de-facto) نەدەتوانرا پشت بە یاسا (de jure) ببەستێت.

**لەناو هەموو فەرمانبەران و مووچەخۆرانەی عێراقدا کەوەک تەنیا نموونەیەک ئاماژەی پێ دەکەین، تەنیا فەرمانبەران و مووچەخۆرانی کوردستان مووچەی سێ مانگی ساڵی ٢٠٢٣یان وەرنەگرتووە**

لە ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێمی پێشووی عێراق ڕووخێندرا و ئەزموونی هەرێمی کوردستانیش نەك هەر هەبوو، بەڵکو بەشێکیش بوو لەو هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەی کە بەشداریی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقی کرد، کە پاشان ئەمریکا بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی گۆڕیی بۆ «داگیرکردنی عێراق»، هەوڵ درا، ئەم (ئەمری واقیعە-de-facto)ـەی هەرێمی کوردستان بگۆڕێت بۆ هەرێمێکی یاسایی (de jure) لە ناو چوارچێوەی دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستوورەکە جێبەجێ نەکرا و ماف و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بێ پشتبەستن بە دەستوورەکە مامەڵەی لەگەڵدا کرا، ئەوا بە پراکتیکی هەرێمی کوردستان گەڕایەوە بۆ حاڵەتی دیفاکتۆ و لە بازنەی پشتبەستن بە دەستوور (de jure) هاتە دەرەوە.

**پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی دیفاکتۆ مامەڵە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیادا بکات، نەک هەرێمێک لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا**

لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ٢٠٢٢ هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت، بەشێك بوو لە دامەزراندنی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی و بەرنامەیەکی وەزاری ئامادە کرا، بۆ ئەوەی کێشە و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق لە چوارچێوە و پشتبەستن بە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ڕێك بخرێتەوە و چارەسەر بکرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی تەفسیری چۆنیەتیی پشتبەستن بە دەستوورەکە دراوەتە دەست دادگایەکی بەناو فیدراڵی کە خۆی دادگایەکی دەستووری نییە و سیاسییانە تەفسیری دەکات، ئەوا جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان نەیتوانی بە پشتبەستن بەو دەستوورە وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا خۆی پێناسە بکاتەوە و، حکومەتی عێراقیش بە حکومەتەکەی ئێستای «سوودانی»یشەوە وەك قەوارەیەکی جیاواز لە ناو دەوڵەتی عێراقدا مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات و، لە ناو هەموو فەرمانبەران و مووچەخۆرانەی عێراقدا کەوەك تەنیا نموونەیەك ئاماژەی پێ دەکەین، تەنیا فەرمانبەران و مووچەخۆرانی کوردستان مووچەی سێ مانگی ساڵی ٢٠٢٣یان وەرنەگرتووە.

ئاماژەکردنمان بۆ ئەو واقیعە بۆ ئەوە بوو کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی دیفاکتۆ مامەڵە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیادا بکات، نەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا، کابینەی نۆیەم چەندین هەنگاوی گرنگی هەڵگرتووە کە بە مامەڵەی دروست لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە بواری سیاسەتی ئابووری و داراییدا لەقەڵەم دەدرێن و بریتین لە:

● لە بواری سیستمی بانکیدا کە گرنگترین سێکتەرە بۆ بووژانەوەی ئابووری، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە سیستمی بانکی بکاتە سیستمی ئەلکترۆنی و متمانە

بۆ بانکەکان بگێڕێتەوە، لەم بوارەدا کاری باش کراوە و هێشتا تەواو نەبووە.

- کردنی مووچەی فەرمانبەران بە ئەلکترۆنی لە ڕێگەی بانکەکانەوە، ئەمیش لە چوارچێوەی پرۆژەی «هەژماری من» و کردنەوەی هەژماری بانکی بۆ هەموو فەرمانبەر و کارمەندێك لە هەرێمدا.
- هاندانی مامەڵەی کڕین و فرۆشتن لە بازاڕەکانی کوردستاندا بە ڕێگەی کارتی ئەلیکترۆنی، ئەم پرۆسەیە ئێستا لە هەندێك شوێن کەوتە واری جێبەجێکردن، بەڵام هێشتا نەبووەتە گشتی و کاری بەردەوامی تێدا دەکرێت.
- گۆڕینی مامەڵەی کۆی فەرمانگە و دامەزراوەکانی حکومەت بە ڕێگەی ئەلکترۆنی و هەوڵەکان زۆر بە چڕی کاری تێدا دەکرێت، بۆ گەیشتن بە حکومەتی ئەلیکترۆنی.
- هەوڵەکان بۆ ڕێگرتن لە گەندەڵی و بەرتیل و ڕۆتین بە سوودوەرگرتن لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، سوودێکی زۆری لێ وەرگیراوە.
- کردنەوەی فەرمانگەیەك لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هاندانی توانای گەنجان و خستنەگەڕی تواناکانیان بۆ داهێنان لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا.
- سوودوەرگرتن لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بۆ دامەزراندنی کارگەی هاوچەرخ، گۆڕینی کوالێتیی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، بەرەوپێشبردنی پیشەسازیی گەشتیاری لە کوردستاندا.
- لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسی و شێوازی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، سوودێکی زۆر لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا وەرگیراوە و، بە کردەیی ئەوە جێبەجێ کراوە کە بە بەردەوامی و بە شێوەی ئۆنلاین لایەنە پەیوەندیدارەکانی پرۆسەی سیاسی و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکەوەن و، دەتوانن بەیەکەوە پەیوەند بن و ئاگاداری ڕووداوەکان بن.

بێگومان لەناو زۆر لایەن و سێکتەری دیکەی گرنگیشدا بەتایبەتی لە هەردوو کەرتی (گشتی و تایبەت) سوودێکی هێجگار زۆر لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا وەرگیراوە، کە لەم باسەدا ناتوانرێت، ئاماژە بە هەموویان بکرێت.

### ● هەرێمی کوردستان لەناو وەرچەرخانە گەورەکانی شەڕ و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

هەرێمی کوردستان دیسان دەبێت لە مامەڵەکردنی لەگەڵ وەرچەرخانە گەورەکانی ئێستای شەڕ و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەك قەوارەیەکی ئەمری واقیع مامەڵە بکات، نەك پشتبەستوو بە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە نزیکەی دوو دەیە بەسەر ئەو دەستوورەدا تێپەڕ دەبێت، هەتا ئێستا ڕێز لەو دەستوورە نەگیراوە و سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە سەروەریی دەوڵەتی عێراق مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە، تەنانەت لەو کاتەی تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر هەرێمی کوردستان و بەشێکی خاکی کوردستانیان داگیر کرد و بەشێکی نەتەوەکەمانیان کۆمەڵکوژ و جینۆساید کرد، حکومەتی عێراق بە هیچ شێوەیەك یارمەتیی هەرێمی کوردستانی نەدا و تەنانەت وەك دەوڵەتێکی دراوسێش هیچ یارمەتییەکی لۆجیستی و نالۆجیستیی هەرێمی کوردستانی نەکرد، بە پێچەوانەوە زیاتر پێداگریی کرد لەسەر بڕینی پشکی هەرێم و بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.

لە دوای ٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣ کە هێرشی حەماس بۆ سەر شارەکانی ئیسرائیل بووە هۆکاری بەرپابوونی شەڕێکی گەورە لە ناوچەکە، شەڕێك نەك تەنیا لە نێوان دوو بەرەی بەرانبەر بە یەك، بەڵکو شەڕێك کە گرووپی غەیرە دەوڵەتی و لە یاسا دەرچوویشی تێ کەوتووە، کە هیچ ناسنامەیەکیان ئاشکرا نییە و هیچ دەوڵەت و لایەنێکیش بە فەرمی خۆیان لێ ناکات بە ساحێب و، خەریکە سنووری ئەم شەڕە کاولکاری و دژ بە مرۆڤایەتییە بە شێوەیەك فراوان دەبێت، کە تەواوی ناوچەکە بە عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە بگرێتەوە، کە لە ئێستادا پریشکی ئەو شەڕە بە ئەنقەست هەرێمی کوردستانیشی گرتووەتەوە.

کار و کاردانەوەی ئەم شەڕە لەنێوان ئیسرائیل لە لایەك و چەکدارانی حەماس و گرووپە لە یاسادەرچووەکان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووی لە هەڵکشانە، لە لایەکی دیکەش کار و

**هەرێمی کوردستان دەبێت لەگەڵ وەرچەرخانە گەورەکانی ئێستای شەڕ و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەک قەوارەیەکی ئەمری واقیع مامەڵە بکات**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە سیستمی بانکی بکاتە سیستمی ئەلکترۆنی و متمانە بۆ بانکەکان بگێڕێتەوە، لەم بوارەدا کاری باش کراوە و هێشتا تەواو نەبووە**

**هەوڵەکان بۆ ڕێگرتن لە گەندەڵی و بەرتیل و ڕۆتین بە سوودوەرگرتن لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، سوودێکی زۆری لێ وەرگیراوە**

کاردانەوەی ئەم شەڕە لە نێوان ئەمریکا و گرووپە لە یاسا دەرچووەکان لە هەڵکشانێکی ئەوتۆدایە کە ئەمریکا بە بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی عێراق و لەبەرچاوگرتنی سەروەریی عێراق وەك دەوڵەتێکی ئەندام، بە ناوی بەرگریکردن لە خۆی، هێرش دەکاتە سەر چەندین بنکە و بارەگای حەشدی شەعبی لە بەغدا و شارەکانی دیکەی باشووری عێراق و لە ناو دەوڵەتی سووریاش.

ئەگەر و وەرچەرخانی هەمەجۆر لە شەڕە گەورەکاندا کراوەیە، هەر بۆیە بیرمەندان پێشبینیی زۆر ڕووداو دەکەن کە پێشتر مەزندەی بۆ نەکراوە. بیرمەندی گەورەی ئەمریکی چارلس تیلۆر دەڵێت: «دەوڵەتان شەڕ دروست دەکەن و شەڕیش دەوڵەتان دروست دەکات»، ئەم پەیڤە بەرزەی چارلس تیلی، مانای ئەوەیە «لە دوای شەڕە گەورەکان سنوورەکانیش وەك خۆیان نامێننەوە»، هەر لە ڕوانگەی ئەم پەیڤەوە بوو کە هنری کیسنجەر ڕێنمایی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ناتۆی کرد، کە بە ئاگربەستی ئەمری واقیعی ئێستای شەڕی نێوان (ڕووسیا و ئۆکرانیا) ڕازی بن و جارێکی دیکە سنووری ئۆکرانیا ناگەڕێتەوە بۆ سنووری ساڵی ٢٠١٤ و تەنانەت ساڵی ٢٠٢٢ش، بێگومان کیسنجەر کۆچی دوایی کرد و هاوپەیمانیی ناتۆ گوێی لێ نەگرت، ئێستا شەڕەکە بەرەو ئەو کۆتاییە هەنگاو هەڵدەگرێت.

لە ساڵی ٢٠١٤ ش کاتێك تیرۆریستانی داعش خەلافەتی ئیسلامییان لە عێراق و سووریا ڕاگەیاند، پرۆفیسۆر ڤۆلکەر پیریس سەرۆکی جێبەجێکار و بەڕێوەبەری ئامۆژگای ئەڵمانی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و ئاسایش لە بەرلین، کە ماوەی چەند ساڵێکیش پرۆفیسۆری یاریدەدەر و وانەبێژ بووە لە زانکۆی ئەمریکیی بەیروت، لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤ واتە دوای تەنیا چوار مانگ لە ڕاگەیاندنی خەلافەتە ئیسلامییەکەی تیرۆریستانی داعش، لە ئامۆژگای وۆردو وێلسن لە ئەمریکا پەنێڵێکی بۆ ڕێك خرابوو بە ناونیشانی «داعش و کۆتایی ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی دەماناسی - ISIS and the End of the Middle East as We Know It»، لەم پەنێڵەدا ڤۆلکەر پیریس زۆر زیرەکانە جەختی لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ کردەوە:

١- تیرۆریستانی داعش بە جۆرێك تۆوی توندوتیژی و توندڕەوییان لە ناوچەکەدا بڵاو کردووەتەوە، کە لایەنی دیکەش دەگرێتەوە، کە ئەو مەبەستی لە دروستبوونی گرووپی غەیرە دەوڵەتیی هاوشێوەی داعشە لە خەڵکانی دیکەش.

٢- ئەگەر دەوڵەتی خەلافەتی تیرۆریستانی داعش بڕووخێندرێت، هزری توندڕەوی فراوانتر دەبێت و کۆتایی نایەت و، جارێکی دیکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو سیستمە بەڕێوە ناچێت کە پێشتر ناومان لێ نابوو «سیستمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست».

٣- گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سوود لە کاراکتەری غەیرە دەوڵەتیی وەك هەرێمی کوردستان لە عێراق وەربگرێت، لەبەر ئەوەی هەم کاراکتەرێکی گرنگە بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و هەمیش ئەزموونێکی گەورەیە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە و یەکتری قبووڵکردن و هەڵکێشانی ڕەگی توندڕەوی و توندوتیژی.

ئەم دید و تێڕوانینەی پرۆفیسۆر ڤۆلکەر پیرسیس، نزیکەی ١٠ ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێت، ماوەی نزیکەی حەوت ساڵیشە سەرکەوتن بەسەر تیرۆیستانی داعشدا ڕاگەیەندراوە و خەلافەتی ئیسلامیی داعش ڕووخێندراوە، بەڵام لە ئێستادا ئاستی بڵاوبوونەوەی تیرۆر و توندتیژی بە ئاستێکە، کە دەکرێت بڵێین: لە سەرەتای دەرکەوتنی تیرۆریستانی داعشدا زۆر کەم بووە. بە جۆرێك پیادەکردنی تیرۆر و توندتیژی بڵاو بووەتەوە، کە خودی حکومەتی عێراق هێرشی گرووپە لەیاسا دەرچووەکان بۆ سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بە کاری تیرۆریستی ناو دەبات و، بەڵێن دەدات کە حکومەت وەك کاری تیرۆریستی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

کەواتە ئەم ڕاستییانە ئەوەمان پێ دەڵێت، چوارچێوەی ئەم شەڕەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڕێوە دەچێت، زۆر لەوە فراوانترە و لەوانەیە فراوانتریش ببێت لەوەی کە

**لەو کاتەی تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر هەرێمی کوردستان و بەشێکی خاکی کوردستانیان داگیر کرد و بەشێکی نەتەوەکەمانیان کۆمەڵکوژ و جینۆساید کرد، حکومەتی عێراق بە هیچ شێوەیەک یارمەتیی هەرێمی کوردستانی نەدا**

**ئەمریکا بە بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی عێراق و لەبەرچاوگرتنی سەروەریی عێراق وەک دەوڵەتێکی ئەندام، بە ناوی بەرگریکردن لە خۆی، هێرش دەکاتە سەر چەندین بنکە و بارەگای حەشدی شەعبی لە بەغدا و شارەکانی دیکەی باشووری عێراق و لە ناو دەوڵەتی سووریاش**

**بە جۆرێک پیادەکردنی تیرۆر و توندتیژی بڵاو بووەتەوە، کە خودی حکومەتی عێراق هێرشی گرووپە لەیاسا دەرچووەکان بۆ سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بە کاری تیرۆریستی ناو دەبات**

لـە شاشـەی تەلەفزیۆنەکانـەوە دەیبینیـن و، وەزیـری بەرگریـی ئیسـرائیل هـەر لـە خۆیـەوە نالێـت: «ئەگـەری ئـەوەی هەیـە ئـەم شـەڕە بـە ئاسـتێك بەرفـراوان ببێـت، کـە ئیسـرائیل ناچـار بێـت لـە حـەوت بـەرەوە شـەڕ بـکات». هەروەهـا «نوڤـاڵ نـوح هەراری»یـش وەك بیرمەندێـك فـاڵ ناگرێتـەوە کاتێـك بـە ئاشـکرا لـە شاشـەی تەلەفزیۆنەکانـەوە دەڵێـت: «لـەم شـەڕەدا (شـەڕی حەمـاس و ئیسـرائیل) هەمـوو کات ئەگـەری بـەردەم بەکارهێنانـی چەکـی ئەتۆمـی و بـەکار نەهێنانـی تەنیـا ٢٤ کاتژمێـرە».

لە شـەڕی ئێسـتای ڕۆژهەڵاتدا، مەترسییەکان تەنیـا هـزری تیـرۆر و تونـدوڕەوی نییـە کـە لـە هـەردوو لایەنـی شـەڕەکەدا، یـان ڕاشـکاوانەتر بڵێیـن لـە هەمـوو بەرەکانـی شـەڕەکەدا، یەکتـری بە مرۆڤ نازانـن، بەڵکو ترسـی گـەورە تووڕەیی ئـەو دەوڵـەت و لایەنانەیـە کـە هـەر یەکەیـان بـە جۆرێـك پشـتگیریی بەرەکانـی ئـەو شـەڕە دەکـەن بـە (ئیسـرائیل و حەمـاس و گرووپـە لـە یاسـا دەرچـووەکان) یشـەوە.

لـە نـاو ئـەم ژینگـە ئاڵـۆزەی شـەڕ و گۆڕانکارییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، هەوڵـی زۆر جددی هەیـە کـە هەرێمـی کوردستان لـەم شـەڕە کاولکارییـەوە بگلێندرێـت، حکومەتـی عێـراق کـە هـەر لـە سـەرەتای ئـەم شـەڕەوە لـە هەوڵـی ئـەوەدا بـوو، عێـراق لـەم شـەڕەوە تێـوە نەگلێت، بـەڵام ئێسـتا گوێبیسـتی ئـەو لێـدوان و بەیاننامانـە دەبیـن کـە ئەندامەکانـی ناو لایەنەکانی چوارچێـوەی هەماهەنگـی وەك (دەعـوا، فەتـح، عەسـائیب، نەسـر، حیکمـە) بـڵاوی دەکەنـەوە و، داوا لـە سـەرۆك وەیرانـی عێـراق دەکـەن، ئـەو بڕیـارەی پەرلەمانـی عێـراق کارا بکاتـەوە کـە داوا دەکات هێزەکانـی ئەمریـکا لـە عێـراق بکشـێنەوە، ئەم لێدوانانـە لەگـەڵ ئـەوەی جێگـەی هەڵوێسـتی فەرمیـی چوارچێـوەی هەمانگیـی شـیعە وەك هاوپەیمانییـەك کـە حکومەتـی «سـوودانی»یان پێـك هێنـاوە، ناگرێتـەوە، بـەڵام ئـەو مانایـەش لەخۆ دەگرێت، کـە ئەم پرسـە لـە نـاو لایەنەکانی ئـەو هاوپەیمانییـەدا پرسـێکی گرنگـە و بـە جـددی گەنگەشـەی لەسـەر دەکرێـت.

لایەنـی گرنـگ بـۆ هەرێمـی کوردسـتان کـە دەکرێـت گەشـبینیی لـە سـەر هەڵبچێندرێـت، لۆژیـك و مامەڵـەی سـەرۆك بارزانییـە لەگـەڵ وەرچەرخانـە گـەورەکان و، ئـەو پرانسـیپەیە کـە سـتراتیژیەتی مانـەوەی قـەوارەی هەرێمـی کوردسـتانی لەسـەر داڕێـژراوە، کـە ئەویـش لـە لۆژیکـی سـەرۆك بارزانیـدا ئەوەیـە «تەعـدا لـە کـەس ناکەیـن و تەعـداش لـە کـەس قبـووڵ ناکەیـن» لـە بازنەیەکـی فراوانتـردا، ئـەم لۆژیکـە مانـای ئەوەشـە «هێـرش ناکەینـە سـەر هیـچ لایـەك و هـەر لایەکیـش هێرشـمان بکاتـە سـەر، بەرگـری لـە خۆمـان دەکەیـن».

لـە شـەڕی دژی تیرۆریسـتانی داعشـدا، ئـەم سـتراتیژە نـەك هـەر کوردسـتانی پاراسـت، بەڵکـو بـووە ئەفسـانەیەکی گـەورە بـۆ جیهـان، ئەمـەش




لەبـەر ئـەوە بـوو، نـەك هـەر تیرۆریسـتانی داعـش لـەو بڕوایـەدا نەبـوون «پێشـمەرگە بەرگـری لـە کوردسـتان دەکات»، بەڵکـو دەوڵەتانـی جیهانیـش لـەو بڕوایـەدا نەبـوون هێـزی پێشـمەرگە لـەو ئاسـتەدا بێـت، بـەر بـە تیرۆریسـتانی داعـش بگرێـت و تێکیـان بشـکێنێت.

ئـەم لایەنـە گەشـبینییە (هێـز و ئیـرادەی پێشـمەرگە) کـە فاکتەرێکـی گرنگیـش دەبێـت لـەم شـەڕ و وەرچەرخانـەی ئێسـتای ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، تەنیـا چاوەڕێکردنـی ئـەوەی دەوێـت کـە «دەوڵەتـان شـەڕ دروسـت دەکـەن و شـەڕیش دەوڵەتـان دروسـت دەکات»، ئـەم پەیڤـە کـە لـە مێـژووی زانسـتی سیاسـەتدا بووەتـە پەندێکـی گـەورە و پێمـان دەڵێـت، دوای ئـەم شـەڕە سـنوورەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت وەك خۆیـان نامێننـەوە.

**لەناو ئەم ژینگە ئاڵۆزەی شەڕ و گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەوڵی زۆر جددی هەیە کە هەرێمی کوردستان لەم شەڕە کاولکارییەوە بگلێندرێت**

**لایەنی گرنگ بۆ هەرێمی کوردستان کە دەکرێت گەشبینیی لەسەر هەڵبچێندرێت، لۆژیک و مامەڵەی سەرۆک بارزانییە لەگەڵ وەرچەرخانە گەورەکان و، ئەو پرانسیپەیە کە ستراتیژیەتی مانەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستانی لەسەر داڕێژراوە**



**دکتۆر نەرمین مەعرووف**

**ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:**

# ناکرێت مووچەی خەڵکی کوردستان وابەستەی ململانێ سیاسییەکان بکرێت

# چارەسەری ڕیشەیی و بنەڕەتیی مووچەخۆرانی هەرێم بە هەموارکردنەوەی یاسای بودجە دەبێت

## ئومێدمان زۆرە لە ئەمساڵدا زۆر لە مافەکانی گەلی کوردستان لە پشکی بودجە و ماف و شایستە داراییەکان جێگیر بکرێت

**هەموارکردنـەوەی یاسـای بودجـەی گشـتیی عێراقـی فیـدراڵ، بەتایبەتـی ئـەو بڕگانـەی تایبەتـە بـە هەرێمـی کوردسـتان بـۆ ئـەوەی بتوانرێـت مووچـەی مووچەخۆرانـی هەرێمـی کوردسـتان بخرێتـە سـەر بودجـەی حاکمیـە و ئـەو ئاسـتەنگ و بەربەسـتانەی لـە بـەردەم خەرجکردنـی پشـکی هەرێمـی کوردستان لە بودجەکەدایە چارەسەر بکرێن، تـەوەری سـەرەکیی دیداری گۆڤاری گوڵان بوون لەگـەڵ دکتـۆر نەرمیـن مەعـرووف ئەندامـی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێراق. لێرەدا پوختـەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینـەوە.**

*** مەسـەلەی هەموارکردنـەوەی ئـەو ماددانـەی تایبەتـن بـە هەرێمـی کوردسـتان قسەوباسـێکی زۆریـان لەسـەر دەکرێـت. وەکـو ئەندامێکـی چالاکـی نـاو لیژنـەی دارایـی پەرلەمانـی عێراق و شـارەزا و پسـپۆڕ لـە پرسـی بودجـە و دارایـی، ئایا تا چەند ئومێد هەیە ئەم هەموارکردنەوەیە بکرێت و لەنـاو پەرلەمـان تێپـەڕ بێـت؟**

- بابەتـی هەموارکردنـەوەی ئـەو ماددانـەی تایبەتن بە پشکی هەرێمی کوردستان لە یاسای بودجـەی فیدراڵـی عێـراق بـۆ سـاڵەکانی ٢٠٢٤ و٢٠٢٥، بـە دانوسـتانەکانی یاسـای بودجـەوە سـەرچاوەی گرتـووە، ئـەو دەمـە کۆمەڵێك تێبینی و سـەرنجمان لەسـەر ئـەو ماددانـەی تایبەتـن بە پشـکی هەرێمـی کوردسـتان هەبـوو، بـەڵام دواجار بـە زۆرینـەی دەنـگ ڕەشنووسـی یاسـای بودجـە لـە پەرلەمانی عێراق دەنگی لەسـەر دراو پەسـەند کـرا، بەمـەش ڕەشنووسـی یاسـای بودجـەی فیدراڵیـی عێـراق بـە تـەواوی ئـەو مـاددە و بڕگانەشـی کـە تایبەتـن بـە هەرێمـی کوردسـتان تێپەڕێنـدران و بـووە یاسـا و هەمـووان پابەنـد کـران بـە جێبەجێکردنـی. لـە دوای ٢٠٢٣/٦/٢٥ی سـاڵی ڕابـردوو تێبینـی ئـەوە کـرا، لەمپـەر دروسـت بـووە لـە بـەردەم ناردنـی پشـکی هەرێمـی کوردسـتان لـە بودجەکـە، بەتایبەتـی ئـەوەی گرنـگ بێـت بابەتـی (مووچـە و شایسـتەی فەرمانبـەران و مووچەخۆرانـە)، چونکـە ئـەو بـڕە پارەیـەی وەکـو پشـکی هەرێمـی کوردسـتان لـە بودجـە دەدرێـت، وابەسـتەی خەرجییـە فیعلییەکانـی حکومەتـی فیـدراڵ کـرا، بـە هـەر دوو خەرجـی جـاری و وەبەرهێنانـەوە، بەتایبەتـی کـە حکومەتـی عێراقـی فیـدراڵ لـە شـەش مانگـی دووەمـی سـاڵی ڕابـردوودا لەبـەر پرۆسـەی هەڵبـژاردن بودجـەی وەبەرهینانـی خـەرج نەکـرد، بەمـەش خەرجییـە کردارییەکانـی حکومەتـی فیدراڵـی کـەم بـوو، بـەم هۆیەشـەوە پشـکی هەرێمـی کوردسـتان بـەراورد بـەو بـڕە پارەیـەی کـە لەنـاو پشـکی بودجـە هەیبـوو، بڕێکـی زۆر کەمتـری بەردەکـەوت، بەمـەش بەشـی پێداویسـتییەکانی

**بە هەموو هەوڵی فراکسیۆنە کوردستانییەکان چ لەناو لیژنەی دارایی، چ لەناو پەرلەمانی عێراق و بە سەردان و دانوستانی شاندە باڵاکانی حکومەتی هەرێمیشەوە، توانرا سێ گوژمە قەرزی حەوت سەد ملیاری وەربگیرێت بۆ دابەشکردنی مووچە تاوەکو مانگی ٩ی ساڵی ڕابردوو**

**دواجار بۆ هەمووان دەرکەوت بابەتی خەرجییە کردارییەکان بەربەستە لە بەردەم ناردنی تەواوی پشکی هەرێمی کوردستان و دەبێت ئەم بابەتە لەناو بودجەدا هەموار بکرێتەوە**

**عێراق خاوەنی گەورەترین بودجەیە کە خۆی لە نزیکەی ٢٠٠ ترلیۆن دینار دەدات، لەناو بودجەکەشدا پشکی هەرێمی کوردستان بە ١٢,٦٧٪ دیاری کراوە، بەڵام کێشەکە پەیوەستە بەو ئاستەنگ و بەربەستانەی لەبەردەم جێبەجێکردنی بودجەکەدایە بەتایبەتی لە بابەتی خەرجییە فیعلییەکاندا**

**ئەم هەنگاوانەی کە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای بودجە دەنرێت، ئومێدبەخشن و نییەتێکی جددی هەیە بۆ کۆتاییهاتنی کێشەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان**

**هەموو ئەو یاسای بودجەیەی لە خولی سێیەم و چوارەمی پەرلەمانی عێراق دەرچووە، پشکی هەرێمی کوردستانی وابەستەی خەرجییە کردارییەکانی حکومەتی فیدراڵی کردووە**

حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە ناویشیاندا مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان نەدەکرد، ڕاستەوخۆ ئەم گرفتە لە مانگی ٩ی ساڵی ڕابردووەوە بە ڕوونی دەرکەوت، بە هەموو هەوڵی فراکسیۆنە کوردستانییەکان چ لەناو لیژنەی دارایی، چ لەناو پەرلەمانی عێراق و بە سەردان و دانوستانی شاندە باڵاکانی حکومەتی هەرێمیشەوە، توانرا سێ گوژمە قەرزی حەوت سەد ملیاری وەربگیرێت بۆ دابەشکردنی مووچە تاوەکو مانگی ٩ی ساڵی ڕابردوو، بەمەش کێشەکە لە بنەڕەتەوە چارەسەر نەکرا و کێشەی دواکەوتن و نەدانی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بەردەوامە.

وەك نوێنەری کورد لە لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق لە سەرەتای مانگی ٩وە داوام کرد تەنیا ڕێگا بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە هەموارکردنەوەی یاسای بودجەیە، بەتایبەتی لەو ماددەیەی کە تایبەتە بە پشکی هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی لەسەرەتادا ئەم بیرۆکەیە پەسەند نەبوو لای پەرلەمانتارە عەرەبەکان بە بیانووی ئەوەی دەستەواژەی خەرجی فیعلی لە ساڵی ٢٠١٥وە لە یاسای بودجە زیاد کراوە و هەرێمی کوردستان هیچ نارەزایەتییەکی لەسەر نەبووە، بەڵام دواجار بۆ هەمووان دەرکەوت بابەتی خەرجییە کردارییەکان بەربەستە لە بەردەم ناردنی تەواوی پشکی هەرێمی کوردستان و دەبێت ئەم بابەتە لەناو بودجەدا هەموار بکرێتەوە، جگە لەوە لە ماددەی ٧٧ی یاساکەدا کە باس لەوە کراوە بۆ دوو ساڵی داهاتووی ٢٠٢٤، ٢٠٢٥ دەتوانرێت حکومەتی فیدراڵ بە خشتەی نوێی داهات و خەرجی بودجە بنێرێت و لە پەرلەمان پەسەند بکرێتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە هەموارکردنەوەی یاسای بودجەی فیدراڵ و دەرفەتێکە و لەپاڵ ئەمەشدا ئەو ماددە و بڕگانەی تایبەتە بە پشکی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێنەوە. خۆشبەختانە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراقدا جۆرێك لە لێکتێگەیشتن هەیە، بۆ ئەمەش لیژنەیەکی تایبەتی ڕاسپاردووە لەگەڵ لیژنەی دارایی ئەم بابەتە تاوتوێ بکەن و بگەنە چارەسەرێك، ئێمە لە لیژنەی دارایی پەرلەمان لەگەڵ ئەو لیژنە تایبەتەی حکومەتی فیدراڵ کۆبوونەتەوە و گفتوگۆمان کردووە لەبارەی بیرۆکەی هەموارەکە و ئەو دەقەی پێویستە لەناو یاساکەدا جێگیر بکرێت، هەر چەندە هێشتا گفتوگۆکان ماوە، بەڵام هەموو ئاراستەکان بۆ ئەم بابەتە ئومێدبەخشن.

*** کەواتە دەکرێت بوترێت ساڵی نوێ ئومێدبەخشە بۆ چارەسەرکردنی زۆر لە کێشەکانی تایبەت بە بودجە و مووچە لە نێوان هەرێم و عێراقدا، تاوەکو مافەکانی مووچەخۆران و هاووڵاتیانی کوردستان لە بودجەکە دەستەبەر بێت؟**

- لای هەمووان ڕوونە عێراق خاوەنی گەورەترین بودجەیە کە خۆی لە نزیکەی ٢٠٠ ترلیۆن دینار دەدات، لەناو بودجەکەشدا پشکی هەرێمی کوردستان بە ١٢,٦٧٪ دیاری کراوە، بەڵام کێشەکە پەیوەستە بەو ئاستەنگ و بەربەستانەی لەبەردەم جێبەجێکردنی بودجەکەدایە بەتایبەتی لە بابەتی خەرجییە فیعلییەکاندا، ئەوەی تێبینیمان کردووە، ئەم هەنگاوانەی کە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای بودجە دەنرێت، ئومێدبەخشن و نییەتێکی جددی هەیە بۆ کۆتاییهاتنی کێشەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی ئەم بابەتە بە شێوەیەکی ڕیشەیی و بنەڕەتی. من وای دەبینم دەبێت ئەو بڕگەیە لەناو یاسای بودجەکەدا لە ساڵی ٢٠١٥ زیاد کراوە، هەڵبگیرێ. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەم، کەوا ئەم کێشەیە بۆ ئەم خولەی پەرلەمان ناگەڕێتەوە، بەڵکو بەداخەوە لە خولی سێیەم و چوارەمی پەرلەمانی عێراقەوە دروست بووە و لە یاسای بودجەی ساڵەکانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ و ٢٠١٧ و ٢٠١٨ و ٢٠١٩ و ٢٠٢١ هەیە و دووبارە بووەتەوە، بە واتایەکی دیکە هەموو ئەو یاسای بودجەیەی لە خولی سێیەم و چوارەمی پەرلەمانی عێراق دەرچووە، پشکی هەرێمی کوردستانی وابەستەی خەرجییە کردارییەکانی حکومەتی فیدراڵی کردووە و ئەوان چەند خەرج بکەن، دواتر بەپێی ئەو خەرجییە پشکی هەرێمی کوردستان خەرج دەکرێت. پاساوی ئەوان بۆ لانەبردنی ئەم بڕگەیە وەکو ئاماژەم پێ دا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو هەموو ساڵە ئەم بڕگەیە هەبووە و جێگیر کراوە و کورد

ناڕەزایەتی لەسەر دەرنەبڕیوە و دەنگیشی لەسەر داوە، لە کاتێکدا لە ٢٠٠٦ ـەوە تاوەکو ٢٠١٣ کە پشکی هەرێمی کوردستانی بە ١٧٪ی بودجەی فیدراڵی دیاری کرابوو و بڕی پارەکەی بەپێی قەبارەی بودجەکە ناردوویانە بۆ هەرێمی کوردستان و ئەم دەقەی خەرجیی کرداری تێدا نەبووە. لە ئێستادا لانیکەم دەمانەوێت مووچەی هەرێمی کوردستان دەربهێنرێت لەناو ئەم هاوکێشەیە دارایی و یاسایی و ئیدارییانەی کە لەناو پابەندییەکانی هەرێمی کوردستان دانراون و پێویستە مووچە لە عێراق هاوشێوەی خەرجییە حاکیمەکانی دەرمان و بەشە خۆراك و پارەی گەنم دابنرێت، چیتر ناردنی بەشە مووچەی هاووڵاتیانی کوردستان نەخرێتە ناو ململانێ سیاسی و نەبەسترێتەوە بە دۆسیەی نەوت و پابەندییەکانی دیکەی هەرێم، بۆ ئەوەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی فەرمانبەرانی عێراق مووچەکانیان لە کاتی خۆیدا وەربگرن. هەرچۆنێك بێت، ئەم میکانیزمە بە چ شێوەیەك دەبێت، ئەمە ماوەتەوە بۆ گفتوگۆکانی هەردوو حکومەتی هەرێم و فیدراڵ، ئێمە لە لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق لەگەڵ هاتنی هەمواری یاساکەی بودجە بۆ پەرلەمان هەوڵی جددی دەدەین بۆ پەسەندکردنی و چارەسەری بە شێوەیەکی ڕیشەیی.

*** بەو پێیەی لە لێژنەی دارایی و لەناو گفتوگۆکانی ئەم پرسەت و شارەزاییت لە بواری دارایی و بودجەشدا هەیە، ئایا پێت وانییە هەر جارەو لە چارەسەر نزیك دەبنەوە، لایەن و کەسانێك لەمپەڕ و ئاستەنگ لەبەردەم هەوڵەکانی ئاساییبوونەوەی دۆخەکە و چارەسەرەکان دادەنێن؟ ئایا ترسی ئەوە نییە لەناو پەرلەمان ئەم هەموارکردنەوەیەش لەمپەڕی لەبەردەم دانرێت؟**

- عێراق لەسەر بنەمای شەراکەت و هاوبەشی بونیاد نراوە، بەتایبەتی لەنێوان هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی کورد و شیعە و سوننە، بۆیە کورد پێکهاتەیەکی سەرەکیی ئەم وڵاتەیە و لەناو حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێم ڕۆڵ و پێگەی دیاری هەبووە و کورد لە بونیادنانەوەی عێراقی نوێ و نووسینەوەی دەستوور بەشدار بووە، بەڵام لە ئێستادا بارودۆخەکە بە دڵی ئێمە نییە و دەبێت هەموان پێکەوە گفتوگۆو لێکتێگەیشتنی هاوبەشمان هەبێت و وڵات بەرەو سەقامگیری و چارەسەری کێشەکان ببرێت، تاوەکو سەقامگیریی سیاسی دروست نەبێت، ناتوانرێت خزمەتگوزاری پێشکەش بە گەلانی عێراق بکرێت و ئاوەدانی و بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی وڵات دروست بێت و عێراق و ئابوورییەکەی پێش بکەوێت. کاتی ئەوە هاتووە هەموان پێکەوە بپرسین: بۆچی دەبێت وەکو وڵاتێکی فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموکراتی مامەڵە نەکرێت و ئەو هەموو لەمپەر و ئاستەنگانە لە بەردەم ناردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم و پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە دابنرێت؟ بەتایبەتی کە خواستی کورد بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان و تەبایی هەمیشە وای کردووە، کورد پێکهاتەیەکی سەرەکی بێت لە عێراق و لە پەرلەمان و سەرجەم حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی نوێ، ئەوەی دەمێنێتەوە، مەسەلەی یەکدەنگی و یەکگرتوویی هێزە کوردستانییەکانە لەناو حکومەت و پەرلەمانی عێراقدا کە بەو یەکگرتووییە زامنی ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان لەناو دانوستان و ڕێکەوتنەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دەکرێت، چونکە بەراورد بەو هەموو ستەم و شەهید و قوربانی و مەینەتی و کارەساتەی لە مێژووی ئەم وڵاتەدا بەرانبەر بە کورد کراوە، تەواوی مافەکانی خۆمان وەرنەگرتووە، لە کاتێکدا زۆر ماف هەیە بە دەستوور چەسپێندراون، کەچی بە کرداری ئەو مافانەمان وەرنەگرتووە، ئەوەتا دوای کێشەی خاك و جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور کێشە دارایی و ئیدارییەکان کرۆکی کێشەکانمان بووە لەگەڵ بەغدا، پشکی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٤وە تاوەکو ساڵی ڕابردوو غەدرێکی گەورە هەبووە و دابڕانێك دروست بووە و چارەسەری هەموو ئەم کێشانەش کاتێکی زیاتری دەوێت و ئومێدمان زۆرە لە ئەمساڵدا زۆر لە مافەکانی گەلی کوردستان لە پشکی بودجە و ماف و شایستە داراییەکان جێگیر بکرێت.

**لە ٢٠٠٦ ـەوە تاوەکو ٢٠١٣ کە پشکی هەرێمی کوردستانی بە ١٧٪ی بودجەی فیدراڵی دیاری کرابوو و بڕی پارەکەی بەپێی قەبارەی بودجەکە ناردوویانە بۆ هەرێمی کوردستان و ئەم دەقەی خەرجیی کرداری تێدا نەبووە**

**لە ئێستادا بارودۆخەکە بە دڵی ئێمە نییە و دەبێت هەموان پێکەوە گفتوگۆو لێکتێگەیشتنی هاوبەشمان هەبێت و وڵات بەرەو سەقامگیری و چارەسەری کێشەکان ببرێت**

**تاوەکو سەقامگیریی سیاسی دروست نەبێت، ناتوانرێت خزمەتگوزاری پێشکەش بە گەلانی عێراق بکرێت و ئاوەدانی و بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی وڵات دروست بێت و عێراق و ئابوورییەکەی پێش بکەوێت**

**خواستی کورد بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان و تەبایی هەمیشە وای کردووە، کورد پێکهاتەیەکی سەرەکی بێت لە عێراق و لە پەرلەمان و سەرجەم حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی نوێ**


# خوێندنەوەیەک بۆ دۆخی کەرتی بانکی لە عێراق و هەرێمی کوردستان

## کەرتی بانکی لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی سەردەمدا ناگونجێت

کەرتی بانکی لە عێراقدا بە هەردوو جۆری (ئەهلی و حکوومی)یەوە، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تووشی کۆمەڵێك گرفت و کێشەی قووڵی تەکنیکی و ڕێکخراوەیی و پەیکەری بووە، بە شێوەیەك بە هیچ جۆرێك لەگەڵ پێشکەوتن و پەرەپێدانەکانی بانکی و نەختینەیی جیهاندا ناگونجێت، کەرتێکە لایەنی شارەزایی کزە و مامەڵەکردنی بە شێوازی تەکنەلۆژیا و ئەلەکترۆنی و کرداری زیاتر لە ٤٠ ساڵە لاوازە، ئەمەش وای کردووە، سیستمی بانك لە عێراق و بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لەگەڵ ئامانجە سەرەکییەکانی بانکدا نەگونجێن.

لە جیهانی سەردەمدا بانك بە کۆڵەگەی ڕاگرتنی گەشەی ئابووری و سەقامگیریی دراو و نەختینەیی و بەگەڕخستنی وەبەرهێنان دادەنرێت، لە سیستمە پێشکەوتووەکانی کەرتی بانکیی جیهاندا، بانکەکان ڕوویان لە ئاڵوێری ئەلەکترۆنی و شێوازی پێشکەوتنی قەرزدان کردووە، کەچی لێرە نەك بانکەکان، تەنانەت لای بەکاربەران و مامەڵەکارانیشەوە متمانەیان لەدەست داوە، هەرچی هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەموو تەحەددییانەش هەیە، لە چەند هەوڵێکی شەرمنانە و نەزۆك زیاتر هەنگاوی کرداری و وەرچەرخان نییە. ئەوەتا بانکە حکوومییەکان لە تەواوی عێراقدا هێشتا بە شێوازی کاش و دراوی کاغەزی پێشتری ٤٠ ساڵ لەمەوبەر مامەڵە دەکەن، زۆر لەو بانکە ئەهلییانەش لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس کرانەوە و لەلایەن بانکی ناوەندیی عێراقەوە مۆڵەتیان پێ دراوە، نغرۆی گەندەڵی و خراپ بەڕێوەچوونی کەرتی بانکی و کاری نایاسایی و ئاودیوکردنی دۆلار بوون، ئەوانەی دیکەشیان بوونەتە تەنیا دووکانێك و لە قاسەکانیاندا پارەی کەڵەکەبووی تێدا پاشەکەوت کراوە، خۆ لە هەرێمی کوردستانیش دۆخەکە باشتر نییە، لێرەش خەڵکی بۆ وەرگرتنی مووچەکانیان بە کاش و بۆ هەندێك مامەڵە نەبێت بە ناچاری، هەرگیز ڕوو لە بانکەکان ناکەن. بەم شێوەیە بانك لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستانیش وەکو بەشێك لە سیستمی دارایی و نەختینەیی ئەم وڵاتە کە لەلایەن بانکی ناوەندییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك تەحەددا دەبێتەوە، هەرچەندە بەم شێوە بەڕێوەبردنە دواکەوتووە، هەرگیز ناتوانرێت بگاتە ئاستی پێشکەوتنەکانی کەرتی بانکیی ئەم سەردەمە، لە کاتێکدا بوونی سیولەی نەختینەیی و فەرمانبەری بانکیی زۆر و تا ڕاددەیەك سەربەخۆیی بانکی ناوەندی هەیە،

**کەرتی بانکی لە عێراقدا بە هەردوو جۆری (ئەهلی و حکوومی)یەوە، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تووشی کۆمەڵێک گرفت و کێشەی قووڵی تەکنیکی و ڕێکخراوەیی و پەیکەری بووە**



**د.هومام ئەلشەماع**

شارەزای دارایی و بانکی و ئوستادی پێشووی زانکۆی بەغدا/ ڕاوێژکاری بانکی

بۆ گوڵانی نووسیوە

بەڵام نەتوانراوە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم ئەم بنەمایانە بەگەڕ بخرێن و بانکەکان ببنە سەرچاوەی جووڵەی نەختینەیی و کۆنترۆڵکردنی دراو و دەرهێنانی پاشەکەوتە مردووەکانی ئەمبارکراو لەناو ماڵ و بانکەکان و، بەگەڕخستنیان لەناو بازاڕ و وەبەرهێناندا، کە هەندێك سەرچاوە بە ٤٠ تریلیۆن دیناری دادەنێن لە ئەسڵی ٨٠ تریلیۆن دیناری قەبارەی دراوی دینار. لێرەدا بە پوختی هەندێك لەو گرفت و کێشانە ئاماژە پێ دەکەم، کە بەو ماوە درێژە کەرتی بانکی لە عێراق و هەرێمی کوردستان گیرۆدەی بووە و نەیتوانیوە خۆی لێ دەرباز بکات:

- سەقامگیریی سیاسی و ئابووری:

سەقامگیریی سیاسی و ئابووری ڕەنگدانەوەی باشی لەسەر گەشەی کەرتی نەختینەیی و بانکی هەیە، بۆیە هەتا عێراق سەقامگیریی سیاسی و جێگیریی دۆخی دارایی و ئابووری بەخۆیەوە نەبینێت، هەنگاوە سەرەتاییەکانی گەشەی کەرتی بانکی دەست پێ ناکات، بۆیە دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە، چۆن کەرتی بانکی لە ململانێ و کێشمەکێشەکان و دەستێوەردانی سیاسی بەدوور بگیرێت، چونکە دوا جار کەرتی بانکی و پرۆسەی دارایی و پەرەپێدانی پیشەسازیی بانکی، پابەندە بە سەقامگیریی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی نێوخۆی عێراقەوە.

- نەبوونی متمانە :لە عێراقدا بۆ گەڕانەوەی متمانە بە سیستمی بانکی لە ناو خەڵکدا نائومێدیی زۆر هەیە، ئەم حاڵەتەش لە سەرەتای نەوەدەکانەوە دەستی پێ کرد و، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٣ و لە هەرێمی کوردستانیش لە مایەپووچبوونی بانکەکان ئەم نامتمانەییە دەستی پێکرد، هاووڵاتیانی کوردستان متمانەیان بە بانکی حکوومی لاواز بووە، لێرە و لەوێ هەوڵێك هەیە، بۆ ئەوەی متمانە بگەڕێنرێتەوە لە ڕێگەی ئەوەی مامەڵەکردن بە کاش کەم بکرێتەوە، هەروەها پارە بۆ قەرزدان بدرێت و خزمەتگوزارییە بانکییەکان فراوانتر بکرێن، تا متمانە نەگەڕێندرێتەوە، ناتوانرێت پارەیەکی زۆری پاشەکەوتکراو ڕابکێشرێتەوە ناو بانکەکان و لە پرۆسەی قەرزدان و وەبەرهێناندا سوودی لێ وەربگیرێت، گرنگە ئەو پارە زۆرەی لە ناو ماڵەکان، یان لە بانکە حکوومییەکاندا کەڵەکە بووە، دەربهێنرێت و بۆ پاڵپشتیی قەرزی بچووك و پرۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی و عەقارات بەکار بهێنرێت و، لە بەرانبەردا خاوەنەکانیش لێی سوودمەند بن و بە پاشەکەوتێکی مردوو نەهێڵدرێتەوە.

**زۆر لەو بانکە ئەهلییانەش لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس کرانەوە و لەلایەن بانکی ناوەندیی عێراقەوە مۆڵەتیان پێ دراوە، نغرۆی گەندەڵی و خراپ بەڕێوەچوونی کەرتی بانکی و کاری نایاسایی و ئاودیوکردنی دۆلار بوون**

**هەرێمی کوردستانیش دۆخەکە باشتر نییە، لێرەش خەڵکی بۆ وەرگرتنی مووچەکانیان بە کاش و بۆ هەندێک مامەڵە نەبێت بە ناچاری، هەرگیز روو لە بانکەکان ناکەن**

**هەتا عێراق سەقامگیریی سیاسی و جێگیری دۆخی دارایی و ئابووری بەخۆیەوە نەبینێت، هەنگاوە سەرەتاییەکانی گەشەی کەرتی بانکی دەست پێ ناکات**

**٩٠٪ی عێراقییەکان پارەکانیان تەنیا دەچێتە بانکە حکومییەکان و لەوێشەوە نازانن و ناتوانن بە شێوازێکی سەردەمییانە و زانستییانە مامەڵە لەگەڵ ئەو پارە کەڵەبووانەدا بکرێت و لەوەبەرهێناندا بەگەڕبخرێتەوە**

**گۆڕانکاری بەرەو خزمەتگوزاریی ئەلەکترۆنی و ئاڵوویری ئەلەکترۆنی ٩٠٪ی کێشەکانمان لە دەزگا و دامەزراوە بانکییەکاندا چارەسەر دەکات**

ئەوەتا ٩٠٪ی عێراقییەکان پارەکانیان تەنیا دەچێتە بانکە حکومییەکان و لەوێشەوە نازانن و ناتوانن بە شێوازێکی سەردەمییانە و زانستییانە مامەڵە لەگەڵ ئەو پارە کەڵەبووانەدا بکرێت و لەوەبەرهێناندا بەگەڕبخرێتەوە، بە گشتی گرنگە پەیوەندیی نێوان کەرتی بانکی و کەرتی تایبەت ڕێك بخرێتەوە.

● کەرتی بانکی ڕێکخراو نییە: کەرتی بانکی لە هەرێمی کوردستاندا ڕێکخراو و یەکپارچە نییە، واتا نەتوانراوە بە شێوەیەکی بەهێز سەرجەم بانکە ئەهلییەکان بخرێنە ژێر پرۆسەی چاودێری و بەدواداچوونی بانکی ناوەندییەوە.

● کۆمەڵگەی عێراقی و کوردستانی کۆمەڵگەیەکی بەکارهێنانی کاشی نەختینەیین، واتا لە ڕووی پەروەردەیی و هوشیاری و شارەزاییەوە لە بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی دیجیتاڵی و ئەلەکترۆنیدا لاوازە، تەنانەت زۆر لە هاووڵاتیان فێری مامەڵەکردن بە بیتاقەی ئەلەکترۆنی نین، لەلایەن کاسبکار و بازرگان و لە نێو مۆڵ و دووکانەکان و شوێنە گشتییەکان و تەنانەت دامەزراوەکانی حکومەتدا، مامەڵەکردن لەگەڵ ئامێری ئەلەکترۆنی کەمە.

● بنبڕکردنی گەندەڵی و نەهێشتنی تاوانی سپیکردنەوەی پارە: کاتێك گەندەڵی بە شێوەیەکی زۆر فراوان لە عێراقدا بڵاو بووەتەوە و زۆر لە میلیشیات و گرووپی چەکداری، بانکەکان بۆ مەرام و بەرژەوەندیی خۆیان بەکار دەهێنن، ئەو کات بانك لەبری ئەوەی بە شەفافییەت مامەڵەکانی بڵاو بکاتەوە و ببێتە هۆکارێك بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی، خۆی دەبێتە داردەستی کەس و لایەنە سیاسییە گەندەڵەکان و دواجار پرۆسەی چاکسازی و پەرەپێدانی کەرتی بانکی بە ئاراستەیەکی پێچەوانەدا دەچێت. من باش دەزانم ئەم هەنگاوە هەروا ئاسان نییە لە وڵاتێکدا کە بنبڕکردنی گەندەڵی تێکەڵ بە زۆر بواری سیاسی و ئابووری بووە و ناتوانرێت بە دارێکی سیحراوی و لە ماوەیەکی نزیکدا چارەسەر بکرێت.

● کەمیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و دیجیتاڵی خزمەتگوزاریی بانکی: بانکەکان بە شێوەیەکی گشتی بەراورد بە پێشکەوتنەکانی سەردەم و پێداویستییەکانی هاووڵاتیان زۆر دواکەوتوون، ئەوەتا لە شۆڕش و تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی زۆر گەورە دواکەوتوون، لە کاتێکدا لە هەموو بانکە پێشکەوتووەکانی جیهاندا هاووڵاتیان و مامەڵەکارانی بانکی، دەتوانن بە ئەلەکترۆنی کاروبارەکانی نەختینەیی بەڕێوە ببەن، کەچی لای ئێمە بەشێوەیەکی زۆر کەم و سنووردار دەتوانرێت سوود لەم زانست و تەکنەلۆژیا و زانیارییانە وەربگیرێت، بۆیە بانکەکان لای خۆمان کەمترین خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن. گرفتی سەرەکیی بەردەم چاکسازیی ئەم بوارە لەوەدایە لە سەرەتای پرۆسەکەدا تێچوونێکی زۆری دەوێت، تاوەکو ئەم خزمەتگوزارییە ئەلەکترۆنییانە لە ناو هەموو بانکەکاندا دەستەبەر دەبێت، بەڵام دواتر بە شێوەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر بەرهەمەکەی دەردەکەوێت، بە ڕادەیەك گۆڕانکاری بەرەو خزمەتگوزاریی ئەلەکترۆنی و ئاڵوویری ئەلەکترۆنی ٩٠٪ی کێشەکانمان لە دەزگا و دامەزراوە بانکییەکاندا چارەسەر دەکات.

● بانکی ناوەندیی عێراق هەوڵەکانی شەرمنانەیە و لەئاست خواست و پێداویستییەکان نییە: بانکی ناوەندیی فیدراڵیی عێراق لەم دواییانەدا هەندێك هەوڵی دەست پێکرد، بەتایبەتی لە بەشی ئیدارەی زانیاری و بۆ گرێدانی بانکەکان بە یەکترەوە و بەدواداچوون و چاودێریی ئەو بانکە ئەهلییانەی کەمتەرخەمن، وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە، لە ڕێگەی بانکی ناوەندییەوە ڕێگە لەوە بگرێت، کەرتی بانکی بۆ کاروباری گەندەڵی و سپیکردنەوەی پارە و ئاودیوکردنی دۆلار بەکار بهێنێت، بەڵام هێشتا ڕێژەی سەرکەوتنەکانی لەم بوارەدا نەگەیشتووەتە ئاستی خواست و پێوەرە جیهانییەکان، بۆیە لاوازیی بانکی ناوەندی ڕەنگدانەوەی لەسەر لاوازیی کەرتی بانکی بەگشتی هەیە و دواتر نەتوانراوە توانای بانکەکان بەرز بکرێنەوە. لە عێراقدا هەرچی بانکە ئەهلییەکانە لە ڕێگەی بانکی ناوەندییەوە مۆڵەتی کارکردنیان پێ دراوە، بۆیە دەبێت ئەو بانکە مەرج و ڕێنماییەکانی خۆی بسەپێنێت و چاودێری و بەدواداچوونی کاری بانکەکان بکات و هەمووان پێکەوە گرێ بداتەوە.

● لاوازیی کێبڕکێ لە نێوان بانکە ئەهلییەکاندا: بانکە ئەهلییەکان لە پێشکەشکردنی

خزمەتگوزارییەکانیاندا لاوازن و میکانیزمی خۆپاراستنیشیان لە مەترسیی سیستماتیکدا بەهێز نییە و ئەگەرەکانی شکستهاتنی بانکەکان بەرزە.

● پەیوەندییەکانی کەرتی بانکی لە عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ بانك و دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکاندا زۆر کەمن، ئەمەش وای کردووە، بانکەکانمان پابەندی پێوەر و مەرج و ڕێنماییە نێودەوڵەتییەکان نەبن.

● لاوازیی ئەدای فەرمانبەرانی بانکی و تەشەنەکردنی کاری بەرتیل و نایاسایی: ئەگەرچی ژمارەی فەرمانبەرانی کەرتی بانکی لە عێراق و کوردستان زۆرن، بەڵام بە هۆی خراپی و کۆنیی مامەڵەکردنی بانکییەوە، بەردەوام ئەدا و توانای بانکەکانمان لە ئاست چاوەڕوانییەکانی ئێمەدا نییە، تەنانەت کاری بەرتیل و دزی بە شێوەیەکی مەترسیدار لەناو زۆر لە بانکەکاندا بڵاو بووەتەوە، واتا خولەکانی مەشق و ڕاهێنان کە دەبێت بە شێوەی وەرزی و بەردەوام هەبێت، زۆرجار هەر نابینرێت، ئەمەیە پێی دەگوترێت کێشەی پەیکەری، بەوەی ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرانی بانکی هەیە، کەچی بە توانایەکی کەم و لاواز کار دەکەن.

● نەبوونی شێوازێکی پێشکەوتووی قەرزدان: یەکێك لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی کار و مامەڵەکانی بانکی بەگەڕخستنی ئەو پارە زۆرەی بانکە لەناو پرۆسەی وەبەرهێنان و قەرزداندا، بۆ نموونە لە عێراق و هەرێمی کوردستان کێشەی سیولەی نەختینەیی نییە، بەڵام نەتوانراوە ئەو پارە زۆرە لە کەرتی وەبەرهێنان بەکار بهێنرێت و جووڵەی نەختینەیی ئاسایی بکات و پارە هەڵگیراوەکان لە ماڵەوە دەربهێنرێت و لە ناو گەشەی ئابووری و پرۆژەکانی وەبەرهێناندا خەرج بکرێت.

بە شێوەیەکی گشتی بانکەکان هیچ هەوڵ و ماندوبوونێکیان نییە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەم تەحەددییانە و چەندین تەحەددیی دیکە ببنەوە، ئەوان مامەڵەیەکی تەندروست نە لەگەڵ کەرتی تایبەت دەکەن، نە لەگەڵ مامەڵەکارانیان، بەشداریی پرۆسەی وەبەرهێنان ناکەن و خزمەتگوزارییەکانیان زۆر کز و لاوازە، هاووڵاتی مافی خۆیەتی متمانە بەو دامەزراوە لاوازانە نەکات، کە بەئاشکرا دەستتێوەردانی تێدا دەکرێت و لە هەموو کاتێکدا ئەگەری مایەپووچبوونی لێ دەکرێت. باشە ئەگەر خزمەتگوزاریت لاواز بێت و زۆر لە خزمەتگوزارییە سەردەمییەکانت نەبێت، ئیتر بۆچی تۆی هاووڵاتی متمانە بەو بانکە بکەیت و مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت؟ شارەزاییانی بانکی باش ئەو ڕاستییە دەزانن کە هەر چاکسازییەك لە کەرتی بانکیدا پێویستە لە ڕێگەی بانکی ناوەندیی عێراقەوە بێت، نەوەکو لە ڕێگەی ئیجرائاتی حکوومی، کە بە دەستتێوەردان لەکاری بانکی دادەنرێت. ئەم بانکە ناوەندییە لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەندێك هەوڵی هەبووە بۆ ئەوەی کێشەی سیولە چارەسەر بکات و چاودێری و بەدواداچوونی کاری بانکە ئەهلییەکان بکات، بەڵام هێشتا لە ئاست چاوەڕوانی و تەکامول و پەرەپێدانی بانکەکاندا نییە، تۆ سەیری بانکە حکوومییەکان بکە کە تاکو ئێستا بە شێوازی دەستی کار دەکەن. سەبارەت بە هەژماری بانکییش کە لەم دواییەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی بۆ نا، ئەم هەژمارە گرنگە تا دێت پێداویستییەکانی هەژماری من زیاتر دەبێت و ژیان و ئابووری و پێداویستییەکان ئاڵۆز و زیاتر دەبن، بۆیە ئەمە هەنگاوێکی گرنگە، بەڵام هێشتا ئەو تەحەددییانەی ئاماژەمان پێ دا، ڕێگرە لە بەردەم فراوانبوونی ئەم پرۆسەیەدا، هاوکات پێویستە ئامێری ڕاکێشانی پارەی کاش ATM لە شوێنە گشتییەکان و بانکەکان و مۆڵ و دووکانەکاندا زیاد بکرێت و لە ڕێگەی هەڵمەتی هوشیارییەوە ڕێکلام بۆ چۆنیەتیی کارکردن و پاراستنی ژمارەی نهێنیی کارتەکە و کارئاسانی بۆ بەکاربەرانی بکرێت و خزمەتگوزارییە بانکییەکان زیاتر بکرێن.

لە کۆتاجاردا کەرتی بانکی لە بری ئەوەی خۆی گیرۆدەی گرفت و کێشە بێت، دەتوانێت ببێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ بونیادنانی ئابووری و سەقامگیریی دراو، چونکە کاتێك پارە دەگەڕێتەوە ناو ئابووری و لە جووڵەی نەختینەییدا سوودی لێ وەردەگیرێت، سەرکەوتوو دەبین بەسەر ئاڵۆزی و ناسەقامگیریی بواری نەختینەیی و کاشدا.

**له عێراقدا هەرچی بانکە ئەهلییەکانە لە ڕێگەی بانکی ناوەندییەوە مۆڵەتی کارکردنیان پێ دراوە، بۆیە دەبێت ئەو بانکە مەرج و ڕێنماییەکانی خۆی بسەپێنێت و چاودێری و بەدواداچوونی کاری بانکەکان بکات و هەمووان پێکەوە گرێ بداتەوە**

**بانکە ئەهلییەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیاندا لاوازن و میکانیزمی خۆپاراستنیشیان لە مەترسیی سیستماتیکدا بەهێز نییە و ئەگەرەکانی شکستهاتنی بانکەکان بەرزە**

**پەیوەندییەکانی کەرتی بانکی لە عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ بانك و دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکاندا زۆر کەمن، ئەمەش وای کردووە، بانکەکانمان پابەندی پێوەر و مەرج و ڕێنماییە نێودەوڵەتییەکان نەبن**

**بەردەوام ئەدا و توانای بانکەکانمان لە ئاست چاوەڕوانییەکانی ئێمەدا نییە، تەنانەت کاری بەرتیل و دزی بە شێوەیەکی مەترسیدار لەناو زۆر لە بانکەکاندا بڵاو بووەتەوە**

# گوتاری ڕق و کینە و کەلتووری گۆشەگیرکردن

**گوتاری ڕق و کینە لە دەوڵەتە تۆتالیتارییەکان و دەوڵەتانی نیمچە لیبراڵدا بووەتە کەلتوورێکی گۆشەگیرکردن، جا ئەم گوتارە سیاسی بێت، یان کۆمەڵایەتی، یان ئایینی، چونکە هەموویان لەسەر یەک بنەمان، کە ئەویش دادنانان بە ڕای بەرانبەر ڕەت دەکەنەوە**

**توندترین و دژوارترین جۆری گۆشەگیرکردن، گۆشەگیرکردنی سیاسییە، یان هەوڵدانە بۆ ڕیشەکێشکردنی نەیارانی سیاسی و لەناوبردنیان بە فیکر، یان هەندێ جاریش بە جەستە**

**توێژینەوەکانی سۆسیۆلۆجی سەلماندوویانە کە ئەو ڕژێمانەی حوکمڕان و ستەمکارن، هەمیشە ڕووبەڕووی بزاڤی سیاسیی میللی دژبەر دەبنەوە**

گوتاری ڕق و کینە بریتییە لە گوتارێکی جیاوازی لایەنگر و نابووردە و گاڵتەئامێز لە هەمبەر کەسێك، یان گرووپێکی ئایینی، یان نەتەوەیی، یان ئیتنی، یان مەزهەبی، یانیش بە هۆی ڕەگەز، یان ڕەنگ، یان بیروباوەڕێکی فیکری، یان سیاسی.

لە ڕاستیدا گوتاری ڕق و کینە بریتییە لە نکۆڵیکردنی سەرتاسەریی هەموو بەهایەکی لێبووردەیی و پێکەوەیی کۆمەڵایەتی و فرەچەشنیی فیکری، ئەو ڕق و کینەیە خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی کەلتووری و مۆراڵی و هەڕەشە بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی دونیادا.

زۆر جار گوتاری ڕق و کینە لە هەستکردن بە ستەم و مەینەتی و گیرۆدەیی هەژاری و جیاکاریی چینایەتی، یان لە نەبوونی دادپەروەری و تەشەنەکردنی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی و ملکەچبوون بۆ دەسەڵات و چەوسانەوە و سەرکوتکردنی بیروبۆچوون و پەڕگیری و توندوتیژییەوە سەرهەڵدەدات.

گوتاری ڕق و کینە لە دەوڵەتە تۆتالیتارییەکان و دەوڵەتانی نیمچە لیبراڵدا بووەتە کەلتوورێکی گۆشەگیرکردن، جا ئەم گوتارە سیاسی بێت، یان کۆمەڵایەتی، یان ئایینی، چونکە هەموویان لەسەر یەك بنەمان، کە ئەویش دادنانان بە ڕای بەرانبەر ڕەت دەکەنەوە، مافیشیان پێ نادەن لە ڕووی جیاوازیی فیکر و بیروباوەڕ، یان دیدگای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، کە گوتاری ڕق و کینە دژبەرە بە زۆر خەسڵەتی وەك دەمارگیری و گۆشەگیرکردن بۆ شێواندنی کەسایەتیی مرۆیی لایەنی بەرانبەرە.

مەبەست لە کەلتووری گۆشەگیرکردن ڕێگەگرتنە لە چەند توێژێکی کۆمەڵگە کە ژیانی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یان ئابووریی خۆیان پیادە بکەن، بە هۆی ئینتیمای نەتەوەیی، یان ئیتنی، یان ئایینی، یان بە هۆی ڕەنگ و ڕەگەزەوە.

بێگومان توندترین و دژوارترین جۆری گۆشەگیرکردن، گۆشەگیرکردنی سیاسییە، یان هەوڵدانە بۆ ڕیشەکێشکردنی نەیارانی سیاسی و لەناوبردنیان بە فیکر، یان هەندێ جاریش بە جەستە، بۆ ئەوەی بەشداری لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نەکەن. گۆشەگیرکردنی سیاسی ڕەفتاری ڕژێمی حوکمڕان بەرجەستە دەکات، کە مافی ئۆپۆزسیۆن ڕەت دەکاتەوە، کە خاوەنی مافەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆی بێت، چونکە ئەو ڕژێمە بۆ بەرژەوەندیی تاقمێکی دەسەڵاتدار کاردەکات و هەموو ڕایەکی ئۆپۆزسیۆن ڕەت دەکاتەوە و تەخوینی دەکات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕایەڵەکانی کۆمەڵایەتی و هاتنە کایەی بۆشایی لە نێوان دەسەڵاتداری حوکمڕان و تێکڕای میللەتدا، دواجار دەبێتە هۆی پەیدابوون و هاتنە ئارای ڕق و کینە و دەمارگیری و ڕەتکردنەوەی ڕژێمی حوکمڕان و نەبوونی ئاسایش و سەقامگیریی.

توێژینەوەکانی سۆسیۆلۆجی سەلماندوویانە کە ئەو ڕژێمانەی حوکمڕان و ستەمکارن، هەمیشە ڕووبەڕووی بزاڤی سیاسیی میللی دژبەر دەبنەوە، چونکە تاکڕەویی دەسەڵات لە حوکمڕانیدا و سووکایەتیکردن بە توانای میللەت، هاوکات زیندانیکردنی نەیاران لە بەندیخانە و زیندانەکاندا، واتا سەرهەڵدانی دۆخێکی دژبەر کە کاردەکات بۆ ڕزگاربوون لە سەرکوتکاری و ستەم.

گوتاری ڕق و کینە چەندین تاوانی قێزەوەنی دژ بە مرۆڤایەتی بەدوای خۆیدا هێناوە، بەتایبەتی لەم چەند دەیەی دواییدا، بگرە هەر لە تاوانەکانی تایبەت بە هەڵمەتەکانی قڕکردن و جینۆسایدی کورد لە کوردستانی عێراق و کیمیابارانەکەی هەڵەبجە و هەڵمەتەکانی ئەنفال و لەناوبردنی بارزانییەکان و ئێزدییەکان، جگە لە زۆر لە جەنگەکانی جیهان وەك: جەنگی ڤێتنام و ئەفغانستان، هەروەها ئەو کارەساتەی کە لە ڕواندا و بۆسنە و کەمبۆدیا و باشووری سوودان و.. تاد ڕووی دا.

جا لەو ڕوانگەیەوە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەستی پێ کردووە، بەوەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی



**پ. د.کامەران ساڵحی**
شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ
بۆ گوڵانی نووسیوە

پێویستی بە هۆشیارییەکی مەعریفی و یاسایی هەیە لەسەر مافەکانی تاك لە یەکسانی و دادپەروەریدا، کە هەموو مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئابوورییەکانی هەبێت، دەبینین کە چەندین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی دەرکردووە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت مافەکانی خۆی پیادە بکات، هەروەها گوتاری ڕق و کینە سەرکۆنە بکات و بە تاوانی بزانێت، لەبەر ئەوە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەر دوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی، هەروەها کۆمەڵێك بڕیار و یاسا و ڕێسای دەرکرد، تایبەت بە پاراستنی ئافرەت و منداڵ و چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دیل و بریندار و پەناخوازان.

دیارە هەندێ ڕژێمی ستەمکار هەوڵ دەدەن وێنەی خۆیان لەپێش ڕای گشتیی جیهان بە جوانی بخەنە ڕوو، لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ لە ئەندامانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیوایان لەسەر هەڵچنیون، بەڵام گەلانی ژێر دەسەڵاتی ئەم ڕژێمانە تا ئێستاش هەر بە دەست مەینەتی و هەژاری و بێبەشکردن لە مافەکانیان دەناڵێنن، ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی بزاڤگەلێکی دژبەر کە پشت بە دەمارگیریی مەزهەبی، یان ئایینی، یان ئیتنی دەبەستن، بەو واتایەی ئەم کۆمەڵگەیانە لە بازنەیەکی بۆشی ترس و ڕق و کینە و گۆشەگیرکردن و نەبوونی ئاسایش و سەقامگیریدا دەخولێنەوە.

لەبەر بڵاوبوونەوەی خێرای گوتاری ڕق و کینە و فراوانبوونی سیاسەتی گۆشەگیرکردن، کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پەنای بردە بەر دەرکردنی بڕیارێك لە تەمموزی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بەوەی کە پێویستە گفتوگۆ و دیالۆگ زیاتر بەهێز بکرێت لە نێوان ئایینەکان و کەلتوورە فرەچەشنەکان و، بڵاوبوونەوەی کەلتووری لێبووردەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕق و کینە، لە بڕیارەکەدا داوا لە هەموو دەوڵەت و ڕێکخراوە مرۆییەکان کراوە، هەوڵی تەواو بدەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی ڕق و کینە و کەلتووری گۆشەگیرکردن، هەروەها گرتنەبەری ستراتیژیەتێکی مرۆیی بۆ چارەسەرکردن و بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڕق و کینە، بەرپاکردنی لێبووردەیی و هاریکاری و دادپەروەری و یەکسانی.

تا ئێستا هەندێ ڕژێمی تۆتالیتاری پەنا بۆ پاساوگەلێك دەبەن بۆ بەرهەڵستیکردنی ئازادیی بیروڕا، بە بیانووی ئەوەی کە کەناڵێکی بڵاوبوونەوەی ڕق و کینەیە لە نێو کۆمەڵگەدا، بەڵام ئەم بیانوو و پاساوانە بەسەر کەسدا تێناپەڕێت، چونکە ئازادیی ڕادەربڕین واتا ڕێگەدان بە خەڵك تا بە ڕێگەیەکی ئاسان گفتوگۆ لەسەر بیروباوەڕ و بۆچوون و فیکریان بکەن، لەگەڵ ڕێزگرتنی بیروبۆچوونی بەرانبەر، بەڵام گوتاری ڕق و کینە بریتییە لە هاندان بۆ ئازارگەیاندن بە کەسانی دیکە، یان گرتنەبەری کاری توندوتیژی دژی ئەو کەسانە، هەروەها ئازادیی ڕادەربڕین واتا پابەندبوون بە بەهاکانی ژیان و مۆراڵ لە کۆمەڵگەدا، لە کاتێکدا گوتاری ڕق و کینە واتا سووکایەتیکردن بە بەرهەڵستکار و نەیاران، هەروەها پشتگیریکردن لە هەموو کردەوەیەکی ڕەگەزپەرستی و تایفەگەری، دواجار بڵاوکردنەوەی هەستی دوژمنکاری لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، تا دەگاتە ئاستی ئەنجامدانی تاوان، لەوانەش تاوانەکانی جینۆساید و دژە مرۆڤایەتی.


پێویستە دووپاتی بکەینەوە کە تا چەند پەیوەندیی دیالیکتیکی هەیە لە نێوان دیموکراسی و بنیادنانی کۆمەڵگەی دادپەروەری و یەکسانیدا، چونکە بە تەنیا دیموکراسی دەبێتە دەستەبەر بۆ مرۆڤ تاکو مافەکانی خۆی پیادە بکات، دواجار وتاری ڕق و کینە و گۆشەگیرکردن لە سیستمە دیموکراسییەکاندا جێگەی نابێتەوە، بە پێچەوانەی ڕژێمە ستەمکار و تاکڕەوەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە ململانێی توندی سیاسی و سەربازییان تێدایە، چونکە گوتاری ئەم سیستمانە بە لای گۆشەگیرکردن و سەرکوتکردن و خەفەکردنی ئازادییەکاندایە، جگە لە هەموو جۆرێکی ڕق و کینە.

**تا ئێستا هەندێ ڕژێمی تۆتالیتاری پەنا بۆ پاساوگەلێک دەبەن بۆ بەرهەڵستیکردنی ئازادیی بیرورا، بە بیانووی ئەوەی کە کەناڵێکی بڵاوبوونەوەی ڕق و کینەیە لە نێو کۆمەڵگەدا**

**ئازادیی ڕادەربڕین واتا ڕێگەدان بە خەڵک تا بە ڕێگەیەکی ئاسان گفتوگۆ لەسەر بیروباوەڕ و بۆچوون و فیکریان بکەن، لەگەڵ ڕێزگرتنی بیروبۆچوونی بەرانبەر**

**ئازادیی ڕادەربڕین واتا پابەندبوون بە بەهاکانی ژیان و مۆراڵ لە کۆمەڵگەدا، لە کاتێکدا گوتاری ڕق و کینە واتا سووکایەتیکردن بە بەرهەڵستکار و نەیاران**

# هەندێک لە کێشەکانی کۆنگرەی گۆڕانی کەشوهەوا (کۆپ٢٨)



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

کۆبوونەوەی ئەمساڵی لایەنەکان لە دوبەی، لەبارەی گۆڕانی کەشوهەواوە کە ڕۆژی (١٣)ی دیسەمبەری (٢٠٢٣) بە دەرچوواندنی بەیاننامەیەکی (٢١) لاپەڕەیی، کۆتایی بە کارەکانی هێنا، وێڕای سەرکەوتنی لە چەند ڕوویەکەوە، بێ گرفتیش نەبوو لە زۆر ڕووی دیکەوە، لەوانەش:

١- ئامادەنەبوونی سەرۆکی ئەمریکا و سەرۆکی چین، کە هەردوو وڵات بەرپرسیارن لە بەرهەمهێنانی نزیکەی ٥٠٪ی بڕی دەرهاویشتە و گازە گەرمکارەکان لە جیهاندا.

٢- کارکردن بە چەمکی دەبڵ ستاندارد، وەك ئەوەی (لۆلا داسیلڤا)ی سەرۆکی بەرازیل گوتی: «وڵاتانی دەوڵەمەند پارە نادەن بە وڵاتانی زیانلێکەوتوو، بەڵام پارەیان هەیە، بۆ بەڕێوەبردنی چەندین جەنگی هەڵگیرساو لە جیهاندا».

٣- هەندێك لە ڕووداوە سیاسییەکان کاریگەرییان هەبوو لەسەر لادانی سەرنج لەسەر کۆنگرەکە، وەك شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس و کشانەوە لە کۆنگرە، وەك کشانەوەی شاندی ئێران بە هۆی بەشداربوونی ئیسرائیل لە کۆنگرەگەدا.

٤- دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی سەرەکیی کۆنگرە، بە هۆی ئەو هەواڵەی (بی بی سی)ی بەریتانیا بڵاوی کردەوە کە (سوڵتان جابر)ی سەرۆکی کۆنگرەی (کۆپ٢٨) کە لە هەمان کاتیشدا سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای نەوتی ئیماراتی (ئەدنۆك)ە، ڕێککەوتننامەی لەبارەی نەوت و غازەوە مۆرکردووە، پێش دەستپێکردنی کۆنگرەکە، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە ئیمارات ئەم هەواڵەی ڕەت نەکردەوە، بەڵکو لە وەڵامدا گوتی: «کۆبوونەوەی تایبەت کۆبوونەوەی تایبەتە».

٥- نارەزایەتیی (جیم سکییا)ی سەرۆکی دەستەی حکوومیی نێودەوڵەتی و بەرپرسی بەرنامەی کەشوهەوا، کە داوای بەستنی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لە (سوڵتان جابر) کرد، لە بارەی ئەو تۆمارە دەنگییەی کە (سوڵتان جابر) تیایدا دەڵێت: «هیچ توێژینەوەیەکی زانستی نییە، بیسەلمێنێت وازهێنان لە سووتەمەنیی بەردین وادەکات




بگەینە (١,٥) پلەی سەدی. ئەگەر هەموومان واز لە بەکارهێنانی سووتەمەنیی بەردین بهێنین، مانای وایە دەگەڕێینەوە سەردەمی ژیان لە ئەشکەوتەکاندا».

٦- نارەزایەتیی دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت بەرانبەر ڕاستەوخۆ باسکردنی دەستبەرداربوون لە سووتەمەنیی بەردینی لە بڕیارە کۆتاییەکاندا.

٧- نارەزایەتیی کیشوەری ئەفریقا وەك (ویلیام ڕۆتۆ)ی سەرۆکی کینیا گوتی: «ڕێژەی گشت وڵاتە ئەفریقییەکان پێکەوە لە دەرهاویشتنی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن ناگاتە ٣٪ی کۆی دەرهاویشتەی هەمووان».

هەروەها وەك ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە نوێبووەکان گوتی: «ڕێژەی گشت وڵاتە ئەفریقییەکان پێکەوە لە بواری وزە نوێبووەکاندا لە ماوەی (٩) ساڵی ڕابردوودا نەگەیشتووەتە ٢٪».

٨- ناتەبایی نێوان زانایان و سیاسییەکان، کاتێك دەگوترا چارەسەر لای زانایانە، بەڵام بڕیار لای سیاسییەکانە.

٩- وروژاندنی پرسیار لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و شارەزایانی ژینگەییەوە، وەك ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە:

- ئەگەر گۆڕانی کەشوهەوا هەڕەشەیە لەسەر ئاسایش و ئاشتیی جیهان بۆچی لە ئەنجومەنی ئاسایش باس لەم مەترسییە ناکرێت؟ بۆچی بڕیاری (کۆپەکان) پابەندکار نین؟
- بۆچی دادپەروەری لە بەرپرسیارێتیدا نییە؟ بۆچی سزا و پاداشت نییە؟
- بۆچی ئەو حزبانە هەڵبژاردنەکان دەبەنەوە کە بایەخپێدانیان بە گۆڕانی کەشوهەوا کەمە؟

١٠- وروژاندنی پرسیار لەلایەن دەوڵەتانی زیانلێکەوتووەوە، وەك ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە:

- کێ سندووقی زیانەکان بەڕێوە دەبات؟ دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان، یان ئەو بانکانەی فەرمان لەوانەوە وەردەگرن؟
- کێ ئەو دەوڵەتانە دیاری دەکات کە شایانی وەرگرتنی یارمەتین لە سندووقەکە؟
- ئایا یارمەتییە داراییەکە قەرزە، یان بەخشینە، یان ئەنجامدانی پرۆژەیە؟

ئەگەر پرۆژەیە، کێ جۆری پرۆژەکان دیار دەکات؟



## دکتۆر مەلا ئەنەس دۆسکی

**شارەزا و پسپۆڕ لە مێژووی مەزهەبەکانی ئیسلام بۆ گوڵان:**

# ئیسلام بەسەر سیاسەت و عیبادەت دابەش ناکرێت و، هەموو کایەکانی ژیان لەخۆدەگرێت

# ئیسلام ئایینی بەزەییە و دوورە لە توندوتیژی و ئاژاوەگێڕی

لە دوای خەلافەتی ئیسلامی، ئیخوانەکان لە میسر ئیسلامیان دابەشی ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی عیبادەت کرد، دابەشکردنی ئیسلام و بەسیاسیکردنی ئیسلام مەترسیی توندوتیژی لێ کەوتەوە، بەوەی هەر کەسێك لەلای خۆیەوە دوور لە یاسا و شەریعەتەوە فەتوا بدات، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر مەلا ئەنەس دۆسکی شارەزا و پسپۆڕ لە مێژووی مەزهەبەکانی ئیسلام ئەنجام دا. لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.

* لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە میسر دامەزرا، بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش بێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی تا چەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟

- ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی کە درێژەپێدەری خەلافەت بووە و هەر لە خەلافەتی ڕاشیدین و ئەمەویی و عەباسییەت، میراتگری ئەو کەلتوور و شارستانی و مێژووە بووە و لەسەر دەستی دەوڵەتی عوسمانییش کۆتایی هات، ئەو کۆتایی هاتنەش شوێنەواری زۆر نێگەتیڤی لەسەر کۆمەڵگەی موسڵمان هەبووە، چونکە دوای خەلافەتی ئیسلامی، خاکی موسڵمانان هاتە داگیرکردن لەلایەن دەوڵەتی زلهێزی ناموسڵمانی ڕۆژئاوا و هەندێ دەوڵەت دروست کران کە لەسەر بنەمای خەلافەت و بیروباوەڕی موسڵمانان نەبوون، ئەو دەوڵەتانەی لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکاریش لەسەر خاك و دەوڵەتی موسڵمانان دروست کران، بەپێی ئەو سیستەم و کاروبارانەی بەڕێوەدەبردران بە گوێرەی موسڵمانان وەك لاشەیەکی غەریب و نامۆ بوون لەسەر مێژوو و شارستانیەتی ئیسلامدا، بۆیە زۆر نۆڕماڵە کە هەندێ موسڵمان ئەو خەلافەتەی ئیسلامە کە هەبووە، بیگەڕێننەوە، ئەوە بوو زۆر حزب و دەستە و جووڵانەوە و بزاف هەبوون بۆ گێڕانەوەی دووبارەی خەلافەتی ئیسلامی، بۆ نموونە شێخ سەعیدی پیران شەڕی ئەو لەگەڵ دەوڵەتی تورك بەتایبەت لەگەڵ ئەتاتورك لەسەر بنەما و مەرجی ئەوە بووە کە خەلافەتی ئیسلامی بگەڕێتەوە و ئەو هەست و هەوڵەش لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا هەبووە. بۆیە من پێم وانییە ئیسلام دابەشی سەر ئیسلامی سیاسی و عیبادەت بکرێت، بەڵکو ئیسلام یەك پاکێجە و ئیسلام لە کاتی پێغەمبەر(د.خ) هاتووە و تا دنیاش دەڕووخێت، ئیسلام دین و مەنهەجی ژیانە و هەموو شت و کار و بوارێك لەخۆ دەگرێت.

> **ئیسلام یەک پاکێجە و ئیسلام لە کاتی پێغەمبەر(د.خ) هاتووە و تا دنیاش دەڕووخێت، ئیسلام دین و مەنهەجی ژیانە و هەموو شت و کار و بوارێک لەخۆ دەگرێت**

سیاسەت و دەوڵەتداری و کاروباری کۆمەڵایەتی و هەموو شتێك لە ئیسلامدا هەیە و هەر کێشە و گرفت و تەنگوچەڵەمەیەك لە کۆمەڵگەدا دروست بێت، ئەوە چارەسەر و هۆکارەکانی لە ئیسلامدا هەیە. هەر بۆیە ئەو بزووتنەوانەی لەلای گەلانی موسڵمانان دروست بوون وەك ئیخوان موسلیمین و هی دیکەش وەك تەنزیم، بۆ ئەوە بووە کە خەلافەت بگەڕێننەوە، بەڵام بیر و هزری دابەشکردنی ئیسلام بەسەر سیاسەت و عیبادەت ئەوە هەڵەیە و نابێت، چونکە ئیسلام مەنهەجی ژیانە.

> **ئەگەر سەیری قورئانی پیرۆز بکەین، دەبینین زیاتر لە دوو سەد جار وشەی (قوم)ی تێدا هاتووە**

**پێغەمبەر (د.خ)، ڕەگەزپەرستی لە نەتەوایەتی، بە کارێکی خراپ و پیس داناوە، چونکە لە ئیسلامدا هەموو ئەوانەی باوەڕدارن (موئمین) برای یەکترن**

**نەتەوایەتی لە ئیسلامدا پەسند کراوە و هەق و مافی هەموو کەسێکە کە ڕێز لە نەتەوەکەی خۆی و پاراستنی بگرێت**

**بەزیی لە دەستوور و مەنهەجی خوادایە، ئەو بەزەییەی کە لەلای خواوە هاتووە بۆ دار و درەخت و سرووشت و ژینگە و باڵندە و ئاژەڵ و بۆ هەموو کەس و میللەتێکە**

**پێغەمبەر (د.خ) ددانی بە کەلتوور و شارستانیەتی نەتەوەی دیکەشدا وەک کورد داناوە و ڕێزی لێ گرتووە، نەک تەعریبکردن**

*** بەپێی ئەم مێژووەی ئیخوان موسلمین، ئەوە دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسیی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات، پیرۆزییەکانی نەتەوە بێ بەها دەکەن، لێرەش لە کوردستان دەبینین کە لەو مەدەرەسانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتی دەکەن، پرۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە، ئایا سڕینەوەی ئینیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- بابەتی نەتەوایەتی لە ئیسلامدا شوێنێکی زۆر گەورەی هەیە، ئەگەر سەیری قورئانی پیرۆز بکەین، دەبینین خوای گەورە دەفەرموێت «وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ»، واتە جیاوازیی نێوان زەوی و ئاسمان چەند زۆرە و ئەو هەموو ئەستێرە و پێکهاتەی دیکەی لەخۆ گرتووە کە بە پێوانە حیسابی بۆ بکەیت، ژمارەیەکی یەکجار گەورەیە، بە قەد ئەو ماوەیە خوای میهرەبان حیسابی بۆ نەتەوایەتی کردووە، هەروەها لە ئایەتێکی دیکەی پیرۆزدا لەسەر جیاوازیی نێوان زماندا، ئەوە کوردە، ئەوە عەرەبە، ئەوە فارسە و...تاد، ئەوەش کراوەتە ئایەتێك لەسەر توانا و هێزی خوای گەورە و هەموو مرۆڤ کوڕی ئادەمن، ئەگەرچی یەکێك ڕەشە، یەکێك سپییە و یەکێك سوورە و یەکێك زەردە، هاوکات هەر یەکێ بە زمانی یابانی، چینی، ئینگلیزی، کوردی، عەرەبی و.. تاد قسە دەکەن. هەموو ئەو جیاوازییانە بوونە بەڵگە لەسەر بوون و هێزو توانای مەزنی خوای گەورە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر سەیری قورئانی پیرۆز بکەین، دەبینین زیاتر لە دوو سەد جار وشەی (قوم)ی تێدا هاتووە و پێنج جار لە ئاسمانەوە بۆ پێغەمبەر (د.خ) وشەی (یاقومي) لە قورئاندا هاتووە، بۆیە ئەو دووبارەبوونەوەیە تەئکید لەسەر بەڵگەی ئەوەیە کە لە ئیسلامدا ددانی بە نەتەوایەتی داناوە، جگە لەوەش گرنگییش بە نەتەوایەتی دراوە، بەتایبەت لە کاتێکدا تایبەتمەندی و بنچینە و بنەماکانی نەتەوایەتی بپارێزرێت، بەڵام کاری ناڕەوا لە نەتەوایەتیدا ڕەگەزپەرستییە و لەم بارەیەوە پێغەمبەر (د.خ)، ڕەگەزپەرستی لە نەتەوایەتی، بە کارێکی خراپ و پیس داناوە، چونکە لە ئیسلامدا هەموو ئەوانەی باوەڕدارن (موئمین) برای یەکترن و خوای گەورە دەفەرموێت «وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ»، بەڵام نەتەوایەتی لە ئیسلامدا پەسند کراوە و هەق و مافی هەموو کەسێکە کە ڕێز لە نەتەوەکەی خۆی و پاراستنی بگرێت. پێغەمبەر (د.خ) لە بۆنە و مەراسیمەکاندا لە کاتی ئاخاوتندا وشە و ڕستەی نەتەوەیی بەکارهێناوە، ئەمە و چەندین بەڵگەی دیکە هەن کە پێغەمبەر (د.خ) فرەنەتەوەیی قبووڵ کردووە و ددانی بە کەلتوور و شارستانیەتی نەتەوەی دیکەشدا وەك کورد هێناوە و ڕێزی لێ گرتووە، نەك تەعریبکردن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئیسلام فرەنەتەوایەتییە و دینی پێکەوە ژیان و ئاشتی و قبووڵکردنی یەکترە و هەر کەسێك ڕێز لە بەها و پیرۆزییەکانی نەتەوایەتی نەگرێت، ئەوە بە دروستی لە ئیسلامیەتی نەگەیشتووە، هاوکات لە ئیسلامدا هەر کەسێك لەسەر ماڵ و خاکی خۆی بکوژرێت، ئەوە شەهیدە.

*** ئێمە وەك گەلێکی موسڵمان «گەلی کورد»، خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، هەر لە ئەحمەدی خانی تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات و دەیەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکاتەوە، کە ئەویش مێژووی عەرەبییە؟**

- لە هەقیقەتدا لەگەڵ ئیسلام بوونی کورد، لە سەرەتاوە تا ئێستا یەکێك بووە لەو نەتەوانەی کە بەرانبەر ئایینی ئیسلام زۆر پاك و بێگەرد و دڵسۆز بووە، هاوکات پابەندبووە بە جێبەجێکردنی هەموو بنەما و کایەکانی ئایینەکە، میللەتی کورد خزمەتێکی زۆر گەورەی بە ئایینی ئیسلام کردووە و بە قەڵەم و نووسینی زانا و پیاوانی ئایینی وەك ئیبن سەلاح شەهرەزووری و ئیبن تیمیە و

ئیبین ئەپیر و زۆر زانای ئایینی و چەندین کەڵە شاعیر و نووسەری مەزن و بەناوبانگ بە نووسینەکانی خۆیان خزمەتی زۆری ئیسلامیان کردووە، بە شیر و جەنگیش وەك سەلاحەددینی ئەیووبی گەورەترین خزمەتی بە بەرگریکردن لەو ئایینە پیرۆزە کردووە، هەر بۆیە میللەتی کورد بە شێوەیەکی پاك و بێگەرد خزمەتی ئایینی ئیسلامی کردووە.

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر لە فیکری ئیخوان موسلیمین و ئیسلامی ئوسوولی دەکرێت، تەنانەت باس لەوە دەکرێت، یەکەم ڕێکخراوی تیرۆریستی لەسەر دەستی سەید قوتب بە ناوی «تەنزیمی سری» دامەزراوە، ئایا چاندنی تۆی توندوتیژی و ئیرهاب کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- دینی ئیسلام دینی بەزەییە و وەك خوای گەورە بە پێغەمبەری خۆی دەفەرموێت: «وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ»، واتە ئەی پێغەمبەر (د.خ) تۆ ڕەوانە کراوی بۆ ئەوەی ببیتە بەزەیی بۆ خەڵك و میللەتانی سەر ڕووی زەوی و نەیگوتووە بۆ موئمینین، بەزەیی لە دەستوور و مەنهەجی خوادایە، ئەو بەزەییەی کە لەلای خواوە هاتووە بۆ دار و درەخت و سرووشت و ژینگە و باڵندە و ئاژەڵ و بۆ هەموو کەس و میللەتێکە. بێگومان توندوتیژی لەلای خوا و شەریعەتدا زۆر لەنگ و ناشیرینە و خوای مەزن بە پێغەمبەری خۆی دەفەرموێت: «وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ»، واتە ئەگەر تۆ کەسێکی دڵڕەق و زبر بی و ڕەفتاری تۆ توندوتیژی تێدا بووایە، ئەوە کەست لە دەوروبەری خۆت نەدەدیت و بە تەنیا دەمایتەوە، ئەمە واتە دینی ئیسلام توندوتیژی تێدا نییە و دینی بەزەییە و دینی گفتوگۆ و دیالۆگە و لە ڕێگای بانگەوازەوە بڵاو دەکرێتەوە، هاوکات وەك عائیشە دایکی موسڵمانان دەفەرموێت، «هەر کێشە و پرس و کارێك بکەوتبایەتە بەردەمی پێغەمبەر (د.خ)، تەنیا لایەنی باش و سووك و بێ کێشە و دوور لە توندوتیژی بەکار دەهێنا»، بۆیە هەموو کات ئیسلام لە توندوتیژی بە دوورە و لێی بێبەرییە، بێگومان ئەڵکو ئەوانەی کاری توندوتیژی ئەنجام دەدەن لە ئیسلام نەگەیشتوون.

*** خاڵێکی دیکەی ترسناك لە فیکری ئیسلامی سیاسی، مەسەلەی دووبارە تەفسیرکردنەوەی «فەتوا»دانە، ئیسلامی سیاسی دەڵێت هەر کەسێك دەتوانێت فەتوا بدات و خەڵك بکوژێت، ئایا ئەمە بێماناکردنی فەتوا و دروستکردنی ئاژاوەوە لە کۆمەڵگە نییە؟**

- لە ئیسلامدا فەتوا ماوە و پرسێکی بەرفراوانی هەیە و دوو جۆرە، فەتوا هەیە لەلایەن حکومەتەوە دەدرێت ئەمەش مولزەمە، چونکە لە کاتێکدا حکومەت لەسەر کار و پرسێك بڕیارێك دەردەکات، ئەوە دەبێت هەموو کەسێك پابەندی بن، ئەو جۆرە فەتوایانەی کە لەلایەن حکومەتیشەوە دەرناکرێت، ئەوە مولزەم نییە و دەکرێت خەڵك و میللەت پابەندی نەبن، بەڵام فەتوا وەك ئەحکامی شەرعی بەتایبەت لەو کاتانەی بە ماڵی خەڵکەوە بەسترابێتەوە، یان گرێدراو بێت بە ڕۆحی خەڵکەوە، کە فەرمانی کوشتنی خەڵکی لەسەر بێت، یان قەربووکردنەوە و چارەسەری کێشەی نێوان خەڵك و دوو کەس و دوو بنەماڵە بێت، ئەوە تەنیا پەیوەندیدارە بە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار و حکومەت بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی یاسا و ئەو چوارچێوە شەرعییەی کە بەپێی یاسا ڕێك خراوە لە خوێنڕێشتن و دەستبڕین و کوشتن و زیندانی و ماڵ و غەرامات و هەموو ئەوانە پەیوەندیدارن بە دادگا و یاسا و دادوەرییەوە، بۆ کەس نەهاتووە خۆی لەو جۆرە کار و فەتوایانە بدات. هەر بڕیار و فەتوایەك لەلایەن کەسانی دوور لە یاسا و دادگاوە دەربکرێت، بەتایبەت بیری توندوتیژی وەك ئەوەی داعش دەیانکرد، ئەوە ئایینی ئیسلام لێی بێبەرییە و سەرکۆنەی دەکەین. فەتوادان لەلایەن حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار و کەسانی شارەزا لە ئایین و تەواوی شەریعەت و یاساوە دەردەکرێت.

**زۆر زانای ئایینی و چەندین کەڵە شاعیر و نووسەری مەزن و بەناوبانگ بە نووسینەکانی خۆیان خزمەتی زۆری ئیسلامیان کردووە، بە شیر و جەنگیش وەک سەلاحەددینی ئەیووبی گەورەترین خزمەتی بە بەرگریکردن لەو ئایینە پیرۆزە کردووە**

**ئەو بەزەییەی کە لەلای خواوە هاتووە بۆ دار و درەخت و سرووشت و ژینگە و باڵندە و ئاژەڵ و بۆ هەموو کەس و میللەتێکە**

**وەک عائیشە دایکی موسڵمانان دەفەرموێت، «هەر کێشە و پرس و کارێک بکەوتبایەتە بەردەمی پێغەمبەر (د.خ)، تەنیا لایەنی باش و سووک و بێ کێشە و دوور لە توندوتیژی بەکار دەهێنا»**

**هەر بڕیار و فەتوایەک لەلایەن کەسانی دوور لە یاسا و دادگاوە دەربکرێت، بەتایبەت بیری توندوتیژی وەک ئەوەی داعش دەیانکرد، ئەوە ئایینی ئیسلام لێی بێبەرییە و سەرکۆنەی دەکەین**



**خەلیل محەمەد ئەحمەد**

**ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:**

# چەکدارانی پەکەکە بازرگانیی ماددەی هۆشبەر دەکەن و کار بۆ تێکدانی بارودۆخی کەمپی مەخموور دەکەن

# پەکەکە لە باشووری کوردستان بۆ نانەوەی ناسەقامگیری و ئاشووبە دژی هەرێمی کوردستان

**پەکەکە لەو کاتەوەی هاتوون چەندین شوێنیان لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان داگیر کردووە، بەم هۆیەشەوە چەندین شوێن و ژمارەیەکی زۆر گوند ئاوەدان نەکراونەتەوە و، دەستی سوپا و درۆنی تورکیایان ڕاکێشاوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان. لە دیدارێکی گۆڤاری گوڵاندا لەگەڵ خەلیل محەمەد ئەندامی پێشووی پەکەکە، ئەم پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار تاوتوێ کران.**

*** بۆچی ماوەیەکە چەکدارانی پەکەکە جموجووڵەکانیان زیادی کردووە لە چەندین ناوچە و دەڤەری باشووری کوردستان و، لێرە و لەوێ کاری دوور لە نەتەوایەتی و تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، ئایا هیچ وڵات و لایەنێك هەیە پشتگیرییان لێ بکات؟**

- پەکەکە لە دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەك لایەنێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد نەماوە، هەر ئەمەش وای کردووە، بەردەوام کەسانی دڵسۆز و ئەندامانی ناو ڕێکخستنەکانیان لێیان دوور بکەونەوە، ئەم حاڵەتەش زۆر زیاتر بوو، لە دوای ئەوەی پەکەکە لەسەر ڕێگەی نەتەوەیی لای دا و بوو بە هێزێکی چەکدار لە ناوچەکەدا و، بەپێی داواکاری و مەرام و ئەجێندەی وڵاتانی هەرێمایەتی دژ بە پرسی کورد دەجووڵێنەوە، هەر ئەمەشە وای کردووە، کە پەلاماری باشووری کوردستان بدەن و چەند ناوچەیەکی سنووریی وەك چیای قەندیل داگیر بکەن، مەبەستی سەرەکی و مانەوەشیان لە خاکی

باشووری کوردستان دژ بە حکومەت و پەرلەمان و ئەو سەقامگیری و سەروەرییە یاسایە کە هەیە، لە لایەکی دیکەوە لە دوای شەڕی خەندەق چەکدارانی پەکەکە زیاتر وره و توانایان لە هەموو ڕوویەکەوە و بەتایبەتی لە ڕووی سەربازییەوە دارماوە، بۆیە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ دەبێت، وەك چەند گرووپێکی چەکدار لە چەند ناوچەیەکی باشووری کوردستان، بەتایبەت لە دەڤەری سلێمانی دەردەکەون، کە پێشتر لە ڕێگەی پەکەکەوە دەستی سەربازانی تورکیا گەیشتە ناوچە سنوورییەکان، کە بەم هۆیەوە زیاتر لە (٦٠٠) گوندی ئەو ناوچە و دەڤەرانە چۆڵیان کردووە و، تا ئێستاکەش ئاوەدان نین، لە ئێستاشدا بە هەڵەی جووڵەی ئەو گرووپە چەکدارانەی پەکەکە لە ناوچەکانی ڕاپەڕین و نزیك شاری سلێمانی و شاری کۆیە و چەمچەماڵ و ناحیەی تەکیە و ئیدارەی گەرمیان و مەخموور، درۆنی تورکیا بۆردومانیان دەکات، بەمەش خەڵکی مەدەنیی ئەو ناوچانەی باشووری کوردستانیش ڕووبەڕووی زیانی گیانی و دارایی بوونەتەوە، بێگومان ئەو کارانەی چەکدارانی پەکەکە بەبێ پشتیگریی لایەن و وڵاتان نابێت، کە دەستیان لەپشت دەدەن و لە ڕووی مووچە و پێداویستیی کردەوەکانیانەوە هاوکاری و یارمەتییان دەدەن، بەتایبەتی حەشدی شەعبی و ئەو میلیشیایانەی کە زیاتر سەر بە کۆماری ئیسلامین و، وڵاتانی هەرێمایەتیی داگیرکاریش لە پشت کردەوەکانی چەکدارانی پەکەکەون.

*** ئایا ئەو کارە تێکدەرانەی چەکدارانی پەکەکە ئەنجامی دەدەن، بووەتە هۆکاری ئەوەی کە کوردانی باکووری کوردستان و ڕێکخستنەکانیان باوەڕیان پێیان نەمێنێت؟**

- شوێنی ڕاستەقینەی پەکەکە کە باکووری کوردستانە و باکووری کوردستان خاوەنی ئەو هەموو چیا و شاخە سەخت و دژوارانەیە، کەچی پەکەکە پەلاماری خاکی باشووری کوردستانی داوە و چەند شوێنێك کە بە خوێنی ڕۆڵە و نیشتمانپەروەرانی باشووری کوردستان ڕزگار کراون، داگیریان کردووە و ژیانی تێدا نەماوە، بەم کارانە خەڵکی باکووری کوردستان و بەتایبەتیش ئەوانەی بیری نەتەوایەتی و کوردایەتیان هەیە، بە تەواوی خۆیان لە پەکەکە کشاندووەتەوە و باوەڕیان پێیان نەماوە، لە لایەکی دیکەوە شەڕی خەندەق ماڵوێرانی و کاولکاری بۆ گەلی کورد و کوردستانی باکوور هێنا، کە تێیدا باکووری کوردستان لە ڕووی گیانی و داراییەوە زەرەر و زیانی زۆریان بەرکەوت، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە کە وای کردووە، پەکەکە لە ڕووی چەکداری و ڕێکخستنەوە زۆر لاواز ببێت، بەتایبەت لە بەشی باکووری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان، هاوکات سەرکردەکانی پەکەکە باوەڕیان بە کوردایەتی نییە، باوەڕی ڕاستەقینەشیان بە مارکسی، یان ئوممەمی نییە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندیی شەخسی و دارایی خۆیان کار دەکەن و کوڕ و کچ و گەنجانی کورد، بەتایبەتی لە باکووری کوردستان بە کوشتن دەدەن، ئەو هۆکارانەی باسمان کرد و چەندانی دیکە، بۆ جەماوەر و لایەنگرانیان ئاشکرا بووە، بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەیان کەم دەبنەوە و ئەو جووڵە و کردەوە نامرۆڤانە و ناڕەوایانەش لێرە و لەوێ ئەنجامی دەدەن، زیاتر لە چوارچێوەی کاری تیرۆریستییە، بۆیە متمانە و باوەڕی خۆیان لە دەست داوە.

*** ئایا چەکدارانی پەکەکە چۆن بوونەتە داردەستی ئەو حەشدی شەعبییانەی دژی هەرێمی کوردستانن، ئایا ئەمە دژ بە بیر و بەرنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی نییە؟**

- هەموو ئەو جووڵە و کردەوانەی ماوەی چەندین ساڵە تا ئێستا چەکدارانی پەکەکە لە هەرشوێنێکی کوردستان، بەتایبەتی لە باشووری کوردستان ئەنجامی دەدەن، بە داردەستیی و لاتانی داگیرکەر و حەشدی شەعبیی سەر بە ئێرانە، هەموو پیلان و کارەکانی پەکەکە لە باشووری کوردستان بۆ نانەوەی ناسەقامگیری و ئاشووبە و دژایەتییەکی زۆر هەرێمی کوردستانە، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە پەکەکە نەك تەنیا باوەڕی بەبیری نەتەوەیی

پەکەکە لە دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەک لایەنێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد نەماوە، هەر ئەمەش وای کردووە، بەردەوام کەسانی دڵسۆز و ئەندامانی ناو ڕێکخستنەکانیان لێیان دوور بکەونەوە

لە دوای شەڕی خەندەق چەکدارانی پەکەکە زیاتر وره و توانایان لە هەموو ڕوویەکەوە و بەتایبەتی لە ڕووی سەربازییەوە دارماوە

باکووری کوردستان خاوەنی ئەو هەموو چیا و شاخە سەخت و دژوارانەیە، کەچی پەکەکە پەلاماری خاکی باشووری کوردستانی داوە و چەند شوێنێک کە بە خوێنی ڕۆڵە و نیشتمانپەروەرانی باشووری کوردستان ڕزگار کراون، داگیریان کردووە و ژیانی تێدا نەماوە

خەڵکی باکووری کوردستان و بەتایبەتیش ئەوانەی بیری نەتەوایەتی و کوردایەتیان هەیە، بە تەواوی خۆیان لە پەکەکە کشاندووەتەوە و باوەڕیان پێیان نەماوە

نییە، بەڵکو دژی سەربەخۆیی کوردستانە کە سەربەخۆیی کوردستانیش پلان و ستراتیژیەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی سەرۆك بارزانییە، ئەو وڵاتانەی دوژمن و داگیرکەری کوردستانن، زیاتر دەستیان خستەپشتی پەکەکە بۆ نانەوەی کێشە و گرفتی جۆراوجۆر لەناو هەرێمی کوردستانی فیدڕاڵ و خاوەن حکومەت و پەرلەمان و سەروەریی یاسا .

*** قەوارەی هەرێمی کوردستان بەرهەمی شۆڕش و خوێنی شەهیدان و خەباتی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانە، ئەو هەرێمە بووەتە پێگەیەك بۆ هەموو گەلی کوردستان لە هەر چوار پارچەدا، ئایا لایەنگران و ئەندامانی پەکەکە و گرووپە چەکدارەکانیان ئەم ڕاستییە نازانن، کە کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دەنێنەوە؟**

- هاتن و پەلاماردانی باشووری کوردستان لەلایەن چەکدارانی پەکەکەوە خۆی لەوەوە دەبینێتەوە کە لە باشووری کوردستان قەوارە و کیانێکی ئازاد و دیموکرات و فیدڕاڵ و سەربەخۆ هەیە، کە بووەتە چەتر و پەناگەیەکی بەهێز و سەقامگیر بۆ هەموو تاکێکی کوردستانی لە هەر شوێنێکی دونیا بن، هەر بۆیە چەکدارانی پەکەکە لێرە بوونەتە سەرئێشە و زەحمەتێکی گەورە بۆ حکومەت و لایەنی ئەمنیی هەرێمی کوردستان، لێرە باسی نموونەیەك دەکەین: چەکدارانی پەکەکە لەگەڵ هاتنی داعش بۆ شنگاڵ هاتوونەتە ناوچەکە، کەچی شەڕ کۆتایی هاتووە و داعش مەترسیی لەسەر ناوچەکە نەماوە و هێزی پێشمەرگە هەرچی پێویستە وەك ئەرك لەسەریان بۆ خزمەتی کوردستان پێشکەشی دەکەن، کەچی پەکەکە لە شنگاڵ ناکشێتەوە و چۆڵی ناکات، بۆ ئەوەی ناوچەکە ئارام و ئاوەدان نەبێتەوە، ئەوان بە پشتگیری و هاوکاریی حەشدی شەعبی ئەو میلیشیایانەی سەر بە ئێرانن لەو ناوچانە ماونەتەوە.

*** ئایا چەکدارانی پەکەکە هۆکار چی بوو ئەو هەوڵ و پڕۆسەی ئاشتییەیان لەبار برد، کە جەنابی سەرۆك بارزانی هەموو هەوڵ و توانای خۆی بۆ تەرخان کردبوو؟**

- پەکەکە هیچ کاتێك باوەڕی بە گفتوگۆ و دیالۆگ نییە لەگەڵ هیچ لایەن و حزب و کەسێك، بەتایبەتی کە دیتیان جەنابی سەرۆك بارزانی وەك کارێزما و مەرجەعییەتی گەلی کوردستان، بە هەوڵ و تێکۆشانێکی لەخۆبردەیی خۆی تەرخان کرد کە کێشەی باکووری کوردستان لەگەڵ حکومەتی تورکیا بە ئاشتی و گفتوگۆ چارەسەر بکات، بەڵام چەکدارانی پەکەکە زانییان بەهۆی ئەو چارەسەرە ئاشتییەوە ئەو پیلان و کردەوانەی بۆیان داڕێژراوە، جێبەجێ نابێت، هەستان شەڕی خەندقیماڵوێرانکەریان بۆ کوردی باکوور نایەوە و پڕۆسەی ئاشتییان لەبار برد، بەرژەوەندیی چەکدارانی پەکەکە، بەتایبەتی سەرکردەکانیان لە پڕۆسەی گفتوگۆ و ئاشتیدا نییە، چونکە پەکەکە هەموو کاتێك یەکێك لەو لایەن و هێزانەیە لە ناوچەکەدا کە کاری قاچاخچێتی بە مادده هۆشبەرەکانەوە دەکات، بەتایبەتی لە ڕێگەی ئێرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان و چەندین شوێن و وڵاتانی دیکە، ئەو کردەوە قێزەوەنە نامرۆڤایەتییە بە هۆی ئاشتی و سەقامگیرییەوە ئەگەر نەشمێنێت، ئەوە زۆر کەم دەبێتەوە، هەر بۆیە لێرە بە پێویستی دەزانم لایەنی پەیوەندیدار و ئاسایشی هەرێمی کوردستان زۆر هەستیار و بەئاگا بن لەوەی کە چەکدارانی پەکەکە یەکێکن لەو لایەنە خراپانەی کە بازرگانیی مادەی هۆشبەر لە ناوچەکەدا ئەنجام دەدەن .

*** بۆچی لە ئێستادا پەکەکە زیاتر ڕوویان لە ناوچەی گەرمیان و چەمچەماڵ و مەخموور کردووە؟**

- مەبەست لەو کار و جووڵەشیان زیاتر بۆ نانەوەی پشێوی و نارەحەتی و ناسەقامگیریی هەرێمی کوردستانە، ئەو کارانەشیان وای کردووە، ئەو ناوچانەش بکەونە بەر بۆردوومانەکانی سوپای تورکیا و درۆنەکانیان، لە ناوچەی مەخموور بە هاوکاری و پاڵپشتیی حەشدی شەعبی دەیانەوێت ئەو کەمپەی کە کوردانی باکوور تێدا نیشتەجێن، بکەونە بارودۆخی خراپ و ناسەقامگیر و دڵەڕاوکێ.

**سەرکردەکانی پەکەکە باوەڕیان بە کوردایەتی نییە، باوەڕی ڕاستەقینەشیان بە مارکسی، یان ئوممەی نییە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندیی شەخسی و دارایی خۆیان کار دەکەن**

**چەکدارانی پەکەکە لێرە بوونەتە سەرئێشە و زەحمەتێکی گەورە بۆ حکومەت و لایەنی ئەمنیی هەرێمی کوردستان**

**پەکەکە لە شنگاڵ ناکشێتەوە و چۆڵی ناکات، بۆ ئەوەی ناوچەکە ئارام و ئاوەدان نەبێتەوە، ئەوان بە پشتگیری و هاوکاریی حەشدی شەعبی ئەو میلیشیایانەی سەر بە ئێرانن لەو ناوچانە ماونەتەوە**

**پەکەکە هەموو کاتێک یەکێک لەو لایەن و هێزانەیە لە ناوچەکەدا کە کاری قاچاخچێتی بە مادده هۆشبەرەکانەوە دەکات، بەتایبەتی لە ڕێگەی ئێرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان**

دیمانەی تایبەت



### پرۆفیسۆر لاری کاتا باکار بۆ گوڵان:

# پرۆسەی حوکمڕانی لەسەر ئاستی جیهان ڕووبەڕووی ئالنگاری بووەتەوە

لاری کاتا باکار، پرۆفیسۆری یاسا و کاروباری نێودەوڵەتییە لە زانکۆی ویلایەتی پەنسلڤانیا، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك پرسەکانی پەیوەست بە حوکمڕانی لەسەر ئاستی جیهان و تیۆرە دەستوورییەکانی حوکمڕانیی گشتی و تایبەت، و گۆڕانکارییە بەرفراوانەکانی سیستمە کۆمەڵایەتییەکان لە سەدەی ٢١ و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تایبەت بوون بە لێکدانەوە و شرۆڤەکاریی ئەو ئاڵنگاری و دژوارییانەی پەیوەستن بە پرسی حوکمڕانییەوە، وەك مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ئایینی و چوارچێوە دەستوورییەکانی ئەم بوارە و ئەزموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ڕووەوە.

*** ئاشكرایە كە پرسی حوكمڕانی پرسێكی ئاڵۆزە و تەنانەت لەو وڵاتانەشدا كە ئەزموونێكی دوور و درێژی حوكمڕانییان هەیە، لە ئێستادا ڕووبەڕووی گوشار و ئالنگاری بوونەتەوە، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن لە سەر ئاستی جیهان؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی تا ئێستا بەدیمان كردووە لەم ڕووەوە، ئەوەیە كە پرۆسەی حوكمڕانی (تەنانەت لە دەوڵەتە لیبراڵ دیموكراسییەكانیشدا) ڕووبەڕووی ئالنگارییەكی ئەوتۆ بووەتەوە كە لە دەرئەنجامدا تووشی سەقامگیری بووەتەوە، ئەمەش بەرجەستە بووە لەوەی كە هەندێ لە توێژەران پێی دەڵێن: «هێرشكردنە سەر بناغە بونیادییەكانی حكومەتی دیموكراسی»، ئەوەتا نموونەی زەق لەم ڕووەوە بریتییە لەو هەوڵ و كۆششانەی لە ئەوروپا و چەند بەشێكی وڵاتانی ناوچەی شام دەدرێت، بۆ دووبارە بنیادنانەوەی ڕۆڵی دادگاكان و پەیوەندیی ئەم دادگایانە بە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێكردنەوە. ڕەنگدانەوەیەكی زەقی دیكەی ئەم كێشە و گرفتانەی بریتییە لەوەی هەندێ كەس بە ڕوودانی گەندەڵییەكی بەرچاو لە پرۆسەی هەڵبژاردندا وەسفی دەكەن (كە ئاشكرایە هەڵبژاردنەكانیش بە بناغەی بنەڕەتی شەرعییەتی دیموكراسی لە دەوڵەتە لیبراڵ دیموكراسییەكاندا لێك دەدرێتەوە)، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەكرێت، ئێمە بڵێین: بەها بنەڕەتییەكانی شارستانییەت بەردەوام بوون و درێژەیان هەیە، ئەگەرچی لە هەر قۆناغێكدا بە بەرگ و فۆرمێكی جیاوازەوە لە ئارادا بوون، وەك دەنگدانی گشتی و سەروەریی یاسا (بە مانا بەرفراوانەكەی)، ڕێزگرتن لە داب و نەریتەكان، و بونیادی نوێنەرایەتی. كەواتە لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین: سەرباری ئەوەی ڕەهەند و ڕواڵەتەكانی لیبراڵ دیموكراسی لە كۆتایی سەدەی ٢٠ كاڵ بوونەتەوە، بەڵام بەها بنەڕەتییەكانی بەردەوام بوون. هەر لە پەیوەندی بە پرسی لیبراڵ دیموكراسییەوە، ئەوا دەتوانین ئاماژە بە ڕۆڵی گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتی و كەلتوورییەكان بكەین، كە كاریگەرییان هەبووە لە هێنانەئارای ئەو هەلومەرجەی لە پەیوەندی بە هۆكارەكان و ڕەوتی ئەو گۆڕانكارییانەی لە نێو بەها بنەڕەتییەكاندا هاتووەتە ئاراوە، كە تێیدا دەوڵەتە لیبراڵ دیموكراتییەكانی گوزارشت لە بونیادی حوكمڕانیی خۆیان دەكەن. ئێمە دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە ڕێژە و ڕەوتی ئەم گۆڕانكارییانە بكەین لە دوای ساڵی ١٩٤٥ەوە، كە كۆچبەران ڕۆڵیان هەبووە لە دروستكردن و خولقاندنی ئەم گۆڕانكارییانەدا، هەروەها خودی ئەم دەوڵەتانەش سیاسەتێكی مەبەستدار و ئامانجداریان گرتەبەر بۆ ئەوەی لیبراڵ دیموكراسی بە چەشنێك دابڕێژنەوە كە بگونجێت لەگەڵ كەلتووری سەرجەم كۆچبەراندا. سەرۆك ئۆباما پتر لە دەیەیەك پێش ئێستا ئاماژەی بەوە كرد كە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بەرەو ئەوە دەچێت، ببێتە بۆتەیەك و نوێنەرایەتیی گرووپە كەلتووری و كۆمەڵایەتی و ئیتنییەكانی جیهان بكات.

**بەها بنەڕەتییەكانی شارستانییەت بەردەوام بوون و درێژەیان هەیە، ئەگەرچی لە هەر قۆناغێكدا بە بەرگ و فۆرمێكی جیاوازەوە لە ئارادا بوون**

**سەرباری ئەوەی ڕەهەند و ڕواڵەتەكانی لیبراڵ دیموكراسی لە كۆتایی سەدەی ٢٠ كاڵ بوونەتەوە، بەڵام بەها بنەڕەتییەكانی بەردەوام بوون**

*** ئێوە ئاماژەتان بە ئەزموونی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كرد، كە بەرەو ئەو دەچێت ببێتە بۆتەیەك كە بەها هەمەچەشنە كەلتووری و كۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەكان لەخۆ بگرێت، تا چەند پێتان وایە دەكرێت ئەمە ئەزموونێكی سەركەوتوو بێت؟**

- لە ڕاستیدا من لەگەڵ نووسەرێكی دیكەدا (فرانك ڕاڤیچ) توێژینەوەمان لە بارەی سیستمی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كردووە و، سەرنجی تایبەتمەندی و خاڵە بەهێز و لاوازەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكامان داوە، ئەوەی پەیوەست بێت بە سیستمی دەستووری ئەمریكاوە لە پەیوەندی بە ئایینەوە، ئەوا لە هەندێ ڕووەوە تەواو گرێدراوەی هەلومەرجەكەیە لە ڕووی كات و شوێنەوە. بە واتایەكی دیكە ڕەنگدانەوەی هەوڵێكە بۆ گەیشتن بە ڕێككەوتن و سازانێك (دوای ڕۆژگارێكی دوور و درێژی جەنگ لە نێوان مەسیحییەكاندا)، هەروەها ڕەنگدانەوەی لێبوردەییەكی سنووردارە لە ئاست پێكهاتە نامەسیحییەكاندا. هەرچۆنێك بێت دارشتنی ئەم سیستمە بە چەشنێك بوو، كە بواری بە لێبوردەیی دا، ئەمەش هەلومەرجێكی باش و سوودبەخشی خولقاند بۆ ئەو گۆڕانكارییانەی لە پێكهاتەی ئایینی خەڵكی ئەمریكادا دروست بوو لە ماوەی چەند سەدەیەكدا. دەكرێت

**سەرۆك ئۆباما پتر لە دەیەیەک پێش ئێستا ئاماژەی بەوە کرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرەو ئەوە دەچێت، ببێتە بۆتەیەک و نوێنەرایەتیی گرووپە کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئیتنییەکانی جیهان بکات**

**دەکرێت وڵاتانی دیکەش سوود لە ئەزموونی ئەمریکا وەربگرن بۆ دارشتنی بونیادێکی دامەزراوەیی ئەوتۆ کە زامنی لێبوردەیی و ڕێزگرتنی دوولایەنە بکەن لە نێو سیستمێکی سیاسیی دیاریکراودا**

**دەبێت دەوڵەت پارێزگاری لە باوەڕی ئایینی بکات، واتە کاری دەوڵەت نییە، گوتاری دژ بە ئایینی هەبێت، لە هەمان کاتدا نابێت هاوکاریی گرووپێک بۆ برەودان بە باوەڕە ئایینییەکەی بکات**

**بەرژەوەندیی تێکڕای خەڵک گرنگتر و باڵاترە لە بەهایەکی دیاریکراوی نێو گرووپێکی دیاریکراوی پەیوەست بە بوارێکی دیاریکراووەوە**

**ئایین هەم پرسێکی شەخسییە و هەم پرسێکی پەیوەست بە کۆمەڵگەیە، لە ڕووی مێژووییەوە ئەو تێگەیشتنە لە بارەی ئایینەوە گەڵاڵە بووە کە بریتییە لە هەوڵ، یان پڕۆژەیەکی دەستەجەمعی**

وڵاتانی دیکەش سوود لە ئەزموونی ئەمریکا وەربگرن بۆ داڕشتنی بونیادێکی دامەزراوەیی ئەوتۆ کە زامنی لێبوردەیی و ڕێزگرتنی دوولایەنە بکەن لە نێو سیستمێکی سیاسیی دیاریکراودا، دەکرێت لە هەندێ حاڵەتدا پێویست بە هەموارکردنەوەی ئەم پرەنسیپانە بکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی ئەو سیستمە سیاسییەدا بگونجێندرێت، کە هەوڵ دەدات، بەکاریان بهێنێت بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەك، بە چەشنێکی بەرفراوان لێبوردەیی پیادە و پەیڕەو بکات لە ئاست باوەڕدارە جیاوازەکانی نێو دەوڵەتەکەدا. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە دەبێت دەوڵەت پارێزگاری لە باوەڕی ئایینی بکات، واتە کاری دەوڵەت نییە، گوتاری دژ بە ئایینی هەبێت، لە هەمان کاتدا نابێت هاوکاریی گرووپێك بۆ برەودان بە باوەڕە ئایینییەکەی بکات، مەبەستم ئەوەیە دەبێت هەموو ئایینەکان ئازاد بن لە پیادەکردن و پابەندبوون بە بیروباوەڕەکانیان، بۆ نموونە: دەکرێت پارێزگارییەکی تەواو دەستەبەر بکرێت بۆ هەندێ لە سرووت و گوزارشتە ئایینییەکان، کە بە شێوەی کۆمەڵ ئەنجام دەدرێن، وەك نوێژی بەکۆمەڵ و کۆبوونەوە هاوشێوەکانی دیکە، هەرچەندە لەم ڕووەوە هاوسەنگیی نێوان پاراستنی مافە دەستوورییەکانی دیکە و مافی گوزارشتی ئایینی لەبەرچاو گیراوە.

خاڵێکی دیکە کە دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە دەبێت پارێزگاری بکرێت لە پرەنسیپی باڵادەستیی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، ناوەڕۆکی ئەم پرەنسیپەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە دەڵێت کاتێك دەبێت بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتیمانییە هاوبەشەکان باڵادەست بن و لەبەرچاو بگیرێن، واتە بەرژەوەندیی تێکڕای خەڵك گرنگتر و باڵاترە لە بەهایەکی دیاریکراوی نێو گرووپێکی دیاریکراوی پەیوەست بە بوارێکی دیاریکراوەوە.

لایەنێکی دیکەی ئەم پرسە پەیوەستە بەوەی کە ئایین هەم پرسێکی شەخسییە و هەم پرسێکی پەیوەست بە کۆمەڵگەیە، لە ڕووی مێژووییەوە ئەو تێگەیشتنە لە بارەی ئایینەوە گەڵاڵە بووە کە بریتییە لە هەوڵ، یان پڕۆژەیەکی دەستەجەمعی، بۆ نموونە: ئایین پەیوەست کراوەتەوە بە بونیادە دامەزراوەییەکانەوە، بۆ ئەوەی ببێتە سەرمەشق و سەرقافڵەی ئەوەی پێی دەگوترێت «ئوممەت»، (بڕوانە سوورەتی حجرات، ئایەتی ١٠)، یان بە شێوەیەکی گشتیتر بووەتە بەرجەستەبوونێك بۆ باوەڕداران، بۆ نموونە: کڵێسا بووەتە بەرجەستەبوونی حەزرەتی مەسیح (بڕوانە کۆرنسۆس، ١٢:١٢-١٤). بەم دواییەش یاسای دەستووری دەستەبەری سەربەخۆی ئایینی تاکەکەسی کرد و، بیروباوەڕی ئایینی تاکەکەسی لەبەرچاو گرت، ئەویش لە ڕوانگەی پاراستنی مافە دەستوورییەکانی پەیوەست بە تاکەکەسەکانەوە، بۆ ئەوەی مومارەسەی بیروباوەڕی خۆیان بکەن. خاڵێکی دیکە، کە ڕەنگە بتوانین بڵێین گرنگترین پرەنسیپی نێو یاسای دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانە لە بارەی ئایینەوە، بریتییە لەو پرەنسیپەی پێی دەگوترێت جێبەجێکردنی مروونەتئامێز، کە لە جەوهەر و بنەڕەتدا پەیوەستە بە پاراستنی دەستوورەوە، بەڵام هێندە تەمومژ لەخۆ دەگرێت، کە دەکرێت چەندین لێکدانەوە و شرۆڤەکاریی جۆراوجۆر و جیاواز لەخۆ بگرێت، ئەمەش دۆخێکی دروست کردووە کە دادگاکان بتوانن (کەم تا زۆر بە ڕادەیەکی سەرکەوتوو) لێکدانەوەی یاسایی و دەستووریی پەیوەست بە ئایینەوە لەگەڵ سەردەم و ڕۆژگارەدا بگونجێنن. واتە دەکرێت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەو ئاڵوگۆڕە گەورەیە لە لێکدانەوەی دەقە دەستوورییەکاندا بەدی بکەین و ئاماژە بە قۆناغەکانی بکەین. ئەوە بوو لە قۆناغێکدا لێکدانەوەکە بە چەشنێك بوو کە دیواری لێکجیاکردنەوە لە نێوان ئایین و دەوڵەتدا دروست بکرێت و پێك بهێنرێت، ئەم لێکدانەوەیەش لە هەناوی خۆیدا ئەو مافەی بە دەوڵەت ڕەوا بینی کە دەستتێوەردان بکات و بە شێوەیەکی بەرفراوان سرووت و پیادەکردنە ئایینییەکان ڕێك بخات، تا گەیشتنە سەردەم و ڕۆژگاری ئێستا، کە لەبری بیرۆکەی جیاکردنەوە و لێکدابڕینی ئایین و دەوڵەت، کار لەسەر گرتنەبەر و پیادەکردنی هەڵوێستی بێلایەنییەکی تەواو دەکرێت.

دیمانەی تایبەت



## پرۆفیسۆر یانیس ستیڤاچتیس بۆ گوڵان:

# جیهان بەرەو فرەجەمسەری هەنگاو هەڵدەگرێت

یانیس ستیڤاچتیس، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی تەقەنیی ڤێرجینیا، لە هەمان کاتدا سەرۆکی بەش و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە هەمان زانکۆ، وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك ستراتیژیەتی یەکێتیی ئەوروپا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتە ناوخۆییەکان، سیستمی جیهانی و نێودەوڵەتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، بۆ شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی دەرئەنجام و ئاکامەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لەسەر سیستمی نێودەوڵەتیی ناسراو بە «سیستمی لیبڕاڵی» و ئەگەری سەرهەڵدانێکی فرەجەمسەری و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

*** سەرەتا دەمانەوێت لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە دەست پێبکەین، بەڵام ئەویش لەو خاڵەوە کە هەندێ جار بەو شێوەیە شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ ئەم شەڕە دەکرێت، وەك ئەوەی ئەمە بەرجەستەی شکستی سیستەمە جیهانییەکە و بە دیاریکراوتر سیستەمی لیبراڵی بێت، ئاماژە بە ئاوابوونی خۆری ئەم سیستەمە دەکەن، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- سەرەتا من خوازیاری ئەوەم کە ئاماژە بەوە بکەم کە ڕووسیا ساڵی ٢٠١٤ لە ڕێی کردارەکانیەوە ئەو پەیامەی ڕەوانە کرد، کە ڕێچکە و ڕێبازێکی جیاواز دەگرێت و بارودۆخەکە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، ئەگەر ڕۆژئاوا شێوازی مامەڵەی خۆی لەگەڵ ڕووسیادا نەگۆڕێت. خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە لە ئێستادا هاوسەنگیی هێز نەك تەنیا دەرئەنجام و دەرهاویشتەی پلەبەندیی هێزە لە جیهاندا، بەڵکو ئەم هاوکێشەی هاوسەنگیی هێزە بە چەشنێکە کە بوار و پانتایی ڕەخساندووە بۆ ئەوەی هێزە دەرەکییەکان بتوانن لە کاروبارە ناوخۆییەکانی هێزە بچووکترەکاندا دەستتێوەردانی سیاسی و سەربازی، یان ئابووری ئەنجام بدەن، بەم شێوەیە دۆخێك دروست بووە کە بووەتە هۆی بنکۆڵکردن و لاوازکردنی سەروەری، کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا جەختی لەسەر دەکرێتەوە. هەروەها دەبێت لێرەدا ئاماژە بە پرسێکی دیکە بکەین کە پێی دەگوترێت «لیبراڵیزی ئابووری»، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هەڕەشە و مەترسییەکی گەورەتر لەخۆ دەگرێت بۆ گەشە و بەرەوپێشچوونی جیهانی نارۆژئاوا، بەو مانایەی کە بەو شێوەیە لەم لیبراڵیزمە ئابوورییە دەڕوانرێت کە بە چەشنێك کار دەکات کە ببێتە هۆی دەستەبەرکردن، یان پشتیوانیکردن لە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان و ئابوورییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەسەر حیسابی باقیی جیهان. کەواتە لە دەرئەنجامی هەموو ئەوانەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە سەرهەڵدان و هاتنەئارای ئەو ناکۆکییە توندوتیژەی لە ئۆکرانیادا بەدی دەکرێت، سەری کێشاوە بۆ جۆرێك لە تانەدان لەوەی کەپێی دەڵێین «سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی»، کە ئەم کارەش تەنیا لەلایەن ڕووسیاوە سەرقافڵە ناکرێت، بەڵکو ئەوەتا چین و هیندستانیش ئەم کارە ئەنجام دەدەن، هەروەها چەندین دەوڵەتی دیکەش کە ئایندە و پاشەڕۆژی خۆیان بەدی دەکەن لە ئەندامبوون لە کۆمەڵەی ئابووریدا کە پێی دەگوترێت «بریکس»، کە پێك هاتووە لە بەرازیل، ڕووسیا، هیندستان، چین، ئەفریقای باشوور و ڕێکخراوی هاریکاریی شانگهای.

*** زۆر باشە، ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ئێستادا هەنگاو بەو ئاراستەیە هەڵدەگرن کە بەرجەستەبوونی بەرهەڵستکارییە بۆ سیستەمە لیبراڵییە نێودەوڵەتییەکە، کەواتە دەکرێت لەم ڕووەوە بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە لە ئێستادا ڕواڵەت و ڕەهەندەکانی سیستەمێکی بەدیل هاتوونەتە ئاراوە، ئەگەر وابێت، ئایا دەکرێت ئاماژەی پێ بکەن؟**

- من پێم وایە لە ئێستادا ئەمە بەدی ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین: بە دڵنیاییەوە لە مانگ و ساڵەکانی داهاتوودا هەوڵی هێنانەئارا و گرتنەبەری بەدیلێك بۆ سیستەمە لیبراڵییە ڕۆژئاواییەکە دەدرێت، ئەمەش دۆخێك دەخوڵقێنێت و دروست دەکات، کە تێیدا دوو سیستەمی نێودەوڵەتی ڕکابەر و ململانێکار دروست دەبن، یەکێکیان بە سەرکردایەتیی ڕۆژئاوا و ئەوی دیکەی بە سەرکردایەتی وڵاتانی بریکس، یان ڕێکخراوی هاریکاریی شانگهای.

*** کەواتە ئەگەر بە دیاریکراوی باسی ئەو گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕانە بکەین، کە ئەم شەڕەی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە مەودای دووردا بەسەر کاروبار، یان پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەیهێنن، ئایا بە درێژەکێشانی ئەم شەڕە، یان کۆتاییهاتنی چ جیهانێکی جیاواز دێتە ئاراوە و بەرپا دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی دەگوزەرێت، دەتوانین بە پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕئامێز وەسفی بکەین، بەو مانایەی کە تێیدا دابەشبوونی هێز لەسەر ئاستی جیهاندا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. ئێمە لە سەروەخت و سەردەمی شەڕی ساردا سیستەمێکی نێودەوڵەتیی دوو جەمسەریمان هەبوو، دواتر دۆخەکە گۆڕاو و جیهانێکی تاکجەمسەری هاتە ئاراوە، کە تێیدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاکە هێزی باڵادەست (سوپەر پاوەر)

**ڕووسیا ساڵی ٢٠١٤ لە ڕێی کردارەکانیەوە ئەو پەیامەی ڕەوانە کرد، کە ڕێچکە و ڕێبازێکی جیاواز دەگرێت و بارودۆخەکە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، ئەگەر ڕۆژئاوا شێوازی مامەڵەی خۆی لەگەڵ ڕووسیادا نەگۆڕێت**

**هاوکێشەی هاوسەنگیی هێزە بە چەشنێکە کە بوار و پانتایی ڕەخساندووە بۆ ئەوەی هێزە دەرەکییەکان بتوانن لە کاروبارە ناوخۆییەکانی هێزە بچووکترەکاندا دەستتێوەردانی سیاسی و سەربازی، یان ئابووری ئەنجام بدەن**

**سەرهەڵدان و هاتنەئارای ئەو ناکۆکییە توندوتیژەی لە ئۆکرانیادا بەدی دەکرێت، سەری کێشاوە بۆ جۆرێك لە تانەدان لەوەی کەپێی دەڵێین «سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی»**

**لە مانگ و ساڵەکانی داهاتوودا هەوڵی هێنانەئارا و گرتنەبەری بەدیلێك بۆ سیستەمە لیبراڵییە ڕۆژئاواییەکە دەدرێت، ئەمەش دۆخێك دەخوڵقێنێت و دروست دەکات، کە تێیدا دوو سیستەمی نێودەوڵەتی ڕکابەر و ململانێکار دروست دەبن**

بوو، ئێستاش دەکرێت بڵێین: ئێمە هەنگاو بەرەو هاتنەئارای جیهانێکی فرەجەمسەری هەڵدەگرین.

*** ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە پێناچێت جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا بتوانرێت لە گۆڕەپان و بەرەکانی شەڕدا یەکلا بکرێتەوە، ماوەیەکی زۆرە هیچ لایەکیان نەیانتوانیوە پێشڕەوییەکی بەرچاو بکەن و شکستی گەورە تووشی بەرانبەرەکەیان بکەن، کەواتە ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بیر لە گرتنەبەری ڕێگەچارەی دیالۆگ بکرێتەوە؟**


- من پێم وایە ناتوانرێت لە سایەی ئەو بارودۆخەی لە ئێستادا لە ئارادایە دیالۆگ ئەنجام بدرێت، هۆکارەکەش ئەوەیە کە ئەو گفتوگۆیانەی لە سەرەتادا و لە نێوان بەرپرسانی ئۆکرانیا و ڕووسیادا بە ناوبژیوانیی تورکیا ئەنجام دران، ڕێککەوتنێکی لێ کەوتەوە، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو، کە ئۆکرانیا جێبەجێی نەکرد، وردتر دەبێت بڵێین: ئەگەرچی ئەو گفتوگۆکان ڕێککەوتنێکیان لێ کەوتەوە، بەڵام سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی بەریتانیا بۆریس جۆنسۆن سەردانی کییڤی کرد و قەناعەتی بە سەرۆکی ئۆکرانیا (زیلینیسکی) هێنا کە بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنە هەنگاو هەڵنەگرێت، بەو پاساوەی کە ئۆکرانیا بە هاوکاری و پشتیوانیی ناتۆ دەتوانێت شکست و تێکشکان بکاتە چارەنووسی ڕووسیا. کەواتە دەکرێت، بڵێین: ئەوە کۆتاییهاتن و بە بنبەستگەیشتنی دیپلۆماسی بوو. لەو کاتەدا ئەو تێڕوانینە هاتەئاراوە کە ئەگەری ئەوە نییە گەڕێکی دیکەی گفتوگۆکان دەست پێبکاتەوە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە یەکێك لە لایەنەکان لە ڕووی سەربازییەوە تووشی بارێکی ئەوتۆی لاوازی ببێتەوە، کە ئەگەری شکستهێنانی لێ بکرێت، لەوەش زیاتر و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە دوای ڕێککەوتنی مینسك ڕووی دا، ئەوا پێناچێت ڕووسیا متمانە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات، هەروەها بە دڵنیاییەوە ڕووسیا متمانە بە هێزەکانی ئەورووپا ناکات، بەتایبەتی هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و فەرەنسا. دواتر پێم وانییە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ساتەوەختەدا خوازیاری ئەنجامدانی گفتوگۆ بێت لەگەڵ ڕووسیا، لەبەر ئەو هۆکارانەی ئاماژەم پێکردن، پێم وانییە ئەگەری ئەوە هەبێت کە بتوانرێت لە ئێستادا و لە ڕێی گرتنەبەری ڕێگەچارەی ئاشتی و گفتوگۆوە بتوانرێت چارەسەرێك بۆ شەڕەکە بدۆزرێتەوە. خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکەم، پەیوەستە بە ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەمریکاوە، کە ئەمە بووەتە کێشەیەکی سیاسیی گەورە بۆ ئەو وڵاتە (بە تایبەتی لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان)، لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ درێژەکێشانی شەڕەکەدان لە ئۆکرانیا و دەیانەوێت بزانن پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم شەڕە بە چ ئاراستە و ئاقارێکدا دەڕۆن، بەو ئومێدەی کە هێزەکانی ڕووسیا ورە و خۆڕاگری لەدەست بدەن و ئابووریی ڕووسیا تووشی داڕووخان ببێتەوە و، سەرۆك ڤلادمیر پوتین لە دەسەڵات دوور بخرێتەوە و کەسێك جێی بگرێتەوە کە کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییە تایبەتییەکە بهێنێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە هیواخواستن نابێتە هۆی گۆڕینی هەلومەرجەکە، خۆ ئەگەر ئەم پرسە گرێ بدەینەوە کە پرسی سەروەرییە و پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەوا دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین: ڕووسیا بووەتە هۆی لاوازکردن و بنکۆڵکردنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی ئۆکرانیا، ئەمە ڕاستییەکە و کەس ناتوانێت نکۆڵیی لێ بکات و لەبەرچاوی نەگرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت ئەوەش لە یاد بکەین و نادیدەی بگرین، کە خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئێستادا بەشێك لە خاکی سووریای داگیر کردووە، کە سووریا دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییە. کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بە هۆکاری سیاسی ئێمە جەخت لەسەر پاراستن و دەستەبەرکردنی سەروەریی هەندێ دەوڵەتی دیاریکراو دەکەینەوە و، سەروەریی هەندێ دەوڵەتی دیکە فەرامۆش دەکەین، بەڵام ئەمە دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتیدا، واتە ئەگەر بمانەوێت ڕێز لە یاسای نێودەوڵەتی بگرین، ئەوا دەبێت هەڵسوکەوت و هەڵوێستی تێکڕای وڵاتان لەبەرچاو بگرین، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە لێدوانی سیاسی بۆ مەبەستی پڕوپاگەندەکردن بەکار دەهێنرێت، بەو ئومێدەی کە ئەوەی دەیڵێن ببێتە مایەی قەناعەتپێهێنان و باوەڕپێکردنی لەلایەن خەڵکەوە.

**ئەگەرچی ئەو گفتوگۆکان ڕێککەوتنێکیان لێ کەوتەوە، بەڵام سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی بەریتانیا بۆریس جۆنسۆن سەردانی کییڤی کرد و قەناعەتی بە سەرۆکی ئۆکرانیا (زیلینیسکی) هێنا کە بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنە هەنگاو هەڵنەگرێت**

**وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ درێژەکێشانی شەڕەکەدان لە ئۆکرانیا و بەو ئومێدەن هێزەکانی ڕووسیا ورە و خۆڕاگری لەدەست بدەن و ئابووریی ڕووسیا تووشی داڕووخان ببێتەوە**

**ڕووسیا بووەتە هۆی لاوازکردن و بنکۆڵکردنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی ئۆکرانیا، ئەمە ڕاستییەکە و کەس ناتوانێت نکۆڵیی لێ بکات و لەبەرچاوی نەگرێت**

**بە هۆکاری سیاسی ئێمە جەخت لەسەر پاراستن و دەستەبەرکردنی سەروەریی هەندێ دەوڵەتی دیاریکراو دەکەینەوە و، سەروەریی هەندێ دەوڵەتی دیکە فەرامۆش دەکەین**











# کتێبی دووەمی بازنەی گفتوگۆ

# ئالنگارییەکانی ئاسایشی نیشتمانی



**ئەم نووسینە پێشەکیی کتێبی دووەمی «بازنەی گفتوگۆ»ی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، شەش ئەڵقەی گفتوگۆ لەخۆ دەگرێت و، زیاتر لە ٨٠ دەستەبژێری نیشتمانپەروەر و هەزاران هاووڵاتی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان بەشداریی گفتوگۆکان و ڕاپۆرتە مەیدانییەکان و ڕاپرسییەکانی کردووە. لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوو، ئەو شەش گفتوگۆیە لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری گوڵان بڵاو کراونەتەوە و بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم پێشەکیەش بڵاو بکەینەوە.**

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣، بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئۆرگانێکی تازەی دامەزراند بە ناوی «بازنەی گفتوگۆ»، ئامانج لە دامەزراندنی ئەم ئۆرگانە تازەیە ئەوە بوو، کە هەموو مانگێك کۆمەڵێك دەستەبژێری نیشتمانپەروەری ئەم وڵاتە بە جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی و نەتەوە و ئایینەوە، پێکەوە کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی گەنگەشە لەسەر کێشە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و پرسی گوزەرانی خەڵك بکەین، لە هەمان کاتدا بۆ هەر ئەڵقەیەکی بازنەی گفتوگۆ، ڕاپرسییەك، یان ڕاپۆرتێکی مەیدانی لە تەواوی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان ئامادە کراوە و پێش ئەوەی گفتوگۆکە دەست پێبکات، لەسەر سکرین بۆ ئامادەبووان نمایش کراوە، ئەمەش بەو ئامانجە بووە کە «بازنەی گفتوگۆ» ببێتە پلاتفۆرمێکی کراوە و گشتی بۆ ئەوەی بە ڕایەڵەیەك بیروبۆچوونی دەستەبژێری ئەم نیشتمانە لەگەڵ ڕای گشتیی خەڵك پێکەوە گرێ بداتەوە و، لەسەر بنەمای داتا و زانیاریی دروست و لەبەر ڕۆشنایی ڕای ئازادیی خەڵك، ئەم گفتوگۆیانە بکەینە شێوازێك لە «ڕاوێژکاری» بۆ ئەزموونە دیموکراتییەکەمان و، وەك لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو دەرکەوتووە، سیستمی لیبراڵ دیموکراتی سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر بەردەوام ڕاوێژی خەڵکی خۆی لەبەرچاو نەگرێت و نەگۆڕێت بۆ «دیموکراتییەتی ڕاوێژکاری — Deliberative Democracy».

سیاسەت و ستراتیژیەتی بازنەی گفتوگۆ هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونمانەوە لەسەر ئەو بنەمایە بووە، کە لە فەلسەفەی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا دیموکراتییەت «تیۆر» نییە، هەتا ئێمە بێین ئەو تیۆرە پراکتیزە بکەین، هەروەها دیموکراتییەت دیسان «کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا»ی دۆگماش نییە، هەتا بێین بە زۆر ئەو یاسا و ڕێسایانە لە کۆمەڵگەی خۆمان کۆپی بکەینەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەو پرسیارەمان لە خۆمان کرد، کە چەندین بیریاری گەورەی ئەم جیهانەش لە خۆیان کردووە و پرسیمان: «دیموکراتی چییە؟ What is Democracy?»، وەڵامی ئەم پرسیارە مەزنە لە فەلسەفەی کۆنی یۆنانی بە مانای «حوکمڕانیی گەل» هاتووە، ئەمەش بەو مانایەی هەموو ئەندامانی ئەو گەلە ئەندامی پەرلەمان بن و خۆیان یاسا دابنێن و حکومەت تەنیا ئەو مافەی هەیە کە ئەو یاسایانە وەك خۆی جێبەجێ بکات، ئەمەیان ناو لێنا «دیموکراتییەتی ڕاستەوخۆ»، وەك ئەو شێوازەی کە تا ئێستاش لە دەوڵەتی سویسرا پیادە دەکرێت، بەڵام لە فەلسەفەی دەوڵەتی نەتەوەیی و ئەوەی پاشان گۆڕا بۆ «دیموکراتییەتی لیبراڵی»، چەمکی دیموکراتی گۆڕانی بەسەردا هات و بوو بە «نوێنەرایەتیکردنی گەل بۆ حوکمڕانی»، لەم شێوازەدا گەل لە ڕێگەی نوێنەرەکانییەوە حوکمڕانی دەکات و یاسا و ڕێسا دادەنێت و حکومەت ئەرکی سەرشانیەتی ئەو یاسا و ڕێسایانە جێبەجێ بکات کە نوێنەرەکانی گەل دایاندەنێن و پەسەندی دەکەن، ئەم شێوازەشیان ناو لێنا «دیموکراتییەتی نوێنەرایەتی - Representative Democracy».

سیستمی دیموکراتییەتی لیبراڵی هەتا لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ و لەسەر بنەمای «ئەوەی خەڵك دەیڵێت، هەر ئەوە ڕاستە» پیادە دەکرا، سیستمێکی سەرکەوتوو بوو، بەڵام کاتێك حزبە سیاسییەکانی بەشدار

**ئەو نەخۆشییانەی تووشی سیستمی دیموکراتی بوون، هەتا ئێستا هیچ بیرمەندێک نەیتوانیوە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە**

**ساڵ لە دوای ساڵ بەشداریی خەڵک لە پرۆسەی سیاسی ڕووی لە دابەزینە و لە بەرانبەردا کێرڤی سیستمە «تۆتالیتارییەکان» لە هەڵکشاندایە**

**حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا هۆکاری هەموو ئەو کەموکورتییانە و هەموو ئەو کارەساتانەشە کە بەسەر کۆمەڵگە و ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا هاتووە**

لە پەرلەمانی وڵاتدا، ئەو بنەما گرنگەی سیستمی دیموکراتییەتی لیبراڵیان لە «ئەوەی خەڵك دەیڵێت، هەر ئەوە ڕاستە»، گۆڕییان بۆ ئەوەی کە «ئەوەی حزبە سیاسییەکان دەیڵێن، هەر ئەوە ڕاستە»، ئەوا هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتییەوە، ئیدی سستییەك لە بەشداریی هاووڵاتیان لە پرۆسەی دەنگدان سەری هەڵدا و هەر زوو بیرمەندان بیریان لەوە کردەوە، کە پێویستە دامەزراوەیەك هەبێت لەسەر ئاستی تەواوی ئەو دەوڵەتانەی کە پیادەی سیستمی دیموکراتی دەکەن وەك پرۆسەی سیاسی، هەروەها پیادەی سیاسەتی ئابووری و «ئابووریی بازاڕ» دەکەن، بۆ ئەوەی بەردەوام توێژینەوە بکرێت و ساڵانە پێکەوە کۆببنەوە، بۆ ئەوەی کێشەکانی دیموکراتی، وەك سیستمێکی سیاسی و گوزەرانی خەڵك، وەك سیاسەتی ئابووری، چارەسەر بکەن. بۆ ئەمە لە ساڵی ١٩٧١ کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس لە سویسرا دامەزرا و، هەتا ئێستاش ئەم کۆڕبەندە بەردەوامە و ئەمساڵ (٥٣)یەمین کۆڕبەندی خۆی گرێ دەدات.

ماوەی (٥٠) ساڵ زیاترە، ئەزموونی دیموکراتی لە تەواوی جیهاندا، ئەو ڕاستییەی بۆ ئاشکرا کردووین، لەو کاتەوەی «دیموکراتییەتی نوێنەرایەتیی گەل» گۆڕاوە بۆ «دیموکراتییەتی نوێنەرایەتیکردنی حزبی سیاسی» و حزبەکانیش لەو نوێنەرایەتییە شکستیان هێناوە، ئەوا ئەو نەخۆشییانەی تووشی سیستمی دیموکراتی بوون، هەتا ئێستا هیچ بیرمەندێك نەیتوانیوە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، ئەگەر سەیری ئامارەکانی بەشداریی خەڵك بکەین لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن لە ماوەی (٥٠) ساڵی ڕابردوودا، ئەوا دەبینین ساڵ لە دوای ساڵ بەشداریی خەڵك لە پرۆسەی سیاسی ڕووی لە دابەزینە و لە بەرانبەردا کێرڤی سیستمە «تۆتالیتارییەکان» لە هەڵکشاندایە.

بەشێك لەو بیرمەندانەی هەستیان بەم مەترسییە کردووە و توێژینەوە و فیکری نوێیان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بەرهەم هێناوە، زۆر بە قووڵی بەناو ڕەگ و ڕیشەی سەرهەڵدانی نادادپەروەریی کۆمەڵگە ڕۆچوون و هەوڵیان داوە کە میکانیزمێك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی «نادادپەروەری» پێ چارەسەر بکەن، بەڵام ئەو میکانیزم و چارەسەرانەی ئەم بیرمەند و فەیلەسووفانە بۆ چارەسەری کێشەکانی سیستمی دیموکراتی لە تەواوی جیهاندا خستوویانەتە ڕوو، لەلایەن تەواوی ئەو حزبە سیاسییانەی لە سیستمە جیاوازەکانی دیموکراتی لە تەواوی جیهان پیادە دەکرێن، کاری پێ نەکراوە و، حزبی سیاسی تەنیا بیری لە بەرژەوەندییەکانی خۆی و دەوڵەمەندبوونی حزب و ئەندامانی حزبەکەی کردووەتەوە و، چەمکی دیموکراتییان «لە حوکمڕانیی گەل»ەوە گۆڕیوە بۆ «حوکمڕانیی دەوڵەمەندەکان - Plutocracy».

یۆرگن هابرماس فەیلەسووفی گەورەی ئەڵمانی و خاوەنی کتێبی «فەزای گشتیی بۆرجوازی- Bourgeois Public Sphere»، داوای ئەوە دەکات لەناو فەزای گشتیدا، خەڵك ببێتە ڕاوێژپێدەری حکومەتی خۆی و، پەرلەمان بەو جۆرە یاسا دەربکات، کە فەزای گشتی داوای دەکات، ئەمەش لەپێناوی ئەوەیە کاتێك حکومەت ئەو یاسایە جێبەجێ دەکات، خەڵك پێوەی پابەند دەبێت و بەپێچەوانەوە خەڵك مافی خۆیەتی ئەو یاسایە پێشێل بکات و لێی یاخی بێت. لەسەر ئەم بنەمایە و بۆ گواستنەوەی ئەم تیۆرە بۆ ناو فیدراسیۆنی ئەوروپا و پەرلەمانی ئەوروپا لە بروکسل، لە پەنێلێکدا کە لە ساڵی ٢٠١١ لە یەکێك لە زانکۆکانی کۆسۆڤۆ بە ناونیشانی «ئایندەی یەکێتیی ئەوروپا» بۆی ساز کرابوو، زۆر ڕاشکاوانە هەڵوەستەی لەسەر ئەوە کرد، هاووڵاتیانی دەوڵەتانی ئەندام لە فیدراسیۆنی ئەوروپا، چۆن ئەو یاسا و بڕیارانەی پەرلەمانی ئەوروپا لە بروکسل جێبەجێ دەکەن، لە کاتێکدا ئەو یاسا و بڕیارانە لەگەڵ فەزای گشتیی دەوڵەتانی ئەندام یەك ناگرنەوە؟ هابرماس لەم پەنێلە پێشنیاری بۆ دەوڵەتانی ئەندامی فیدراسیۆنی ئەوروپا کرد کە چەمکی «لیبراڵ دیموکراتی» بگۆڕن بۆ «ئۆردۆ لیبراڵیزم»، ئەمەش بە مانای ئەوەی، دەبێت پەرلەمانی ئەوروپا لەبەر ڕۆشنایی فەزای گشتیی کۆی دەوڵەتانی ئەندامی ناو ئەو فیدراسیۆنە یاسا

**ئەڵقەی شەشەمی بازنەی گفتوگۆ بوو، ئەو پرسیارە گرنگ و گەوهەرییەمان ورووژاند کە (٣٢) ساڵ پێش ئێستا سەرۆك بارزانی داوای دەکرد «کوردستان دەبێت ببێت بە دەوڵەتی یاسا»، بۆیە ئەم پەیڤە بەرزەمان ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە کردەوە»، بۆچی کوردستان دوای (٣٢) ساڵ نەبووەتە دەوڵەتی یاسا؟»**

**سەرداری ماڵ دەبێت گوێ لە پێداویستیی خێزانەکەی بگرێت، بۆ ئەوەی پلان دابنێت و پێداویستییەکانی خێزان دابین بکات، ئەمەش بۆ ئەوەیە ئاشتی و کامەرانی لەناو خێزاندا فەراهەم بێت، بە هەمان شێوە بۆ ئەوەی ئاشتی و کامەرانی لە کۆمەڵگە فەراهەم بێت، ئەوا پێویستە حکومەت گوێ لە داخوازییەکانی گەلی خۆی بگرێت**

و بڕیارەکانی دەربکات، بەپێچەوانەوە ئایندەی فیدراسیۆنی ئەورووپا بەرەو هەڵوەشانە دەچێت، ئێستاش کە (١٣) ساڵ بەسەر ئەو چارەسەرەی هابرماس تێدەپەڕێت، تەنیا یەك دەوڵەتی ئەندام هەوڵی نەدا ئەم پێشنیارە پراکتیزە بکات، بۆیە ئێستا لە تەواوی ئەو دەوڵەتانەی ئەورووپا کە خۆیان بە پێشەنگی دیموکراتی دەزانی و شانازییان دەکرد کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرن، ئێستا گەیشتوونەتە ئەو قۆناغەی کە حزبە سیاسییەکانی دەوڵەتانی ئەورووپا و ئەمریکا بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ڕەتکردنەوەی «فرەکەلتووری -Multicultural ism» دەیانەوێت دەنگ کۆبکەنەوە و، بگەنە دەسەڵات و، وەك بیرمەندی گەورەی ئەمریکی جۆن ڕاولز لە کتێبی «دادپەروەری وەك ویژدان. Justice as Fairness» زۆر ڕاشکاوانە ئاماژەی پێ کردووە، کە حزبە سیاسییەکان لەکاتی هەڵبژاردندا فێڵیان لە «گرێبەستی کۆمەڵایەتی» کردووە و پێش ئەوەی دەنگەکان جیا بکرێتەوە، دەزانیت لایەنی براوە حزبە سیاسییەکانن و لایەنی دۆڕاو خەڵکەکەیە، ئەمە لە کاتێکدا دەبێت ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییە بەو شێوەیە گرێ بدرێت کە هیچ لایەك (گەل و حزبەکان) نەزانن کامیان لایەنی دۆڕاو و لایەنی براوەن.

بە لەبەرچاوگرتنی کێشەکانی سیستمی دیموکراتی و نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەم شێوە گشتگیرە لەلایەن بازنەی گفتوگۆوە، بۆ ئەوە بوو، خۆمان لەو چەند بیانووە کلاسیکییە بێنینە دەرەوە کە هەموو جار وەك وەڵامێکی حازر و بۆ خۆدزینەوە لە کێشەکانی سیستمی حوکمڕانیی ئەم وڵاتە دەڵێین: «دیموکراتییەت پێویستی بە کاتێکی زۆرە، هەتا ژێرخانێکی پتەوی بۆ دروست دەبێت، یان، گەلی ئێمە دواکەوتووە و نازانێت پیادەی دیموکراتی بکات، یان گەلی ئێمە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە لە دیموکراتییەت تێبگات و چەندین بیانووی کلاسیکیی دیکە»، بە پێچەوانەوە ئێمە وەك بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە گەلی ئێمە، گەلێکی هۆشیارە، خاوەن ئەو ئیرادە بەرزەیە کە هەرگیز ملکەچیی قبووڵ نەکردووە و دەیان شۆڕش و ڕاپەڕینی ئەنجام داوە و، خاوەنی کۆڕەوە مێژووییەکەی بەهاری ١٩٩١ و، دامەزرێنەری پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام چۆن لە کۆی سیستمە دیموکراتییەکانی جیهاندا، حزبی سیاسی، کۆمەڵگەی بەرەو سستی و تۆران لە بەشداریی سیاسی بردووە و ئاستی بەشداریکردن لە پرۆسەکانی دەنگداندا، ساڵ لە دوای ساڵ ڕووی لە داکشانە، ئەوا هەر حزبی سیاسییش لە هەرێمی کوردستاندا هۆکاری هەموو ئەو کەموکورتییانە و هەموو ئەو کارەساتانەشە کە بەسەر کۆمەڵگە و ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا هاتووە.

لەم ڕوانگەیەوە بازنەی گفتوگۆ وەك پلاتفۆرمێکی کراوە بە ڕاشکاوی و بوێرانە نەخشە ڕێگەی بۆ دەست خستنە سەر برینەکان دارشت و، لە شەش ئەڵقەی وەرزی یەکەمدا کۆمەڵێك پرسیاری ورووژاند، «بۆچی گەنجەکانمان تووڕە و بێزارن لە نیشتمانی خۆیاندا؟» ئەوە بوو ئەڵقەی یەکەمی بازنەی گفتوگۆ بە ناونیشانی «گەنج و ڕەخنە سیاسییەکانی» ئەنجام دا، لە ئەڵقەی دووەم ئەو پرسیارەمان وروژاند «بۆچی ئاستی بەشداریی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا لەو ئاستەدا نییە کە شایستەی ئافرەتانی کوردستان بێت؟»، ئەم پرسە گرنگەشمان لەژێر ناونیشانی «ڕۆڵی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا» گەنگەشە کرد، لە ئەڵقەی سێیەم پرسیمان: «بۆ هەست دەکرێت ئینتیمای نیشتمانی لاواز بووە؟» ئەم پرسە نیشتمانییەمان بە ناونیشانی «ئینتمای نیشتمانی. پرس و گەنگەشە» تاوتوێ کرد. لە ئەڵقەی چوارەم پرسیمان: «بۆچی ئاستی بەرپرسیاریەتیی نیشتمانیی میدیای کوردی لاوازە؟» وەڵامی ئەم پرسیارەمان لە گفتوگۆی «میدیای قۆناغ و بەرپرسیاریەتی» گەنگەشە کرد، لە ئەڵقەی پێنجەم پرسیمان: «بۆچی خەڵك لە ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان نارازییە؟ ئەم پرسە کە پەیوەندی بە هەر تاکێکی کۆمەڵگەی کوردستانەوە هەیە و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بە گرنگییەوە گوێ لە نارەزاییەکانی خەڵك بگرێت، گفتوگۆیەکی زۆر

**ئاشتیی کۆمەڵایەتی و فەراهەمبوونی ئاسایشی نیشتمانی، تەنیا لە دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ فەراهەم دەبێت کە ئەویش ڕەنگدانەوەی ئیرادەی هاووڵاتییەکانیەتی**

**بە دەیان جۆری دەرمان لە دەرمانخانەکانی کوردستان فرۆشراون کە وەک ماددەی هۆشبەر بەکارهێنراون**

**لەناو ناوەندی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستاندا ماددەی هۆشبەر براوەتە ناو «چاکسازیی پیاوان و ئافرەتان» بازرگانی پێوە کراوە**

**لە دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق ماددەی هۆشبەر دەهێنرێتە کوردستان و بە ئەنقەست دەیانەوێت گەنجەکانمان ئالوودە بکەن**

ڕاشکاوانەمان بە ناونیشانی «خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان» لەسەر ئەنجام دا، لە دوایین ئەڵقەی وەرزی یەکەمدا کە ئەڵقەی شەشەمی بازنەی گفتوگۆ بوو، ئەو پرسیارە گرنگ و گەوهەرییەمان وروژاند کە (٣٢) ساڵ پێش ئێستا سەرۆك بارزانی داوای دەکرد «کوردستان دەبێت ببێت بە دەوڵەتی یاسا»، بۆیە ئەم پەیڤە بەرزەمان ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە کردەوە»، بۆچی کوردستان دوای (٣٢) ساڵ نەبووەتە دەوڵەتی یاسا؟» وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هەستیار و قورسەمان لە بازنەی گفتوگۆ بە ناونیشانی «ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان»، زۆر بە جددی و ڕاشکاوانە هەموو ئەو ئالنگارییانەی بەردەم سەروەرییمان دەستنیشان کرد و وەڵامی هەموو ئالنگارییەکانیش لەیەك ڕستەدا خۆی بەرجەستە کرد، ئەویش ئەوە بوو «حزبە سیاسییەکان ئالنگاریی سەرەکیی بەردەم سەروەریی یاسان لە کوردستان».

ئەم شەش گفتوگۆیە وێڕای ئەوەی هەموو مانگێگ لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری گوڵان بە جوانترین شێوە بڵاو دەکرانەوە، بەڵام لەبەر گرنگیی گفتوگۆکان و پێکەوە گرێدانەوەی ئەم پرسە گرنگانەی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستان، بازنەی گفتوگۆ بڕیاری دا، کە وەربگێڕدرێت بۆ سەر زمانی عەرەبی و پاشان لە دوو کتێبی ناوازەدا، بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی لەژێر ناونیشانی «گفتوگۆ لەگەڵ نارەزاییەکانی خەڵك» چاپ کران و لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا پێشکەش کران.




● **ئالنگارییەکانی ئاسایشی نیشتمانی**

سیاسەت ئەگەر بەو مانایە ڕاڤەی بکەین، کە ئەرستۆ تاڵیس پێناسەی کردووە، واتە «بیرکردنەوە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت»، کە ئەو مەبەستی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە شاری یۆنانە (پۆلس)ـە. بیرکردنەوە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، وەك بیرکردنەوەیە بۆ بەڕێوەبردنی «خێزان»،

ئەمەش بەو مانایەی سەرداری ماڵ دەبێت گوێ لە پێداویستیی خێزانەکەی بگرێت، بۆ ئەوەی پلان دابنێت و پێداویستییەکانی خێزان دابین بکات، ئەمەش بۆ ئەوەیە ئاشتی و کامەرانی لەناو خێزاندا فەراهەم بێت، بە هەمان شێوە بۆ ئەوەی ئاشتی و کامەرانی لە کۆمەڵگە فەراهەم بێت، ئەوا پێویستە حکومەت گوێ لە داخوازییەکانی گەلی خۆی بگرێت.

لەنێوان ئەندامانی خێزان و سەرداری خێزاندا، پەیوەندییەکی دیالێکتیکی هەیە، ئەمەش بەو مانایەی «خواست و پێداویستییەکانی خێزان لە چوارچێوەی ئیمکانییەتی سەرداری خێزانەوە سەرچاوە دەگرن و هەر لە چوارچێوەی ئەو ئیمکانییەتەش بیر لە دابینکردنی دەکرێتەوە»، ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکییە لەنێوان خەڵك و حکومەتیشدا هەیە. میشێل فۆکۆ گوتەنی بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکیە ببینین، ئەوا دەبێت حوکمڕانی لە چەمکی «فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراو»ەوە بگۆڕین، بۆ دروستکردنی چەندین ڕایەڵەی جیاواز لە نێوان «خەڵك و حکومەت»دا کە بە شێوەی تۆڕێك پێکەوەی گرێ بدەینەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کە خەڵك حکومەتەکەی خۆی بە پشتیوانی خۆی بزانێت و حکومەتیش گەلەکەی خۆی بە پشتیوانی خۆی بزانێت، لەم حاڵەتەدا کە خەڵك جووڵەیەك دەکات، حکومەتیش دەکەوێتە جووڵە و بە پێچەوانەشەوە کاتێك حکومەت جووڵە دەکات، خەڵکیش پێشوازی لەو جووڵەیە دەکات و باشتر هاوکاری حکومەتی خۆی دەبێت.

کەواتە سیاسەت بەو ئاراستەیەی ئەرستۆ تاڵیس بۆی دارشتووە، بریتییە لە «ئاکاری بەرز و بەرژەوەندیی گشتی» و چوارچێوەیەکە بۆ ئەوەی حکومەت لەگەڵ گەلی خۆی بیربکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو نیشتمانە بەڕێوە ببرێت، کە پێی دەگوترێت دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ و، هیچ پێویستی بە بوون یان دامەزراندنی حزبی سیاسیی نییە، وەك هیگلیش لە فەلسەفەی دەوڵەتی نەتەوەیی ئاماژەی پێ کردووە «هاووڵاتی لە دەوڵەتی خۆیدا ئەگەر خۆی یاسا بۆ ئەو دەوڵەتە دانەنێت، ئەوا ئەو یاسایە بە ئیرادەیەکی دەرەکی و سەپێندراو بەسەر خۆیدا دەبینێت و ملکەچی نابێت»، بەڵام کاتێك خۆی بەشدار دەبێت لە دانانی یاسای ئەو دەوڵەتە، پابەندی یاساکەی خۆی دەبێت و ملکەچی دەبێت، هەر بۆیە ئاشتیی کۆمەڵایەتی و فەراهەمبوونی ئاسایشی نیشتمانی، تەنیا لە دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ فەراهەم دەبێت کە ئەویش ڕەنگدانەوەی ئیرادەی هاووڵاتییەکانیەتی.

لە سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا کە هاوشێوەی هەموو سیستمە دیموکراتییەکانی دیکە لە جیهاندا، حزبی سیاسی بووەتە ئەو ئیرادە دەرەکییە کە دەیەوێت خۆی بەسەر ئیرادەی خەڵکدا فەرز بکات، وەك هێربەت مارکۆزە لە کتێبی «مرۆڤی تاکڕەهەند» ئاماژەی پێ کردووە، دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی «کێشە وەهمییەکان» گەورە دەکەن، بۆ ئەوەی کێشە سەرەکییەکان لە بیری هاووڵاتیان ببەنەوە، ئاشکراشە ئەوەی حوکمڕانە لە سیستمە لیبراڵ دیموکراتییەکاندا حزبە سیاسییەکانن.

بۆ ئەوەی ئەو «کێشە وەهمییانە»ی حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە میدیا و سۆشیال میدیا دروستی دەکەن، ڕووی لێ هەڵماڵین، کە ئامانج لە دروستکردنی ئەو کێشە وەهمییانە دروستکردنی پاشاگەردانییە لە کۆمەڵگە و، بۆ ئەوەیە ژینگەیەك دروست بکەن، کە هاووڵاتیانی کوردستان تەنیا هەڵوەستە لەسەر «یەك ڕەهەند و یەك ئاراستە» بکەن و نەتوانن بیر لەو کێشانە بکەنەوە، کە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە و ئاسایشی نیشتمانیی ئەم هەرێمە ڕووبەڕوومان دەبنەوە و، لەناو میدیا و ڕای گشتی باس ناکرێن و پەردەپۆش کراون.

لەم چوارچێوەیەدا بازنەی گفتوگۆ لە وەرزی دووەمدا کۆمەڵێك پرسی زۆر گرنگی لە شەش بازنەی گفتوگۆدا گەنگەشە کرد، کە هەر یەك لەم پرسانە ئالنگاریی زۆر گەورە و مەترسیدار لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان دروست دەکەن و بریتی بوون لەم پرسە گرنگانە:

**ئەو ئیسلامەی کە زانایانی ئیسلامیی پایەداری کورد لە کوردستاندا پیادەیان کردووە و خەڵکەکەیان لەسەر پەروەردە کردووە، ئەو ئیسلامییە سیاسییە نییە کە حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان دەیخەنە مێشکی گەنجەکانی ئێمەوە**

**مەترسیی بڵاوبوونەوەی فیکری ئیسلامیی سیاسی لە کۆمەڵگە هیچ لە مەترسیی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر کەمتر نییە**

**ئەو مەدرەسە ئایینییانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتیی دەکەن، هزری توندڕەوی بەرهەم دەهێنن و بەوەش تیرۆریستی هاوشێوەی تیرۆریستانی داعش لە کۆمەڵگە دروست دەبن**

**سەعید حەوا کە مونەزیری سێیەمی ئیخوانی موسلمینە کتێبێکی هەیە بە ناونیشانی «جندالله ثقافة و أخلاقا»، ئەوەی لەو کتێبەدا هاتووە، ڕەفتاری تیرۆریستانی داعش لە چاویدا فریشتەیە**







**● ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی**

بەپێی ئامارەکانی لێژنەکانی «بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر»، هەتا ساڵی ١٩٩١ نەزانراوە کەسێك لە هەرێمی کوردستان هەبووبێت و ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بووبێت، یان کەسێك هەبووبێت، بازرگانیی ماددەی هۆشبەری کردبێت، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٣دا، کە ئەم گفتوگۆ ڕاشکاوانەمان لەسەر ئەنجام داوە، لە چەند ڕەهەندێکی نیشتمانییەوە زەنگێکی مەترسیدار ڕایچڵەکاندین، کە لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێ دەکەین:

- بە دەیان جۆری ماددەی هۆشبەر لە کوردستاندا بڵاو بووەنەتەوە و بەشێکیان ئەو ماددە هۆشبەرانەن، کە بە تیکەڵاوکردنی چەند ماددەیەك دروست دەکرێن و بەشێکیشیان ئەو ماددە هۆشبەرانەن کە دەچێنرێن.

- بە دەیان جۆری دەرمان لە دەرمانخانەکانی کوردستان فرۆشراون کە وەك ماددەی هۆشبەر بەکارهێنراون.

- هەزاران گەنج (نێر و مێ) لە هەرێمی کوردستان ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بوون و تەواوی چاکسازییەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان پڕبوون لە ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر.

- لەناو ناوەندی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستاندا ماددەی هۆشبەر براوەتە ناو «چاکسازیی پیاوان و ئافرەتان» بازرگانی پێوە کراوە.

- لە ناوەندەکانی خوێندنی (کوڕان و کچان) لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە قۆناغی ئامادەییەوە، ماددەی هۆشبەر بڵاو بووەتەوە و بە ڕێژەیەکی زۆری کوڕان و کچان ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بوون.

- لە بەشێکی زۆری ئەو کافتریایانەی نێرگەلەیان تێدا دەکێشرێت، ماددەی هۆشبەریان تێکەڵی توتنی نێرگەلەکە کردووە.

- لە دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق ماددەی هۆشبەر دەهێنرێتە کوردستان و بە ئەنقەست دەیانەوێت گەنجەکانمان ئالوودە بکەن.

● ئیسلامی سیاسی و بەدگومانی لەسەر کەلتوور و ناسنامە

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان «فەتوا»ی دابوو کە شەرع ڕێگە دەدات «زەکات» بدرێتە پێشمەرگە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە لە ڕووی شەرعەوە پێگەی پێشمەرگە هاوشێوەی ئەو هاوەڵانەی پێغەمبەر (د.خ) بووە، کە هاوشانی ئەو شەڕیان کردووە، بەڵام لە دوای دروستبوونی حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان، ئێستا هەست دەکرێت ئەو ئیسلامەی کە زانایانی ئیسلامیی پایەداری کورد لە کوردستاندا پیادەیان کردووە و خەڵکەکەیان لەسەر پەروەردە کردووە، ئەو ئیسلامییە سیاسییە نییە کە حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان دەیخەنە مێشکی گەنجەکانی ئێمەوە، لەم بازنەی گفتوگۆیەدا پێیان گوتین: «مەترسیی بڵاوبوونەوەی فیکری ئیسلامیی سیاسی لە کۆمەڵگە هیچ لە مەترسیی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر کەمتر نییە» لێرەدا ئاماژە بەچەند خاڵێک دەکەین:

- ئەو مەدرەسە ئایینییانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتییان دەکەن، هزری توندڕەوی بەرهەم دەهێنن و بەوەش تیرۆریستی هاوشێوەی تیرۆریستانی داعش لە کۆمەڵگە دروست دەبن.

- حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان هەوڵی ئەوەدەن کە دووبارە خەڵکانی موسڵمانی کورد بکەنەوە بە ئیسلام، ئەمەش واتا Re-Islamization ی کۆمەڵگە موسڵمانی کوردستان.

- حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان بە ئاستێک زمانی زبر بەکار دەهێنن، کاتێک کەسێک کۆمێنتێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنووسێت، هەزاران جنێو و کۆمێنتی ناشیرینی بۆ دەنووسن و تەکفیری دەکەن.

- ئەوەی تیرۆریستانی داعش دەیکەن، ڕەگەکەی لەناو کتێبەکانی «حەسەن بەننا و سەید قوتب و سەعید حەوا»دا هەیە، سەعید حەوا کە مونەزیری سێیەمی ئیخوانی موسلمینە کتێبێکی هەیە بە ناونیشانی «جنداللە ثقافة و أخلاقا»، ئەوەی لەو کتێبەدا هاتووە، ڕەفتاری تیرۆریستانی داعش لە چاویدا فریشتەیە.

- حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان، پرسی نەتەوەییان کردووەتە گاڵتەجاڕی و قسە لەسەر قەوارەی هەرێم بە شێوەیەکی نەرێنی دەکەن.

● ڕیفراندۆمی کوردستان و هەڵوێستی نێودەوڵەتی

ڕیفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧ کە گەورەترین ڕووداوی ١٠٠ ساڵی ڕابردووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانە، وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەقڵییەتی شۆڤێنیی دەسەڵاتدارانی عێراقی بوو، کە «کوردبوون و کوردستانیبوونمان» بە تاوان لە قەڵەم دەدەن، ئەوان نە ئامادە بوون لە چوارچێوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ کێشە کەڵەکەبووەکانی نێوان هەرێم و عێراق چارەسەر بکەن و، دەستوورەکە جێبەجێ بکەن، هەروەها ئامادەش نەبوون لەسەر بنەمایەکی تازە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دووبارە ڕێك بخرێتەوە، هەر بۆیە دوای ئەوەی سەرۆك بارزانی لە ئایاری ٢٠١٥ سەردانی کۆشکی سپی کرد و، پرسی سەربەخۆیی کوردستانی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و جوزێف بایدن (کە ئەو کات جێگری سەرۆك بوو) خستەڕوو، بڕیار درا دوای تەواوبوونی شەڕی دژی تیرۆیستانی داعش دەرفەت بدرێتە گەلی کوردستان ڕیفراندۆم بکات، بەڵام ئەوەی دوای ڕیفراندۆمەکە بینیمان جیا لە خیانەتی ناوخۆیی کوردستان، هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش زۆر خراپ و نەرێنی بوو، وەك:

- هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاستی گەلی کوردستان و ئاکامی ڕیفراندۆمی خەڵکی کوردستان، بەداخەوە هەموو دروشمەکانی دیموکراتی و جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤی خستە بەردەم پرسیارگەلێکی زۆر گەورەوە، متمانەی خەڵکی بەو پرەنسیپ و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانە کەم کردەوە.

- ڕیفراندۆم فێری کردین کە پەرتەوازەیی نێوماڵی کوردستان چ ماڵوێرانکارییەك بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بەداخەوە ئاکامەکانی ئەم پەرتەوازەییەمان لە دوای ڕیفراندۆم بینی.

- لە ماوەی بڕیاردانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان، شاندی لێژنەی باڵای ڕیفراندۆم سەردانی هەموو لایەنە سیاسییە عەرەبەکانی عێراقیان کرد (بە سوننە و شیعەوە) و گفتوگۆیان لەگەڵ کردن، کە بۆچی هەرێمی کوردستان ناچار بووە، پەنا بۆ ڕیفراندۆم بەرێت، لە بەرانبەردا ئەوان بێجگە لە ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆم هیچ بەدیلێکی دیکەیان

**حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان، پرسی نەتەوەییان کردووەتە گاڵتەجاڕی و قسە لەسەر قەوارەی هەرێم بە شێوەیەکی نەرێنی دەکەن**

**ڕیفراندۆم فێری کردین کە پەرتەوازەیی نێوماڵی کوردستان چ ماڵوێرانکارییەک بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بەداخەوە ئاکامەکانی ئەم پەرتەوازەییەمان لە دوای ڕیفراندۆم بینی**

**هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستێکی لاستیکییە و بەرژەوەندیی نێوان دەوڵەتان و هاوسەنگیی هێز ئاراستەی کشانی لاستیکەکە دیاری دەکات**

**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کورسیی پێکهاتەکان بەسەر چوار بازنەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دابەش بکرێن، بەمەش پرسی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی هەرێمی کوردستان، ببێتە پشکی حزبەکان**

نەخستە ڕوو، بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدای پێ چارەسەر بکرێت.

- هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستێکی لاستیکییە و بەرژەوەندیی نێوان دەوڵەتان و هاوسەنگیی هێز ئاراستەی کشانی لاستیکەکە دیاری دەکات.

**● هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری**

ماوەی (١٠) ساڵە، هەر لە (٢٠١٤-٢٠٢٤)، حکومەتی عێراق شەڕی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات و، ئامانجیەتی بە ڕێگەی برسیکردن و نەناردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق و بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، هەموو ژێرخانەکانی هەرێمی کوردستان لەبەریەك هەڵبوەشێنێت، زیاد لەمەش بەچەندین ڕێگەی دیکە هەوڵی داوە شەڕی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، کە لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:




- لە ساڵی ٢٠١٤ و ماوەی شەش مانگ پێش ئەوەی کوردستان نەوت هەناردەی دەرەوە بکات، پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق بڕدرا.

- لە کۆتایی ئەیلوولی ٢٠١٧ پەرلەمانی عێراق گەمارۆیەکی زۆر توندی خستە سەر هەرێمی کوردستان بە داخستنی ئاسمان لە فڕۆکەخانەکانیشەوە.

- لە دوای ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ئاداری ٢٠٢٣، حکومەتی عێراق ئامادە نییە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات و یاسای بودجەی عێراق تایبەت بە پشکی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکات.

- حکومەتی عێراق هەموو ئەو دەسەڵاتە حەسرییە دەستووری و یاساییانەی خۆیان بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی درێژە بە شەڕی ئابووریی دژی هەرێمی کوردستان بدەن، هەر بۆ نموونە یەکێك لە کۆمپانیاکانی گەیاندنیان ڕاگەیاندووە، کە نابێت لە بەشەکانی دیکەی عێراق، یان هەموو عێراق کار بکەن. سەبارەت بە هاوردەکردنی دەرمان، بە هەموو ئەو کۆمپانیانەیان ڕاگەیاندووە، ئەوانەی دەرمان هاوردە دەکەن، دەبێت بە شێوەیەکی حەسری مۆڵەت لە عێراق وەربگرن.

### ● هەڵبـژاردن لـە هەرێمـی کوردسـتان و کۆتـای پێکهاتـەکان

یەکێـك لـە سـیما جوانەکانـی کوردسـتان کـە هـەر هاووڵاتییەکـی ئـەم نیشـتمانە لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی شـانازی پێـوە دەکات، بوونـی پێکەوەژیانـی ئاشـتییانەی نێـوان نەتـەوە و ئایینـە جیاوازەکانـی کوردسـتانە، هەروەهـا تەرخانکردنـی کورسـیی کۆتایـە بۆیـان لـە پەرلەمانـی کوردسـتاندا، بـەڵام ئـەم سـیما جوانـەی کوردسـتان بـە هـۆی ململانێـی ناتەندروسـتی حزبـە سیاسـییەکان، ئێسـتا کەوتووەتـە بـەردەم مەترسـییەکی گـەورە و، پێکهاتـە جیاوازەکانـی کوردسـتان ئـەم هەڕەشـە وەك هەڕەشـەیەکی جددی لەسـەر بوونـی خۆیـان دەزانـن و، ئـەم دەرهاویشـتە خراپانـەی بـە دوای خۆیـدا هێنـاوە:

- کورسـیی پێکهاتـەکان کراوەتـە بیانـوو بـۆ ئـەوەی هەڵبـژاردن لـە کوردسـتان ئەنجـام نەدرێـت و ناچـار بیـن تەمەنـی پەرلەمـان دریـژ بکەینـەوە و، سـەرەنجامیش دادگای فیدراڵیـی عێـراق بڕیـاری درێژکردنـەوەی مـاوەی تەمەنـی پەرلەمانـی ڕەتکـردەوە، بەمـەش پەرلەمـان پەکـی کـەوت و، هەرێمـی کوردسـتان کەوتـە نـاو بۆشـاییەکی دەسـتووری و یاسـاییەوە.

- هـەر بـە بیانـووی کورسـیی پێکهاتەکانـەوە، نەتوانـرا کۆمیسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان کارا بکرێتـەوە، بەمـەش ئەگـەر هەڵبژاردنیش بکرێت، دەبێـت کۆمیسـیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنەکانـی عێـراق بەڕێـوەی ببـات.

- یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان پێداگـری دەکات لەسـەر ئـەوەی کورسـیی پێکهاتـەکان بەسـەر چـوار بازنـەی پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان دابـەش بکرێـن، بەمـەش پرسـی پێکـەوە ژیانـی ئاشـتییانەی هەرێمـی کوردسـتان، ببێتـە پشـکی حزبـەکان.

- یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان داوایەکـی لەسـەر (٥) کورسـیی کۆتـای تورکمـان لـە پەرلەمانـی کوردسـتان، لـە دادگای فیدراڵیـی عێـراق تۆمـار کـردووە و، داوا دەکات ئـەو (٥) کورسـییە بـۆ نەتـەوەی تورکمـان لەنـاو پەرلەمانـی کوردسـتاندا نەمێنـن.

### ● گۆڕینـی دیموگرافیـا و مەترسـییەکانی لەسـەر ناسـنامە و خـاك

هەتـا سـاڵی ٢٠١٤ و، پێـش ئـەوەی تیرۆریسـتانی داعـش یـەك لەسـەر سـێی خاکـی عێـراق داگیـر بکـەن و خەلافەتـی ئیسـلامەتی ڕابگەیـەنن، کاتێـك بـاس لـە مەترسیی گۆڕینـی دیموگرافیـا دەکـرا، تەنیـا ئـەم مەترسـییە بـۆ ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێمـی کوردستان بـوو، بـەڵام پاش هاتنـی تیرۆریستانی داعـش و هاتنـی نزیکـەی دوو ملیـۆن ئـاوارەی پارێزگاکانـی عێـراق و پەنابەرانـی وڵاتانـی دەوروبـەر، ئـەم مەترسـییە پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردستانیشـی گرتووەتـەوە و، ئـەم دەرهاویشـتە نەرێنییانـەی خسـتووەتەوە:

- لـە ناوچـە دابڕێنراوەکانـی دەرەوەی هەرێمـی کوردستان جیا لـەوەی سیاسـەتی بەعەرەبکردن بە چەندیـن شـێوازی جیـاواز بەردەوامـە، لـە هەمـان کاتـدا سیاسـەتی گۆڕینـی «مەزهەب»یشـی هاتووەتـە سـەر.

- چەندیـن گرووپـی چەکـداری هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی، لـەو ناوچانـەی دەسـەڵاتیان لـە دەسـەڵاتی حکومەتـی عێـراق زیاتـرە، ڕێگـرن لـەوەی ڕێککەوتنـەکان جێبەجـێ بکرێـن و، بارودۆخـی شـنگال و کەرکـووك و هەمـوو ناوچـە کوردسـتانییەکانی دیکـە ئاسـایی بکرێتـەوە.

- سـەبارەت بـە ئاوارەکانی پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاسـتی عێـراق، کـە لـە مـاوەی شـەڕی دژی تیرۆریسـتانی داعـش و شـەڕی نێـوان عەرەبـی شـیعە و سـوننە پەنایـان بـۆ هەرێمـی کوردسـتان هێنـاوە، وەزارەتـی کـۆچ و کۆچبەرانـی عێـراق کەمتەرخەمـە و، بەدەسـتی ئەنقەسـت لەبـری ئـەوەی زەمینـە خـۆش بـکات بـۆ ئـەوەی ئـاوارەکان بگەڕێنـەوە سـەر مـاڵ و حاڵـی خۆیـان، ئاسـتەنگیان بـۆ دروسـت دەکات، بـۆ ئـەوەی لـە پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان بمێننـەوە.

ئـەم شـەش گفتوگۆیـە کـە لەسـەر ئـەم شـەش پرسـە گرنگـە لـە وەرزی دووەمـی بازنـەی گفتوگـۆ ئەنجـام دراون، نزیکـەی (٨٠) دەسـتەبژێری نیشـتمانپەروەر لەنـاو گفتوگـۆکان و لەمیانـەی ڕاپۆرتـە مەیدانییـەکان و بـە هـەزاران هاووڵاتـی لـە سەرتاسـەری کوردسـتان لـە میانـەی ئـەو ڕاپرسـییانەی بازنـەی گفتوگـۆ ئەنجامـی داون، بەشـدارییان تێـدا کـردووە و، هەمـوو

**لە ناوچە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان جیا لەوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن بە چەندین شێوازی جیاواز بەردەوامە، لە هەمان کاتدا سیاسەتی گۆڕینی «مەزهەب»یشی هاتووەتە سەر**

**چەندین گرووپی چەکداری هێزەکانی حەشدی شەعبی، لەو ناوچانەی دەسەڵاتیان لە دەسەڵاتی حکومەتی عێراق زیاترە، ڕێگرن لەوەی ڕێککەوتنەکان جێبەجێ بکرێن و، بارودۆخی شنگال و کەرکووك و هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دیکە ئاسایی بکرێتەوە**

**بوونی مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی هەر دەوڵەتێك و، خەمساردی لەسەر دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو ئالنگاری و مەترسییانە، چارەنووسی ئەو قەوارە سیاسییە دەخاتە مەترسییەوە و ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەشێوێنێت**

**(١٢) ئەڵقەی گفتوگۆی ساڵی ٢٠٢٣، ئەزموونێکی گەورە بوو بۆ ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ، هاندەرێکی گەورەش بوو بۆ ئەوەی دەستەبژێری نیشتمانپەروەری کوردستان لە جددییەتی کارەکانی بازنەی گفتوگۆ بگات و، هەستیان کرد کە نییەتێکی خێر هەیە و، دەیەوێت خەم لە کێشەکانی ئەم نیشتمانە بخوات**

بەشداربووانیش، ئەم پرسانە بە ئالنگاریی گەورە و مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی لە قەڵەم دەدەن.

بوونی مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی هەر دەوڵەتێك و، خەمساردی لەسەر دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو ئالنگاری و مەترسییانە، چارەنووسی ئەو قەوارە سیاسییە دەخاتە مەترسییەوە و ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەشێوێنێت، بۆیە لەم کتێبەی لە بەردەستاندایە بە هەردوو زمانی «کوردی و عەرەبی»، هەوڵمان داوە لە ڕوانگەی بیروبۆچوونی جیاوازی لایەنە سیاسییەکان و بیروبۆچوونی جیاوازی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانەوە، خەمێك لەم ئالنگارییانە بخۆین و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بین، بۆ ئەوەی ڕێگە چارە و میکانیزمێك بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم مەترسی و ئالنگارییانە بگرێتە بەر.

بۆ ئەمساڵ (ساڵی ٢٠٢٤)، بازنەی گفتوگۆ بە ئەزموونێکی تازە دەست بە وەرزی تازەی گفتوگۆکانی دەکاتەوە، (١٢) ئەڵقەی گفتوگۆی ساڵی ٢٠٢٣، ئەزموونێکی گەورە بوو بۆ ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ، هاندەرێکی گەورەش بوو بۆ ئەوەی دەستەبژێری نیشتمانپەروەری کوردستان لە جدییەتی کارەکانی بازنەی گفتوگۆ بگات و، هەستیان کرد کە نییەتێکی خێر هەیە و، دەیەوێت خەم لە کێشەکانی ئەم نیشتمانە بخوات، ئیرادەیەکیش هەیە کە دەیەوێت خەم و کێشەکانی ئەم وڵاتە لە ڕوانگەی نیشتمانی و نیشتمانپەروەرییەوە سەیر بکات و، ئامانجێك هەیە کە دەیەوێت بە دەستی بهێنێت، کە ئەویش هەموو پێکەوە بە جیاوازیی بۆچوون و ئایدیۆلۆژیای سیاسیمانەوە، هەموو پێکەوە بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینمانەوە، شان بدەینە بەر چارەسەرکردنی کێشەکانی نیشتمانی خۆمان و هەنگاو بۆ کوردستانێکی بەهێزتر هەڵبگرین.

**بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**بازنەی گفتوگۆ**
**کانوونی دووەمی ٢٠٢٤**








گوڵستان محەمەد:

# ڕاستە لە دەستپێکدا کەوتن هەیە، بەڵام بەردەوامبوون کلیلی سەرکەوتنەکانمانە

**گوڵستان محەمەد، خاتوونێکی دەسترەنگین و بەسەلیقەیە، وێرای ئەوەی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆمەڵناسی هەیە و هاوکات دایکی سێ منداڵیشە، بەڵام وەك خۆی باسی دەکات، هەر لە منداڵییەوە هۆگری کارە دەستییەکان بووە و دواجار لە ماڵەکەی خۆیدا بەهرەکانی دەخاتەڕوو و لە ڕێگەی سۆشیال میدیا و بە ڕێگەی ئۆنلاین کارە دەستییەکانی بە بازاڕ دەکات. لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، بەمجۆرە باس لە کارەکەی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

گوڵستان محەمەد، ساڵی ١٩٩٢ شارۆچکەی ڕانیە لەدایك بووە و دانیشتووی شاری سلێمانییە، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە کۆمەڵناسی و توێژەری کۆمەڵایەتییە، بەڵام وەك خۆی باسی کرد، تاوەکو ئەمڕۆ هەلی دامەزراندن و کارکردنی لە کەرتی گشتی بۆ نەڕەخساوە، سەرەتا بەشێوەی گرێبەست لە چەند شوێنێك کاری کردووە و دواتر بڕەوی بە کارە دەستییەکانی خۆی داوە و لە ڕێگەی پەیجی «گوڵستان ڕایزن» بەرهەمە دەستکردەکانی بەبازاڕ دەکات. هەر لە بارەی کارەکەیەوە دەڵێت: «سەرەتا بە شێوەی گرێبەست لە خانەی بێسەرپەرشتان وەکو توێژەر و لە دایەنگەیەك وەکو بەڕێوەبەر کارم کردووە، بەڵام ماوەی ساڵ و نیوێکە سەرقاڵی کاری دەستیم و لە بوارەکانی ڕایزن و ئیپۆکس و سیرامیك و مۆم کار دەکەم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا سەرەتای کارکردنی تا چەند زەحمەت بووە و کێ هاوکار و پشتگیری بووە؟ گوتی: «سەرەتای دەستپێکردنی ئەو کارەم زۆر زۆر قورس بوو، ئیبۆکس کارێکی زۆر تازەیە لە کوردستاندا و کارێکی وردە، بەڵام کە مرۆڤ ئامانجێکی هەبێت و بۆ ئەوەی پێی بگات، کار لەسەر بەدەستهێنانی دەکات، ڕاستە لە دەستپێکدا کەوتن هەیە و زەحمەتی زۆر دێتە ڕێگەت، بەڵام کۆڵنەدان و بەردەوامبوون کلیلی سەرکەوتنەکانمانە.

هەموو ئافرەتێك پێویستی بە پاڵپشتیی خێزانەکەیەتی، منیش هەر لە سەرەتاوە خێزانەکەم زۆر پاڵپشت و هاندەرم بوون و ئەوان منیان دروست کرد، لێرەوە زۆر سوپاسی دایك و باوکم و هاوسەر و خوشك و براکانم دەکەم، بەتایبەت هەڵوێستی برام، وەکو شاخێکە لە پشتم، لەبەر ئەوە لە هەنگاونانم بۆ پێشەوە، لە کەوتن نەدەترسام و دەمزانی کەسێك هەیە ڕێگە لە کەوتنم دەگرێت و لە خراپترین کەوتنیشدا دەستم دەگرێت و هەڵمدەسێنێتەوە».

کاتێك پرسیار کرا: وەکو خانمێك کە کاردەکەیت لە هەمان کاتدا دایکیت، ئایا هێز و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی زەحمەتییەکانت چۆن بەدەست هێناوە؟



گوڵستان محەمەد دەڵێت: «چونکە حەز و ئارەزوویەکی زۆرم بۆ کارکردن هەیە و هەر لە تەمەنی منداڵیشمەوە زۆر حەزم بۆ کاری دەستی بە گشتی هەبوو، ئەگەرچی دوور بووە لەو بوارەی کە تێیدا خوێندوومە، هەر ئەوەش وای کردووە، سەرەڕای ئەو هیلاکی و ماندووبوونەی ژیان لەو کارەم دانەبڕێم، جاری وا هەبووە سەعات دووی شەو بیرۆکەم بۆ هاتووە و لەسەر کاغەز کێشاومە بۆ ئەوەی بەیانی کە هەستام کاری لەسەر بکەم و مۆدێلەکەم لەبیر نەچێت، ئەگەر بیست و چوار کاتژمێرەکە کار لەسەر بەهرەکەم بکەم، هیچ بێزار نابم، سەرەڕای ئەوەی کە دایکی سێ منداڵم».



سەبارەت بە کارکردنی ئافرەتانیش لەم سەردەمەدا گوتی: «هەموو تاکێکی کۆمەڵگە پێویستە لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێت، دەکرێت مرۆڤ ئەو حەز و خولیا و ئارەزووەی کە لە بەهرەکەیدا هەیەتی بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان بیخاتەگەڕ».

سەبارەت بە ئامانجیشی بۆ داهاتووی کارەکەی گوتی: «ئەگەر لە ڕووی ماددییەوە بۆم بگونجێت، حەز دەکەم شوێنێکی گەورەم هەبێت، چونکە ئێستا لەناو ماڵەکەی خۆمدا لە شوێنێکی زۆر بچووك کارەکانم ئەنجام دەدەم، ئەگەر خوای گەورە ئەو دەرفەتەم بۆ بڕەخسێنێت، ئەوکات دەتوانم کۆمەڵێك خانمی دیکە بهێنمە ناو بازاڕی کار و سەرمایەداری لە بواری کاری دەستیدا، ئەوەش گەورەترین ئامانجی منە کە هەوڵی بۆ دەدەم.



دهۆک بەڕۆژی:

# ئامانجم ئەوە بوو، بەشێک لە ژیانی سەختی ئافرەتە تێکۆشەرەکانی کوردستان بنووسمەوە



«ئافرەتە تێکۆشەرەکانی کوردستان»، ناوی پەرتووکێکی چاپکراوە لە دووتوێی ٣٧٠ لاپەڕە، لە نووسینی دهۆک بەڕۆژی کە باس لە خەبات و قوربانیدانی خانمانی کورد بە هەموو ئایین و نەتەوە جیاوازەکانەوە دەکات. بریتییە لە ژیاننامەی ١٥٢ ئافرەتی تێکۆشەر. هۆکارەکانی نووسینی ئەم بەرهەمەشی بۆ گۆڤاری گوڵان دەخاتەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

دهۆك بەڕۆژی سەبارەت بە ناوەڕۆكی كتێبەكەی دەڵێت: «سەبارەت بە ناونیشانی «ئافرەتە تێكۆشەرەكانی كوردستان» كە یەكێك بوو لە باشترین كارەكانم، بۆ یەكەمجارە كتێبێك پێشكەش بە كتێبخانەی كوردی و عێراق دەكرێت كە باس لە ژیانی ئافرەتەكانی كورد دەكات بە هەموو ئەو ئایینانەی كە لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا بوونیان هەیە، كە لە موسڵمان، مەسیحی، جوولەكە، ئێزدی، فەیلی و كاكەیی پێكهاتوون.

لە سەرەتا وەكو ئامادەكاری ئەم پەرتووكە، دەبێت بڵێم: ئامانجم ئەوە بوو، بەشێك لە ژیانی سەختی ئافرەتە تێكۆشەرەكانی كوردستان بنووسمەوە، كە ڕۆڵێكی بەرچاویان لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا هەبووە.

گەلی كورد بە درێژایی مێژوو لە خەباتكردن بەردەوام بووە بۆ دەستنیشانكردنی چارەنووسی خۆی و گەیشتن بە ئازادی و دابینكردنی داهاتوویێكی گەش بۆ كوردستانیان، بۆ ئەمەش چەندان شۆڕشی بەرپا كردووە و دەیان شێوازی لەو پێناوەدا گرتووەتەبەر و لە هەموو ئەو شۆڕشانەشدا ئافرەتە تێكۆشەرەكانی كوردستان بەشداربوون و ڕۆڵی كاریگەریان هەبووە، ئەگەرچی وەك پێویست تیشك نەخراوەتە سەر ڕۆڵی بەرچاویان و زۆربەی جاریش ئەم ڕاستییە فەرامۆش كراوە.

ئافرەتی كورد لە هیچ قۆناغ و سەردەمێكی خەباتی گەلەكەیدا كەسێكی دوورەپەرێز و دابڕاو نەبووە، بەڵكو وەك تاكێكی چالاك بوونی بەرچاو بووە. ئەگەر دەركەوتنی وەك پاڵەوانێكی سەركردە دەگمەن بووبێت، بەڵام وەك كەسێكی پشتیوان و هاندەر و درێژەپێدەر بەشدارییان لە خەباتی ڕەوای گەلی كورد كردووە.

ئافرەتان پشكی گەورەی قوربانیدان و فیداكارییان بەركەوتووە، لەلایەك بە هۆی كاركردنی بۆ شۆڕش ڕووبەڕووی گرتن و ڕاوەنان دەبوونەوە و زیندانەكانیان پێ پڕ دەكرایەوە و لە لایەكی دیكەیشەوە ژیانی سەختی شاخ و شۆڕشیش یەكێكی دیكە بوو لە مەینەتییەكانی ئافرەتان، چونكە لەگەڵ پیاواندا شاخ بە شاخ و دێ بەدێیان دەكرد، ژیانی ئارامیی و ئاسوودەیی شاریان لە دوای خۆیانەوە بەجێ دەهێشت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئافرەتە زۆر جار دەبوونە بێوەژن و جەرگسووتاو و براكوژراو، هەر ئەوانیش بوون كە ئەركی سەختی ژیان و بەخێوكردنی منداڵەكانیان هەڵدەگرت، هەموو ئەم ڕاستییانە وادەكەن كە بەبێ دوودڵی بڵێین: ئافرەتە تێكۆشەرەكانی كوردستان فاكتەرێكی سەرەكیی و گرنگ بوون بۆ سەركەوتنی شۆڕشی گەلی كورد و بەدیهێنانی ئازادیی و سەربەخۆیی كوردستان.

ئەگەر ئێمە چەندێك لەسەر ئافرەتی كورد بدوێین هێشتا هەر كەمە، ئافرەتە تێكۆشەرەكان هەر یەكە لە بواری خۆی توانیویانە خزمەت بە گەلەكەیان بكەن و خۆیان بەخت كردووە».

دهۆك بەڕۆژی ئەوەشی خستە ڕوو كە لە كتێبەكەی سوودی لەو سەرچاوانە وەرگرتووە و زۆر جار زانیارییەكانی لە ڕێگەی چاوپێكەوتن كۆكردووەتەوە، هاوكات دەڵێت: «هیوادارم ئەم بەرهەمە سوودبەخش بێت، ئێمەی كورد مێژوویەكی دێرینمان هەیە، ئافرەتی كورد هیچ جیاوازییەكیان نییە لەگەڵ ئافرەتە ناودارەكانی جیهان، ئەمە ئاواتی هەموو كوردێكی دڵسۆزە كە خوشك و كچ و دایكانمان ئەوەندە لێهاتوو بن كە بە سەربەرزییەوە ناویان بێنین و ناویان لە مێژوودا تۆمار بكرێت.

لێرەدا دەمەوێت سوپاسگوزاری ئەو شێرە ژنە بم كە هەمیشە هانی داوم لە ژیاندا بەردەوام بم و متمانەی بە من هەبووە، بێگومان لە دایكمەوە فێر بووم، كە هەمیشە دەڵێت: كوردایەتیمان لە بازاڕ نەكڕیوە و خەڵكیش بەخێر پێی نەداوین، ئەوە شوناسی ئێمەیە و بەرهەمی خوێنی هەزاران گەنجی كوردە و پاراستنی نەتەوە و نیشتمان و خاكمان ئەركی ئێمەیە.

لێرەدا بەڵێن بە دایكم دەدەم، دادپەروەرییەكەی بكەمە بنەمای كاركردنم و خزمەتكاری نیشتمانەكەم بم. دووبارە سوپاسی دەكەم.

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز(هەڵگورد شێخ نەجیب) سەرپەرشتی ئێدارەی سەربەخۆی سۆران كە ئەركی چاپكردنی ئەم پەرتووكەیان لە ئەستۆ گرت، كە هەمیشە متمانەی تەواوی بە گەنجانی وڵاتەكەی هەیە، ئەو كەسایەتییەكی تایبەتی هەیە، بەڵێنی زۆر نادات، بەڵكو زیاتر بە كردار خۆی نیشان دەدات، ئەمە جێگەی شانازییە بۆ هەموومان. هیوای سەركەوتنی بۆ دەخوازم.

هەروەها سوپاس بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. ئەبووبەكر باڵەكی كە ڕێنیشاندەرم بوو لە كاری نووسین، مامۆستای باش درەختی گەشبینی لە دڵی نەوەكانی وڵات دەڕوێنێت. پێویستە لەسەر مامۆستا لە ناوەندی پەروەردە و ئەكادیمیایی هەستی نیشتمانپەروەری پیشانی گەنجانی وڵاتەكەی بدات.

هەروەها زۆر سوپاس بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەریی سۆران كە بۆ ناساندنی ئەم پەرتووكە ئەركیان كێشا و ئەم كارەیان لە ئەستو گرت. هیوادارم بەم كارە توانیبێتم خزمەت بە كتێبخانەی كوردی و مێژووی گەلەكەم بكەم. داوای لێبووردنیش دەكەم بۆ هەر كەموكورتی و هەڵەیەك، یان لەبیرچوونەوەیەك، هەڵبەتە هیچ كارێكش نییە كەموكورتی و هەڵە و لەبیرچوونەوەی تێدا نەبێت، هیوادارم بە ڕەخنە بونیادنەرەكانتان بەرهەمەكە دەوڵەمەندتر بكەن. لە كۆتاییدا دەڵێم: هەر شەكاوە بێت ئاڵای پیرۆزی كوردستان و نەمریی بۆ شەهیدانی ڕێبازی سەربەخۆیی كوردستان.

**ئافرەتی كورد لە هیچ قۆناغ و سەردەمێكی خەباتی گەلەكەیدا كەسێكی دوورەپەرێز و دابڕاو نەبووە**

**ئافرەتە تێكۆشەرەكانی كوردستان فاكتەرێكی سەرەكیی و گرنگ بوون بۆ سەركەوتنی شۆڕشی گەلی كورد و بەدیهێنانی ئازادیی و سەربەخۆیی كوردستان**

**بێگومان لە دایكمەوە فێر بووم، كە هەمیشە دەڵێت: كوردایەتیمان لە بازاڕ نەكڕیوە و خەڵكیش بەخێر پێی نەداوین، ئەوە شوناسی ئێمەیە**

**پێویستە لەسەر مامۆستا لە ناوەندی پەروەردە و ئەكادیمیایی هەستی نیشتمانپەروەری پیشانی گەنجانی وڵاتەكەی بدات**

# ساڵێکی نوێ و هەزاران ئومێد



فەرهەنگ غەفوور

وا ساڵێکی نوێی زایینی (٢٠٢٤) بەسەر ئێمە و جیهاندا هاتەوە، ئومێد دەکەین مژدەی خۆشی و ئاسوودەیی بۆ مرۆڤایەتی و، بەتایبەت ڕزگاری و سەربەخۆیی بۆ کورد و ئاشتی و ئارامی بۆ نیشتمانەکەمان هێنابێت.

هونەرمەندان وەك توێژێکی دیار و زیندوو لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا، ساڵی ڕابردوو زۆر خەون و ئومێدی گەورەیان هەبوو، بەڵام دۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە بەگشتی، هیچ یارمەتیدەر نەبوو بۆ ئەوەی ئەو خەون و خولیایانەی هەیانە بکەن بە بەرهەم و داهێنانی تێدا بکەن و پێشکەشی گەلەکەیان و مرۆڤایەتیشی بکەن. ئەو دۆخە نارەوایەی عێراق و ناوچەکە بەسەر کوردستانیاندا سەپاندووە، بەربەستی گەورەیان لە بەردەم کار و بەرهەم و داهێنان و تەنانەت ژیانی ئاسایی خەڵکیشدا دروووست کردووە، بۆیە ئەوەی هونەرمەندان دەیانویست و خەونیان پێوە دەبینی کە بتوانن پێشکەشی بکەن، بە چەندین هۆکارەوە مەیسەر نەبوو، زەمینەی کارکردنیش وەك پێویست نەبوو، ئاخر لە لایەك هۆڵەکان کەمن و ئەوەی هەیشە کۆن و پڕ کەموکوڕییە، لەلایەکی دیکە بودجە بۆ کاری بەرز و باش، یان هەر نەبوو، یانیش زۆر کەم و سنووردار بوو. ئەو بێ مووچەییە و نەناردنی لەلایەن حکوومەتی عێراقیشەوە دۆخەکەی بۆ خەڵك و حکوومەتەکەشمان سەخت و دژوارتر کرد، بۆیە ئەوەی هونەرمەندان دەیانویست و ئەوەی خەڵکیش چاوەڕوانیی لە هونەرمەندان هەبوو نەکرا و نەلوا و جێبەجێ نەبوو، لەگەڵ هەندێش، بەو هەموو دەستکورتی و دۆخە نەخوازراوەشەوە، هونەرمەندان و بەتایبەتیش لە هەولێر، لە بوارە جیاجیاکانی هونەرە جوانەکاندا دریغییان نەکرد و خۆبەخشانە یان بە کەمێك دەستگرتن، لە چالاکیی خۆیان هەر بەردەوام بوون. جێی داخیشە کەوا ژمارەیەك لە هونەرمەند و نووسەر و ڕۆشنبیر لە ساڵی ڕابردووی ٢٠٢٣ ماڵئاواییان کرد و زۆر لە هیوا و ئاواتەکانیان بردە ژێر خاك.

ئێستا کە ساڵێکی نوێیە و بە حیساب دەبێ لاپەڕەیەکی نوێ و تازە لە تەمەن و ژیانمان بکەینەوە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ گۆڕانی ساڵەکاندا گۆڕانکاری لە کار و بەرهەمەکانماندا ڕوو نەدات، تەنیا گۆڕینی ژمارەیە و بەس. ئەوکاتە ساڵ ساڵی نوێ و تازە و پیرۆزە کە هەم خۆمان بە جۆش و خرۆش و بە بەرهەمی باش بێینەوە مەیدان و، هەمیش زەمینە و پێداویستییەکانی پێشکەشکردنی بەرهەم و چالاکییەکان لە جاران باشتر بەردەست بن. ڕاستە لە ساڵی تازەدا ئومێد بۆ ئەوە دەخوازین کە کاری باشتر بکرێت و بەرهەمی زیاتر پێشکەش بە خەڵك بکەین، هەروەها هونەرەکانمان بە جیهانی دەرەوەش بناسێنین و ڕەنگدانەوەی ئەو ژیانە بە تاڵ و شیرینیەوە، بە وێنەیەك لە ئارامی و پێکەوەژیان پیشان بدەین، بۆ ئەوەی جیهان باشتر لە جاران بە چاوی خۆی ئەم گەل و وڵاتە جوان و ئاوەدان و ئارامەی ئێمە ببینێت، کە هەوێنی پێکەوەژیانی ڕاستەقینەیە لە ناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گڕگرتوودا. بۆ ئەوەی جیهان بەوەش بزانێ کە ئێمەش وەك ئەوان شایستەی ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ و شایستەین، وەك چۆن ئێمە وەك قەڵای بەرگری لە هەموو جیهان بەگژ ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشدا چووینەوە و قوربانیمان لە پێناو نیشتمانەکەمان و تێکڕای مرۆڤایەتیدا دا، ئەوانیش لەگەڵ ئێمەدابن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی میلیشیا لە یاسا دەرچووەکان و دوژمنانی ئاشتی و ئازادی.

دیسان دێمەوە سەر بواری هونەر، ئێمە بە هەموو تواناوە خۆمان بۆ کار و چالاکی و بەرهەمی باش بۆ ساڵی نوێ ئامادە دەکەین، ئەوەی لە دەستمان بێت، دریغی لێ ناکەین، ئومێدیش دەکەین ئەو دەرفەتە باشەمان هەبێت، بۆ ئەوەی بێ کەموکووڕی و بە گوڕوتینەوە کار بکەین و بەرهەمی جۆراوجۆر پێشکەش بکەین.

دووبارە ساڵی نوێ، ساڵی ٢٠٢٤ لە هەموو لایەك پیرۆز و، بە خێر و خۆشی بێتەوە.



# زۆیا بە (سینەم و شینۆكێ) دەگەڕێتەوە

دوای ماوەیەكی زۆر دابڕان لە كاری هونەری، خانمە گۆرانیبێژی ڕۆژئاوای كوردستان زۆیا نوێترین بەرهەمی خۆی بەشێوەی ڤیدیۆ كلیپ بڵاو كردەوە.

(سینەمێ و شینۆكێ) نوێترین كاری هونەریی زۆیایە كە لە كەناڵی یوتیوبی تایبەتی خۆی بڵاوی كردووەتەوە، كە تێكست و ئاوازەكەی فۆلكلۆرە، لەزگین خالید كاری ئەڕێنجمێنتی بۆ كردووە و لە دەرهێنانی ئازاد میدییە.

سەبارەت بەم گۆرانییە زۆیا لە لێدوانێكیدا بۆ گوڵان گوتی: «من عاشقی هونەری ڕەسەن و فۆلكلۆری كوردیم، پێشتریش لە بەرهەمەكانمدا چەندین گۆرانیی فۆلكلۆریم پێشكەش كرد، لە داهاتووشدا گۆرانیی فۆلكلۆری دیكەش پێشكەش دەكەم، گۆرانیی سینەم و شینۆكێ، دوو گۆرانیی فۆلكلۆرین كە پێشكەشی جەماوەرەكەمیان دەكەم، و بەردەوامیش دەبم لەسەر ئەم ڕێچكەیە، چونكە فۆلكلۆر و گۆرانییە ڕەسەنەكان دەروازەیەك بوون بۆ من لە مەیدانی هونەردا.

زۆیا لە ساڵی (١٩٨٦) لە شاری قامیشلۆی ڕۆژئاوای كوردستان لە دایك بووە، لە تەمەنی (١٢)ساڵییەوە دەستی بە كاری هونەری كردووە و لە سەرجەم چالاكییەكانی قوتابخانەكادان بەشداریی كردووە، بۆ یەكەمجار لە ساڵی (٢٠٠٣) بە شێوەیەكی فەرمی لە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەكەیدا گۆرانیی گوتووە، لە ساڵی (٢٠٠٦) یەكەم بەرهەمی خۆی بڵاو كردووەتەوە بە ناوی (چاڤێ تە) سێ گۆرانیی ئەو بەرهەمەشی كلیپ كردووە، لە ساڵی (٢٠١٠) بەرهەمێكی دیكەی تۆمار كردووە بە ناوی (هێڤی مە) لەم بەرهەمەشدا چەندین كلیپی بۆ گۆرانییەكان كردووە.

# ئاریان سەرسام

**لە ناوی هونەرمەندەکەوە، ئاریان سەرسام، نیگامان بەرەو دنیای هونەری نیگاری منداڵان بە دەست و پەنجەی ئەو، دەبەین. بە درێژایی حەفتا ساڵ لە تێکۆشانی کورد لە نێو دەوڵەتی داگیرکەری عیراقدا، ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ گەورەترین کاریگەری و نەخشی کارای لە ڕەنگرێژ و نەخشڕێژ کردنی ڕێڕەوی بەدەست هێنانی مافی نەتەوەییانەی کورددا هەبوو. بۆیەش باسی ٣٣ ساڵ بەر لە ئێستا دەکەم، چونکە کرۆکی باسەکەمان لەوێوە سەرچاوە دەگرێت.**

ڕاپەڕینی مەزن، هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حوکمەتی بەدوادا هات. دەسەڵاتی خۆماڵی، بە هیچ شێوەیەك، بە دەسەڵاتی داگیرکەر بەراورد ناکرێت. داگیرکەر دەرچوونی گۆڤارێك بۆ منداڵانی کورد (نموونەشمان گۆڤاری «ئەستێرە»یە) بە مەترسی دەزانێت، بەڵام لە سایەی دەسەڵاتی خۆماڵی لە ڕاپەڕینەوە تا دەگاتە ئێستا، دەیان گۆڤاری منداڵان لە گەورە شارانی کوردستاندا دەرچوون. وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان هەر لە یەکەمین کابینەی حوکمەتی کوردستانەوە، بڕیاری دەرکردنی گۆڤاری «هەنگ»ی بۆ منداڵانی کوردستان دا. لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارەش پێویستی بە نیگارکێشی منداڵان هەبوو. هەنگین ئاریان سەرسام کیژۆڵەیەکی تازە ڕاچەنیو بوو، عەبدولخالیق سەرسامی باوکی خانەوادەیەکی کولتوورپەروەری چێ کرد بوو، ئیدی بۆیە ئاریان سەرسام زۆر بە متمانەوە توانیی گەشە بە خولیای خۆی لە بواری نیگاری منداڵان بدات. دوای تێپەڕ بوونی پتر لە سی ساڵ، ئێستا ئاریان سەرسام هونەرمەندێکی زۆر توانایە، نیگارکێشێکی ناسراوی هونەری نیگاری منداڵانە، لەم تەرزە هونەرەدا، خاوەن شێوازی تایبەت بە خۆیەتی.

لە ڕووی بابەتەوە، نیگاری ئاریان بە دەوری سروشت و بابەتی پەروەردە و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا دەخولێنەوە. بەرهەمی ئەو لە هەستی قووڵی



نەتەوەخوازی و نیشتیمان پەروەرییەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر نیگارێکی ئەو وانەیەکە و ئاراستە بە منداڵانی کوردستان کراوە. بۆنە و یادەکان بە زمانێکی بەرزی ستاتیکی بەسەر دەکاتەوە، نیگاری ئەو هێندە جوان و بەرجەستەیە، قووڵ لە زەینی منداڵدا دەچەسپێت. هەستێکی بەرزی مرۆڤ دۆستی لە تێکڕای بەرهەمی ئەودا دەخوێندرێتەوە.

شتێکی کە زۆر مایەی ستایش و سەرنجە، زۆر وردەکارانە نیگار دەکێشێت، پوخت و پاك، جوان و دڵگیر گەڵاڵەی دەکات، ئەندێشەی نێگارکێشانەی ئەو، ئاوێتەیەکە لە دنیای واقیع و خەیاڵ، ئەمەش لە ڕووی پەروەردەییەوە گەشە بە هەستی جوان دۆستی و خۆناسی و ژینگە دۆستیی منداڵ دەدات، زۆر بە چڕی و ئارام، پەردەی خەیاڵ و خەیاڵدانی ئەوان پاراو دەکات، ئەو بە هونەرەکەی ڕۆڵێکی زۆر کارای پەروەردە و پێگەیاندن دەگرێتە ئەستۆ، ئەمەش پەیامێکی بەرزە و تەنیا هونەر دەتوانێت بیگرێتە ئەستۆ.

لە بنەڕەتدا ئاریان نیگارکێشێکی توانایە، وەك لە لای هەموو نیگارکێشێك وا باوە، مۆدێلی دەموچاوی منداڵەکان (شافیگەر)ی نێو نیگارەکانی، دروست سیمای ڕوخساری ئەوی (هونەرمەندن)، ئەمەش کارێکی نەستەکی و بەدەر لە ویستی نیگارکێشە. هەر بە نیگار، لە نێو شارەوە بۆ باوەشی سروشت گەشتی هونەر دەکات. بە سوود وەرگرتن لە تەکنیکی دیجیتاڵ، ئاستی بەرجەستە کردنی نیگارەکانی بەرزتر و درەوشاوەتر کردووە. ئاریان زۆر بە هێوری و ورد ئێمەی گەورانیش بەرەو دنیای ڕەنگینی منداڵان دەبات، پێشم وا نییە منداڵێك هەبێت بتوانێت ئاوێتە بە نیگارەکانی ئەو نەبێت، سیحری جوانییەکی بە تەوژم، بینەر، چ گەورە بێت یان کچگە، بەرەو دنیای ڕەنگینی نیگارەکانی پەلکێش دەکات.















ئیمان هەڤاڵ

یاریزان و ڕاهێنەری هێزی لەش و بەرزکردنەوەی قورسایی:

# ئەگەر هەوڵی بۆ بدەم دەگەمە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق، چونکە هەموو کات باوەڕم بە هێزی خۆم هەیە



لە شارەکانی کوردستان یارییەکانی هێزی لەش و لەشجوانی و زوومبا و ئایرۆبیک بوونەتە یەکێك لەو یارییانەی کە خانمان بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕوو لەم یارییە دەکەن، بۆ ئەوەی هەم حەز و خولیاکانیان بەجێ بهێنن، هەمیش ببنە خاوەن لەشولارێکی ڕێك. لە ئێستادا لە شارەکانی کوردستانیش ئەم یارییە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندندایە و ئافرەتانیش بەشێوەیەکی زیاتر لە جاران ڕوو لە وەرزشەکە دەکەن، لە هەولێری پایتەختیش کۆمەڵێك کچە یاریزان گرنگی بەم وەرزشە دیکە دەدەن و چەندین یاریزانی بەتواناش ڕکابەریی ئەنجامی گەورە دەکەن، یەکێك لەو ئافرەتە یاریزانانەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق (ئیمان هەڤاڵ)ـە، کە وەکو یاریزان بۆیانەکانی هەندرێن و زانکۆی سەلاحەدین یاریی کردووە، ئیمان لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ـە و خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە بواری وەرزشدا، ئێستا بۆ هیچ یانەیەك یاری ناکات تەنیا وەکو ڕاهێنەر و یاریزان لە گرووپ و هۆڵدا بەشداریی پاڵەوانێتیەکان دەکات، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد سەبارەت بەم وەرزشە، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو بڕیارت دا بێتە نێو دونیای هێزی لەش و هەڵگرتنی قورسایی؟**

- سەرەتای دەستپێکردنی یاریی قورسایییم لای مامۆستا ئیسماعیل مەولود بوو، کاتێك قوتابی زانکۆ بوو، وانەیەکمان هەبوو بە ناوی بەرزکردنەوەی قورسایی، لەو کاتە مامۆستای وانەکەم هەر خۆی تیپێکی هەبوو پێی گوتم هەست دەکەم گونجاویت بۆ یاریی بەرزکردنەوەی قورسایی، دواتر دەستم پێ کرد.

*** هەست ناکەی وەرزشێکی قورست هەڵبژاردوە کە ئاسنە؟**

- ئەگەر بە ناوی ئیمانەوە قسە بکەم هیچ جۆرە وەرزشێك قورس نییە، بەڵکو هەموو کات چێژێکی تایبەتم بینیوە لە هەڵگرتن و بەرز کردنەوەی ئاسنەکان.

*** بۆچی یاریی هێزی لەش لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- چونکە هێشتا ئەم وەرزشە نە ناسراوە لە کوردستان، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا زۆر هەست بە بەرەوپێشچوونێکی باش دەکەم لە ڕووی ئەنجامدانی چالاکی و ناساندن و ئاشنا بوونی لەلایەن خەڵکەوە.

*** هەست ناکەیت ئەم وەرزشە بە شێوەیەکی باش پێشوازیی لێ نەکراوە بە تایبەت بۆ کچان؟**

- لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەر کات کە ناوی ئاسن یان بەرزکردنەوەی ئاسن دەبیستن، ترس دەدەنە کچەکانمان، چونکە وایان بیستوە ئەم وەرزشە تەنیا بۆ پیاوانە، ئەو ترسە وایان لێ دەکات لە هەموو ئەو یارییانەی کە ئاسنیان تێدایە دوور بکەونەوە، بەڵام خۆشبەختانە من ناڵێم یەکەم کەسم ئەو ڕێچکەیەم شکاند، بەڵام توانیومە لە ناو خێزانەکەم و هاوڕێکانمدا بیشکێنم.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- دڵخۆشم بەو پێشکەوتنەی کە ئێستا هەیە، ناڵێم ئاستێکی زۆر باشە، بەڵام باشترە لە چەند ساڵی ڕابردوو، لەبەر ئەوەی من لە هەولێرم چالاکییەکانی یەکێتی هێزی لەشی هەولێرم زۆر پێ باشە و دەست خۆشیان لێ دەکەم.

***چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- کۆمەڵگە و بە ڕێژەیەکی زۆریش خێزانەکان پێویستە هاوکار بن لەم بابەتەدا بۆ ئەوەی کچانی کورد بە دونیا بناسێنین.

***بەرنامەت چییە وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتوو؟**

- هیوادارم بتوانم بەشداریی بکەم لە پاڵەوانێتیی جیهانی و دەرەوە بۆ ئەوەی ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنم.

*** بۆچی بۆ هیچ یانەیەك یاری ناکەیت؟**

- لەو کاتەدا یانەکان باری دارایيان باش نییە منیش پێویستم بە سەرچاوەی داهات بووو بڕیارم دا کاری ڕاهێنەری بکەم و تیپی خۆم درووست بکەم.

***گرفتی ئەم وەرزشە لە چیدا دەبینی؟**

- کەمیی بودجە لە هەرێمی کوردستان و گرینگی پێنەدانی.

***خەونی وەرزشیت چییە؟**

-هیوادارم بتوانم وێنەیەکی جوانی وەرزش لە ناو مێشکی هەموو تاکێکی کورددا پێشان بدەم و ببمە مایەی شانازی بۆ خێزانەکەم و وڵاتەکەم، وەکو ئافرەتێکی بەهێز لە بیر نەکرێم.

***یانەکان گرێبەستیان پێشکەش کردوویت؟**

- بەڵێ بۆم هاتووە لە یانەکانی کوردستان وعێراق، بەڵام من ناتوانم قبووڵی بکەم، چونکە بە مووچەکانیان ناتوانم پێداویستییەکانم دابین بکەم.

***بڕیارت نەداوە بەشداری پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی بکەی؟**

- ئەگەر بارودۆخ بگونجێ بەدڵنیاییەوە بەشداری دەکەم، ئەوە ئاوات و خەونی منە.

*** هەوڵی گەیشتنت بە هەڵبژاردەی عێراق نەداوە؟**

- تا ئێستا بۆم نەڕەخساوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر بمەوێ هەوڵی بۆ بدەم دەگەمە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق، چونکە هەمووکات باوەڕم بە هێزی خۆم هەیە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- گەیشتن بە لوتکە ئاسانە، بەڵام مانەوە و پارێزگاریکردن سەختە، خۆشبەختانە من ماندوو دەبم، بەڵام ناهێڵم شوێنم بگۆڕێ، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ پاڵپشتیی وەرزشکاران لە شارەکانی کوردستان، سوپاسی دایك و باوکم دەکەم هەمیشە لە پشتیوانم بوون.



# پیریز ئارامی لە ئێمباپێ نەماوە

هەندێک لە ڕاپۆرتە ڕۆژناوانییەکان لە ئیسپانیا پێشهاتی نوێیان لەسەر دانوستاندنەکانی ڕیال مەدرید بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ کیلیان ئێمباپێ ئەستێرەی پاریس سانت جێرمان ئاشکرا کرد.

ماوەی گرێبەستەکەی ئێمباپێ لەگەڵ پاریس سانت جێرمان تەواوبوو و تا کۆتایی ئەم وەرزە یاری بۆ یانەی پاریسی دەکات و ئەو مافی ئەوەی هەیە لە ئێستاوە گفتوگۆ لەگەڵ هەر یانەیەک بکات، کە بیەوێت بۆی بچێت.

بەگوێرەی ئەو سەرچاوانە دانوستاندنەکانی نێوان فلۆرێنتینۆ پێرێزسەرۆکی یانەی ڕیال مەدرید و فایزا ئەلعەماری دایک و بەڕێوەبەری کارەکانی ئێمباپێ بە باشی بەڕێوەناچێت.

ڕوونیشیانکردووە جیاوازییەکی گەورە لە تێڕوانینەکانی نێوان پێرێز و ئێمباپێ هەیە تاوەکو ئێستاش هیچ ڕێککەوتنێک نەکراوە.

هەندێک لە سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان باس لەوە دەکەن، کە دۆخی دانوستاندنەکان باش نییە و پێرێز خەریکە ئارامی لەو خانمە نامێنێت، بەڵام خۆسێ ئانخێل سانچێز بەڕێوەبەری جێبەجێکاری یانەی ڕیال مەدرید دەستوەردانی کردووە بەمەبەستی ڕزگارکردنی گرێبەستەکە.

ئەو سەرچاوانە ئاماژەیان بەوەشکردووە پەیوەندییەکی باش لە نێوان فایزە ئەلعەماری و سانچێزدا هەیە هەروەها لێکتێگەیشتنێکی گەورەی بۆچوونەکان هەیە بەپێچەوانەی ئەوەی لە نێوان پێرێز و فایزەدا ڕوودەدات.

سەرچاوەکانی نزیک لە یانەی شاهانە دووپاتیانکردووە، کە بڕیارە سانچێز دۆسیەی تەواوکردنی گرێبەستەکەی ئێمباپێ وەربگرێت لە بری فلۆرێنتینۆ پێرێز.





# ئەستێرەییەکی هۆڵەندی چووە خولی ئەڵمانی

ئەستێرەیەکی یانەی مانچستەر یۆنایتد پەیوەندی بە خولی ئەڵمانیا دەکات و دەیەوێت جارێکی دیکە بدرەوشێتەوە.

دۆنی ڤان دی بیک یاریزانی هۆڵەندی و یانەی مانچستەر یۆنایتد بە خواستن پەیوەندی بە یانەی ئەنتراخت فرانکفۆرت دەکات بەپێی گرێبەستەکە فرانکفۆرت جگە لە پارەی خواستنەکە بەشێکی زۆری مووچەی یاریزانەکە دەدات و مەرجێکی گرێبەستەکە ئەوەیە یانە ئەڵمانییەکە دەتوانێت لە هاوینی ئەمساڵدا بە بڕی ٩,٥ ملیۆن پاوەند و ٢,٦ ملیۆن پاوەند گۆڕانکاری گرێبەستی یاریزانەکە بکاتە هەمیشەیی.

ڤان دی بیکی تەمەن ٢٦ ساڵ لە ساڵی ٢٠١٩ توانی لەگەڵ یانەی ئەیاکس ئەمستردام ئاستێکی نایاب پێشکەش بکات و یارمەتی یانەکەی بدات لە گەیشتن بە قۆناخی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا ئاستە ناوازەکەی ناوەڕاستکارە هۆڵەندییەکە وایکرد وەک یەکێک لە پاڵێوراوانی باڵۆندۆر دەستنیشان بکرێت و سەرنجی چەندین یانەی گەورەی ئەورووپا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت لە کۆتاییدا مانچێستەر یۆنایتد گرەوەکەی لە یانەکانی دیکە بردەوە و ڤان دی بیکی گواستەوە یانەکە.

یاریزانەکە لەو کاتەوەی هاتووەتە یانە ئینگلیزییەکە نەیتوانیوە ئەو ئاستە پێشکەش بکات، کە لێی چاوەڕێ دەکرا و لەم وەرزەدا تەنیا ٢١ خولەک بەشداری یارییەکانی کردووە لە پێناو یاریکردنی زیاتر تاوەکو کۆتایی ئەم وەرزە پەیوەندی بە یانەی فرانکفۆرت دەکات.

ڤان دی بیک لە ساڵی ٢٠٢٠ بە بڕی ٤٠ ملیۆن یۆرۆ لە یانەی ئەیاکس پەیوەندی بە مانچستەر یۆنایتد کرد لەگەڵ یانە ئینگلیزییەکەدا بەشداری لە ٦٢ یاریکردووە و تەنیا دوو گۆڵی تۆمارکردووە.






# کاتی گەڕانەوەی تیرشتیگن دیاریکرا

یانەی بەرشلۆنە بەدەست پێکانی ژمارەیەکی زۆر یاریزانەوە دەناڵێنێت، لە سەرووشیانەوە مارک تێرشتیگنی گۆڵپارێزی ئەڵمانی، پێدری گۆنزالێز و ئینیگۆ مارتینێز جگە لە گاڤی یاریزانی کاریگەری یانەکە لە هێڵی ناوەڕاست.

ڕۆژنامەی ئەی ئێسی ئیسپانی زانیارییەکی نوێی سەبارەت بە وادەی گەڕانەوەی مارک تێرشتیگن ئاشکراکرد دوای ئەوەی نزیک بووە لە چاکبوونەوە لە پێکانەکەی.

گۆڵپارێزە نێودەوڵەتییە ئەڵمانییەکە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی رابردوودا تووشی پێکان لە پشتی بوو و لەو کاتەوە لە یاریگەکان دوورکەوتووە، کە ئامادەنەبوونی ئەو گۆڵپارێزە وایکردووە بەرشلۆنە متمانەی بە ئیناکی پێنا بکات.

هەرچەندە گۆڵپارێزە لاوە ئیسپانییەکە بە پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرزی هەمووانی سەرسام کردووە، بەڵام هاندەرانی بەرشلۆنە تامەزرۆی گەڕانەوەی تێرشتیگنن بۆ یاریکردن.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوە کردووە، کە بەرشلۆنە هیوادارە لە مانگی شوباتدا تێرشتیگن لە پێکان بگەڕێتەوە.

هەروەها بەرشلۆنە دەیەوێت تێرشتیگن بەشێوەیەکی نموونەیی بگەڕێتەوە یاریگەکان و بە تەواوی بۆ یارییە گرنگەکەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەرامبەر ناپۆلی ئامادەبێت.



# مەشقی وەرزشی و تەندرووستیی ئێسک

مەشقی وەرزشی ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ پاراستنی تەندرووستیی ئێسك، ئاستی سوودی مەشقی وەرزشی بۆ ئێسك بەندە بەو تەکنیکە تایبەتانەی کە پەیڕەو دەکرێن بۆ فشار خستنە سەر ئێسکەکان لە کاتی ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیدا. لە لایەکی دیکەوە مەشقی وەرزشی گرنگە بۆ هێشتنەوەی قەبارە و توانای ماسوولکەکان کە پێویستن بۆ جووڵەی درووست و مەشقی بەردەوام بۆ پاراستنی تەندرووستیی ئێسکەکان. پسپۆڕان ڕێنمایی دەکەن کە پێویستە هاوکات لەگەڵ مەشقی وەرزشیدا گرنگی بە هەنگاوەکانی دیکەی پاراستنی تەندرووستیی ئێسك بدرێت، کە بریتین لە: دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان، لە خواردنەوە ئەلکهولییەکان، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، گرنگیدان بە خۆراکی پرۆتینی، وەکو ماسی و سەرچاوەکانی کالسیۆم وەکو پەنیر و ماست لەگەڵ سەوزە گەڵا تاریکەکان و ڤیتامین D، سنووردارکردنی شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو قاوە و چای و خواردنەوەی وزەبەخش و گازدارەکان. باشترین مەشقە وەرزشییە گونجاوەکان بۆ پاراستنی تەندرووستیی ئێسك، بریتین لەو وەرزشانەی کە قورسایی دەخەنە سەر ئێسکەکان وەکو: پیادەڕۆیی، ڕاکردن، تێنسی سەر مێز یان تێنسی سەر زەوی، هەروەها مەشقەکانی هەڵگرتن و بەرزکردنەوەی قورسایی. پسپۆڕان جەخت دەکەنەوە کە پێش دەستپێکی هەر جۆرێکی مەشقی وەرزشی بۆ پاراستنی ئێسکەکان، پێویستە کە دیارکردنی جۆر و کات و ماوەی مەشقی وەرزشی بە ڕێنمایی دکتۆر بێت.


# سوودە تەندروستییەکانی سەوزە گەڵا تاریکەکان

سەوزە گەڵا تاریکەکانی Leafy greens وەکو سپێناغ، کاهو، سلق، جەرجیر و.. تاد، دەوڵەمەندن بە ڕیشاڵ، ڤیتامینەکانی A، B1، B2، B3، B5، B6، B9 (فۆلەیت)، C، K، بیتا کارۆتین، ماددە دژەئۆکسانەکان، لەگەڵ کانزاکانی ئاسن، مەگنسیۆم، پۆتاسیۆم، زینك، کالسیۆم، فۆسفۆر. سوودە تەندرووستییەکانی سەوزە گەڵا تاریکەکان: دابەزاندن یان کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، بەوەی کە ئەم سەوزانە کالۆریی کەم لەخۆدەگرن هاوکات لەگەڵ ڕێژەیەکی بەرزی ڕیشاڵ و ئاو و ڤیتامین K و ماددەی خۆراکیی گرنگ و سوودبەخش، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، واتە خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، بەتایبەتی نەخۆشیی شەکرە و ڕەقبوونی خوێنبەرەکان، خۆپاراستن لە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ، خۆپاراستن یان دواخستنی پووکانەوەی ئێسك Os-teoporosis، خۆپاراستن لە کەمخوێنی لەبەر کەمیی کانزای ئاسن، باشترکردنی بینین بەتایبەتی لەکاتی شەودا، دواخستنی کرداری پیربوونی پێست، هاندانی کرداری هەرسکردنی خۆراك و ڕێگرتن لە قەبزی، هاندانی کرداری مەیینی خوێن لەکاتی برینداربوون یان خوێنبەربووندا، کۆنترۆڵکردنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، پاراستنی تەندرووستیی پێست، هەروەها پاککردنەوەی خوێن و بەرزکردنەوەی ئاستی وزەری لەش بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی کلۆرۆفیل کە لە سەوزە گەڵا تاریکەکاندا هەیە. پێویستیی ڕۆژانەی سەوزە گەڵا تاریکەکان بۆ کەسانی پێگەیشتوو بریتییە لە ٤٠ گرام بۆ پیاو و ١٠٠ گرام بۆ ئافرەت، بۆ منداڵیش ٥٠ گرام.



# نەخۆشیی شەکرە ئەگەری زیادکردنی بەردی گورچیلەی هەیە!

پەیوەندییەکی ئاڵۆز لە نێوان نەخۆشیی شەکرە و بەردی گورچیلەدا هەیە، نەخۆشیی شەکرە ئەگەر بە تەواوی کۆنترۆڵ نەکرێت، ئەوا ئەگەری درووستبوونی بەردی گورچیلە بە چەندین ڕێگە زیاد دەکات. ئەو ڕێگە و میکانیزمانەی کە لە نەخۆشیی شەکرەدا بەدی دەکرێن و هانی درووستبوونی بەردی گورچیلە دەدەن، بریتین لە: گۆڕان لە میتابۆلیزمی شەکری گلوکۆزدا، کە سیفەتی سەرەکیی نەخۆشیی شەکرەیە و ڕێگە بۆ درووستبوونی بەردی گورچیلە خۆش دەکات، بوونی بەرگریی خانەکانی لەش بۆ هۆرمۆنی ئینسولین Insulin resistance کە ڕۆڵی لە درووستبوونی بەردی گورچیلەدا هەیە، چونکە ئاستی کالسیۆم و ئۆکزالەیت Oxalate و ترشی یوریك لە ناو میزدا بەرزدەکاتەوە، کە پێکهاتەی سەرەکین بۆ درووستبوونی بەردی گورچیلە، نەخۆشیی شەکرە هۆکارە بۆ زیادبوونی ئاستی هەوکردن و فشاری ئۆکسان لە لەشدا، کە هاندەرن بۆ درووستبوونی بەردی گورچیلە، هەروەها نەخۆشیی شەکرە دەبێتە ئەگەری گرفت لە موولوولە وردەکانی گورچیلەدا، کە هۆکارە بۆ گۆڕان لە پێکهاتەکانی میزدا، کە ئەمەش ئەگەری بەردی گورچیلە زیاد دەکات، جگە لەمانە بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن کە بەردەوام لە نەخۆشیی شەکرەدا بەدی دەکرێت، هۆکارە بۆ دەردانی شەکری گلوکۆز لە میزدا Glycosuria واتە زیادبوونی ئەگەری بەردی گورچیلە.







# مەترسییە تەندروستییەکانی زیاد نووستن

زیـاد نووسـتن Oversleeping واتـە نووسـتن بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە ٩ کاتژمێـر لـە شەو ورۆژێکدا، زیاد نووستن زیانی تەندرووستیی زۆری هەیە، بۆنموونـە توێـژەران لـە زانکـۆی کیـل/ ئینگلتـەرا ڕوونیـان کردووەتـەوە کـە زیانـە تەندرووستییەکانی زیاد نووسـتن مەترسیدارترن لـە زیانەکانـی کـەم نووسـتن. لـە گەلێـك حاڵەتـی زیـاد نووسـتندا لەوانەیـە کـە هۆکارەکـە بـۆ بوونـی حاڵەتێکـی تەندرووسـتی یـان نەخۆشـی بگەڕێتـەوە، بۆیـە لـە هەمـوو حاڵەتەکانـی زیـاد نووسـتندا پێویسـت بـە بەدواداچوونـی پزیشـکی دەکات، ئـەم حاڵـەت و نەخۆشـییانە بریتیـن لـە: خـەوزڕان، هەناسـەتەنگی لـە کاتـی خـەودا Sleep apnea، بـۆرژان لـە کاتەکانـی ڕۆژدا، پەستی و خەمۆکی، نەخۆشیی دڵ بەتایبەتی پەککەوتنی دڵ، نەخۆشیی شەکرە، کەمخوێنی، ئـازاری درێژخایـەن لەبـەر هـەر هۆکارێـك، سسـتبوونی گلانـدی دەرەقـی، هەندێـك جاریـش هیـچ هۆکارێـك بـۆ زیادنووسـتن نادۆزرێتـەوە. ئاکامـە تەندرووسـتییەکانی پەیوەسـت بـە زیـاد نووسـتن: تێکچوونی مامەڵەی درووستی لەش لەگەڵ شەکری گلوکۆزدا هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ئەگـەری تووشـبوون بـە نەخۆشـیی شـەکرە، نەخۆشـییەکانی کۆئەندامـی دڵ و سـووڕان، بەتایبەتـی نەخۆشـیی خوێنبەرەکانـی دڵ و نـۆرەی دڵ، جەڵتـەی مێشـك، پەسـتی، خەمۆکـی، زیادبوونـی ئاسـتی هەوکـردن لـە لەشـدا کـە ئەگـەری تووشـبوون بـە نەخۆشـییە درێژخایەنەکانـەکان بـەرز دەکاتـەوە، لاوازبوونـی سیسـتمی بەرگریـی لـەش، زیادبوونـی کێشـی لـەش و قەڵـەوی، پشـت ئێشـە، لێڵبوونـی هـزر Mental fog و کەمبوونـەوەی توانـای بیرهاتنـەوە، لەگـەڵ سـەرئێشـە.




# هەموو شتێک سەبارت بە ستیڤیا

ستڤیا Stevia بریتییە لە ماددەیەکی گەڵای ڕووەکی کە وەکو جێگرەوەی شەکر یان ماددەیەکی شیرینکار Sweetener بەکار دەهێنرێت، هیچ کاربۆهیدارت و کالۆری لەخۆناگرێت، هەروەها ١٠٠-٣٠٠ جار لە شەکر شیرینترە. ستیڤیا بە شێوەی پاودەر و شلە لە بازاڕەکاندا دەست دەکەوێت، یان لە پێکهاتەی هەندێك خۆراك و شلەمەنیدا هەیە. هەندێك توێژینەوە ئاماژەیان بەمە کردووە کە پوختەی گەڵاکانی ستیڤیا کاریگەریی ئەرێنییان بۆ تەندروستی هەیە، بە شێوەی کەمکردنەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL و بەرزکردنەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی HDL باش لە خوێندا، لەگەڵ ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، هەروەها بەڵگەی زانستی لەبەردەستدایە کە ستیڤیا ڕۆڵی هەیە بۆ خۆپاراستن لە چەند جۆرێکی شێرپەنجە، وەکو شێرپەنجەی گەدە و سییەکان، لەگەڵ شێرپەنجەی خڕۆکە سپییەکانی خوێن و شێر پە نجە ی مەمك لە ئافرەتدا، بەوەی کە ماددە گلایکۆسایدەکان Glycosides لەخۆدەگرێت، کە خانە شێرپەنجەییەکان لەناو دەبات، بەڵام ئایا بەکارهێنانی ستیڤیا بێ زیانە؟ ئەگەرچی بەکارهێنانی پوختەی گەڵای ستیڤیا بۆ تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە زیانی نییە، بەڵام هەندێك جۆری ستیڤیا لە بازاڕەکاندا شەکری دێکستڕۆز یان نیشاستەی ماڵتۆدێکسترین Maltodextrin لەخۆدەگرن، کە کاریگەریی نەرێنی دەکەنە سەر ئاستی شەکری خوێن. ستیڤیا هەندێك زیانی لابەلای هەیە وەکو: کاریگەریی نەرێنی لەسەر بەکتریا سوودبەخشەکانی ڕیخۆڵە، تێکچوونی میکانیزمی بەرگەگرتنی شەکری گلوکۆز، هەروەها هەندێك براندی ستیڤیا دەبنە ئەگەری سکچوون و کۆبوونەوەی گاز لە کۆئەندامی هەرسدا.

# ئایا جیبسی پەتاتە زیانی هەیە؟



خواردنی جیبسی پەتاتە Potato chips بە کەمی زیانێکی ئەوتۆی بۆ تەندروستی نییە، بەڵام خواردنی جیبسی پەتاتە بە شێوەیەکی بەردەوام یان بە بڕی زیاد، هۆکارە بۆ گەیشتنی گەلێك ماددەی ناتەندرووست بە لەش. بۆچی بەردەوام یان زیاد خواردنی جیبسی پەتاتە زیانی تەندرووستیی هەیە؟ جیبسی پەتاتە، جگە لەوەی کە بڕێکی زیادی چەوری و کالۆری لەخۆدەگرێت، هاوکات ماددەیەکی کیمایی لەخۆدەگرێت بە ناوی ئەکریلەماید Acrylamide کە ماددەیەکی شێرپەنجەییە. خواردنی بڕێکی زیادی جیبسی پەتاتە دەبێتە هۆی گەیشتنی نزیکەی ١٦٠ مایکرۆگرام لە ماددەی ئەکریلەماید بە لەش، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ئۆکسان Oxidation و زیادبوونی ڕێژەی کۆلیستیرۆڵی خراپ لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، ئەمانەش ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەکەن. لە لایەکی دیکەوە بەردەوام یان زیاد خواردنی جیبسی پەتاتە پەیوەندیی هەیە بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێنەوە، چونکە هەر ١٠٠ گرام جیبسی پەتاتە نزیکەی ٦٠٠ ملگم سۆدیۆم یان خوێ لەخۆدەگرێت، کە بە تێپەڕبوونی کات لەوانەیە ببێتە ئەگەری تووشبوون بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، کە ئەگەر زوو کۆنترۆڵ نەکرێت ئەوا ئەگەری ئاڵۆزییەکانی زیاد دەبێت، وەکو نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ، پەککەوتنی دڵ، جەڵتەی مێشك، لەگەڵ نەخۆشیی گورچیلە. زیانەکانی دیکەی زیاد خواردنی جیبسی پەتاتە بریتیە لە: زیادبوونی کێشی لەش، گرفتەکانی خەو، وشکبوونی پێست، هەروەها سەرئێشە.

# سینەمایەکی م


حەزەکانی مرۆڤ هەتا کوێ دەڕۆن؟ هەر ڕۆژە ئامێرێکی نوێ بەرهەم دێت وا دەکات سنووری حەزەکانی مرۆڤ لە خەیاڵیش تێپەڕێت. چاویلکەی جۆری XREAL Air 2 کە وەك چاویلکەیەکی ئاساییە وا لە بەکارهێنەرەکەی دەکات، هەموو ئەو شتانەی لەسەر تیڤی، لاپتۆپ، مۆبایل، ئامێرەکانی گەمەکردنی ئەلکترۆنی دەیبینێت، بە قەوارەیەکی زۆر مەزنتر

# گۆچانی زیرەک بۆ سەردەمی پیری

پەندێکی پێشنیان هەیە، دەڵێت منداڵەکانت بنە گۆچانی سەردەمی پیریت! واتە وەکو گۆچان لەو سەردەمەدا پشت و پەنات بن و پاڵیان پێوە بدەی. بۆ بە ساڵداداچووان گۆچان گرنگە بۆ ڕۆیشتن لە ڕێگادادا بۆ ئەوەی زەختی خۆیان بخەنە سەر.

گۆچانی زیرەکی جۆری CAN Go بەراستی پاڵپشت و هاوکاری بەکارهێنەرەکەیەتی، گۆچانێك کە پاڵی وێدەدەی، ڕێگات نیشان دەدا، لە شوێنە ناخۆشەکان ئاگادارت دەکاتەوە و زۆر تایبەتمەندی دیکەش.

گۆچانی ناوبراو لە خۆیدا مۆبایلی تێدایە، هەروەها بە وردی GPSی ناو گۆچانەکە وا دەکات کەسە نزیکەکانی بەساڵداچووەکە شوێنی ڕۆیشتنەکەی پێ بزانن. لەکاتی تاریکیدا گلۆپێکی ڕووناکی لەسەرە کە خۆکار هەڵدەبێت. هەروەها چالاکی تەندروستی بەکارهێنەرەکەی لەخۆیدا تۆمار دەکات و بۆ پزیشکی پەیوەندیداری بەرێ دەکات، سپیکەرێکی تایبەتی لەسەرە بۆ ئەوەی گوێ لە گۆرانی و لە هەواڵەکان بگری، دوگمەیەکی فریاکەوتنی لەسەرە لە کاتی هەستیاردا دەتوانی دایبگری و کەسانی نزیك ئاگادار دەکاتەوە.







# مایکێکی ژیرۆک

لەو سەردەمەدا ڕەنگە زۆر گرنگی بە مایك واتە (مایکرۆفۆن) نەدرێت، چونکە خودی ئامێرەکان مایکیان لەگەڵدایە، بەڵام ئەگەر تۆ کەسێکی پەیامنێر، یا بێژەرێکی تیڤی، یا کەسێك بی لە ستۆدیۆیدا کار بکەی، گرنگترین ئامێر بێگومان مایکە.

مایکی ژیرۆکی بێ وایەری جۆری Sar-amonic Blink Me B2 لە ڕیزی مایکە سەرکەوتووەکان دەژمێردرێت. بە کوالیتی یەکجار بەرز دەنگ بۆ ئامێرەکانی وەك کامێرا یا مۆبایل یا کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە. دەنگە دەنگ و ژاوەژاو تۆمار ناکات. مایکەکە بازنەییە و کێشی کەمە، شاشەیەکی لەسەرە بۆ نیشاندان و ڕێکخستنی دەنگی. هەروەها لەگەڵ مایکی هاوشێوەی خۆی دەتوانێت هەم دەنگ وەربگرێ و هەم دەنگ بەرێ بکات. هەتا ٢٢ کاتژمێری بێ بڕانەوە شەحنی دانابەزێت. خاڵی هەرە گرنگی ئەوەیە ئەگەر هیچ ئامێرێکی وەك مۆبایل یا کۆمپیوتەریش نەبێت، دەنگ لەخۆیدا تۆمار دەکات، چونکە میمۆری ناوخۆی ٨ گیگابایتە. هەروەها لەسەر شاشەکە دەتوانی بە خێرایی لۆگۆی شوێنەکە جا تیڤی بێت یا کۆمپانیایەك بێت دابنێی.



## ـــــــەزن لە چاوەکانتا

وەك ٣٣٠ ئینـج، واتـە سـینەمایەکی زۆر گـەورە بیبینـیَ! بەهۆی ئامێرێکی بچووك کە لەگەڵ چاویلکەکە دایە، هەمـوو ئـەو ئامێرانـەی ئامـاژەم پێدان بـە چاویلکەکـەوە پەیوەنـد دەدرێـن. کوالیتـی نیشـاندان لـەو چاویلکەیـە فـوول ئیـچ دییـە. کێشـی چاویلکەکـەش تەنیـا ٧٢ گرامـە. سیسـتەمی دەنگـی زۆر بەهێـزی هەیـە و بەبـیَ ئـەوەی هیـچ دەنگـە دەنگـی زیـادی هەبێـت.



## ئەو ئامێرەی شوێنی مۆبایل دەگرێتەوە

جیهـان ئێسـتا جیهانـی مۆبایلـە، لـە هەمـوو شـوێنێك و لـە هەمـوو کاتێـك مۆبایـل لەگەڵماندایـە، وای لێهاتـووە خووگرتـن و ئالوودەبـوون بـە مۆبایـل بۆتـە نەخۆشـی سـەردەم. بـۆ نەهێشـتنی ئـەو گیـروده بوونـە، ڕەنگـە ئامێرێکـی بچـووك بەنـاوی Al Pin شـوێنی مۆبایـل بگرێتـەوە. ئـەو ئامێـرە سـەربەخۆیە، پێویسـتی بە هیـچ ئامێری لاوەکـی دیکە نییـە. ڕاستەوخۆ تـۆڕی مۆبایـل وەردەگرێت. ئامێرەکـە بەپێـی نیـازی بەکارهێنـەر پرۆگرامـەکان وەردەگرێت. هیـچ شاشـەیەکی نییـە بـۆ نیشـاندان. بەڵکـو لەیزەرێکـی بچووکـی هەیـە کـە دەتوانـی وردە زانیارییـەکان لەسـەر هـەر شـتێك هەیـە ببینـی. وردە زانیارییەکانـی وەك کاتژمێـر، کورتـە پەیامـەکان و ئاگادارکردنـەوەکان.. ئەگینـا زانیارییەکانـی دیکـە بـە دەنـگ بـە بەکارهێنەرەکـەی ڕادەگەیەنێت. دەتوانـی وەك مۆبایـل پەیوەنـدی پێوەبگـری و وەڵامـی پەیوەندییـەکان بدەیـەوە. لـە ڕێگای پرۆگرامـی Al mic پەیوەنـدی بـە هەمـوو مۆدێلەکانـی زیرەکـی دەسـتکردەوە بگـری بـۆ نموونـە ChatGPT. ئامێرەکـە بـە جلوبـەرگ پەیوەنـد دەدرێـت، هەروەهـا دەتوانـی وێنەبگریـت، ڤیدیـۆ تۆمـار بکـەی. پەیـام بنێـری و هەروەهـا وەرگێڕانـی پێبکـەی. هیـچ دوگمەیەکـی نییـە و دەتوانـی بەدەنـگ فەرمانەکانـی پـیَ بڵێـی.



# بە مۆبایل ئازاری پێشکە کەم بکەوە!



ڕەنگە لاتان سەیر بێت بتوانن بە مۆبایلەکانتان، ئازاری پیۆەدانی مێشوولە و پێشکە کەم بکەنەوە، بەڵام مۆبایل ئەوەش دەکات.

کۆمپانیایەکی ئەڵمانی ئامێرۆکەیەکی بەرهەم هێناوە کە لە شوێن شەحنی مۆبایل دەخرێت و بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەتوانن ئازاری پیۆەدانی پێشکە کەم بکەنەوە.

ئامێری Heat-It کە لە شوێن پۆرتی USB دادەنرێت و بەهۆی گەرمی یا تیشکێکی تایبەتەوە کە لە ئامێرۆکەکە دەردەچێت، ئازاری پیۆەدانی پێشکە، زەردەواڵە و گیانلەبەر وردەکان کەم دەکاتەوە. ئامێرۆکەکە ئاپێکی تایبەتی لە مۆبایلدا بۆ هەر دوو سیتسەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس بۆ دادەنرێ، ڕێژەی گەرمی و بەهۆی ئەو ئاپانەوە دیاری دەکرێ و بۆ گەورە ساڵان و منداڵان جیاوازە.

بیرۆکەی ئەو ئامێرە لە ئەزموونی پێشنیان وەرگیراوە کە بۆ پیۆەدانی گیانلەبەرێکی وردیلە، شتێکی گەرمیان پێوە دەنا.




## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت چۆن پاسۆرد لەسەر فایلێکی word دابنێم؟**

خوێنەری بەڕێز، بۆ ئەوەی پاسۆرد لەسەر فایلێکی word دابنێی، چەند ڕێگایەك هەیە، دەکرێ لە دەرەوەی پرۆگرامی word بێت و هەروەها دەکرێت لەناو خودی پرۆگرامەکەش. بەڵام باشترینیان ڕێگای خودی پرۆگرامەکەیە. بۆ ئەم مەبەستە کاتێك فایلێك دەکەیەوە بچۆ سەر بەشی file دواتر بچۆ سەر بەشی info و دوای ئەوە بچۆ سەر بەشی Protect Document و لەوێشدا Encrypt with Password هەڵبژێرە، ئەوکات داوای پاسۆردتت لێدەکات و پاسۆردەکەت دابنێ و دەبێ لەبیرت نەچێتەوە. ئەگەر لەبیرت چۆوە ڕێگایەك بۆ بەدەستهێنانی فایلەکەت نییە. دواتر هەر کاتێك بیکەیەوە داوای پاسۆردتت لێدەکات.

# ژیریی دەستکرد لە بەرنامەیەکی ویندۆزدا

ژیریی دەستکرد بۆتە هۆی شۆڕش و گۆڕانکارییەکی گەورە لە بواری تەکنەلۆژیای سەردەمدا، بەتایبەتی لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و بەدەستهێنانی زانیاری، دروستکردنی فیلم و وێنە، وەرگرتنی وەڵامی پرسیارەکان و بەگشتی ئەوەی مرۆڤ پێویستی پێیەتی لە بواری زانیاری دیجیتالیدا. بۆ سوود وەرگرتن لە ژیری دەستکرد دەبێ سەردانی ماڵپەڕەکانی تایبەت بە ژیری دەستکرد بکەی. بەڵام پرۆگرامی (PyGPT) هەوڵیداوە چاتە گرنگەکان وەك ChatGPT لە بەرنامەیەکی ویندۆزدا کۆبکاتەوە و پێویست نەکات سەردانی ماڵپەڕەکە بکەی. نە تەنیا وەرگرتنی زانیاری بەڵکو، دروستکردنی فیلم و وێنەش لەو پرۆگرامەدا بە هاوکاری ژیری دەستکرد جێبەجێ بکەی.



شایانی ئاماژە پێدانە پرۆگرامەکە زۆر نوێیە و ڕەنگە لە داهاتوودا پەرەی پێبدرێ و زۆر تایبەتمەندی دیکەشی پێوە زیاد بن.



## ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد بۆ دروستکردنی ڤیدیۆ

لە سەردەمی ژیریی دەستکردا، هەموو ئەرکەکان بەو سیستەمە بسپێرە، ئیدی پێویست ناکات ماوەیەکی زۆر کاتی خۆت بۆ دروستکردنی ڤیدیۆیەك تەرخان بکەی! تەنیا چەند دێڕێك بنووسە سەبارەت بە ڤیدیۆکەت، تاکو زیرەکی دەستکرد لە ماوەیەکی کەمدا بۆت دروست بکا. ماڵپەڕی kaiber.ai تایبەتە بە دروستکردنی ڤیدیۆ. لەو ماڵپەڕەدا تەنانەت دەتوانی وێنەکانی خۆشت بۆ دروستکردنی ڤیدیۆ تەرخان بکەی. ماڵپەڕەکە بە خۆڕایی نییە، بەڵام ئیزنت پێدەدا بۆ ماوەی هەفتەیەك بەبێ بەرامبەر سوود لە خزمەتگوزارییەکانی وەربگری. بەکارهێنانی ئاسانە، ئەوەندە بەسە لە بەشی تایبەت بە نووسینی ڤیدیۆکەت مەبەستەکەی خۆت بنووسی و پاشان ماوەی فیلمەکە بنووسی تا بۆت دروست بکات.



## ئەڵقەی زیرەک ئاگاداری زەخت و لێدانی دڵتانە!

رۆژ بە ڕۆژ ئامێرە زیرەکەکان لە پەرەسەندندان، وەك: کاتژمێری زیرەك، دەستەندی زیرەك و ئەڵقەی زیرەك و...تاد. ئەڵقەی زیرەکی جۆری iHeal Ring یەکێکە لەو ئامێرانە. ئەڵقەیەکە لە پەنجە دەکرێت، بەڵام کۆمەڵێك هەستەوەری تێدایە کە پەیوەندی هەیە بە تەندروستی بەکارهێنەرەکەی! زانیارییەکانی جەستەتان بە وردی دەزانێت، زەختتان دەپێوێت و بەردەوام دەزانن زەختی خوێنتان چەندە. لێدانی دڵتان دەزانێت، چۆنییەتی خەوتنان لێکدەداتەوە، ڕێژەی ئوکسیجینی ناو خوێندتان دیاری دەکات. هەروەها بۆ بوارەکانی وەرزشی چەندین حاڵەتی وەرزشی تێدایە و زانیارییەکانیان دەگوازێتەوە بۆ سەر مۆبایل. بە تەڕبوون تێکناچێت، کێشی تەنیا ٥ گرامە. لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و زانیارییەکان بۆ ئەو دەگوازێتەوە. هەتا یەك حەوتوو شەحنی دانابەزێت.




## کامێرایەکی چاودێری بۆ ناو ماڵەوە

کامێرا چاودێرییەکان لەو سەردەمەدا بەراستی خزمەتگوزارییەکی گەورە ئەنجام دەدەن و وا دەکەن مرۆڤ هەست بە ئەمنییەت و ئاسایشی زیاتر بکات، بەڵام کامێرا چاودێرییەکان بە زۆری لە دەرەوەی ماڵ و شوێنەکانن، بۆیە ئەگەر لەناو خودی ماڵدا کێشەیەك هاتە پێش نازاندرێ. بۆ ئەم مەبەستە کامێرای جۆری eufy Security Indoor Cam S350 بەرهەم هاتووە. کامێرایەکی دووچاو، هەم ئەمنییەتی و هەم کامێرای ئاسایی. کوالیتی فیلم هەڵگرتن زۆر بەرزە 4Kیە. زیرەکی دەستکرد کە لە مۆبایلەکەدایە، مرۆڤ و گیانداری ماڵەوە لێك جیا دەکاتەوە. لە هەمووی گرنگتر بە دوای سوژەکەیدا ٣٦٠ پلە دەسوورێتەوە. بۆ نموونە کاتێك فۆکس دەبێت لەگەڵ گیاندارێکی ماڵەوە بە چاوەکانی چاودێری وردی گیاندارەکە دەکات.

# تێکەڵەیەکی سرووشتی لەبری بۆتۆکس و فیلەر بۆ شاردنەوەی چرچولۆچی پێست و توندکردنەوەی

**پێکهاتەکان:**

کەوچکێك خومرەی خێرا و دوو کەوچك شیری شل بهێنە، دوای گەرمکردنی شیرەکە لە دەفرێکدا، خومرەکەی تێبکە و پێکهاتەکان بە باشی تێکەڵ بکە، پاشان تێکەڵەکە بەسەر پێستتدا دابەش بکە و بۆ ماوەی ١٥ خولەك چاوەڕێ بکە، دواتر بە ئاوی شلەتێن بیشۆ، پاشان کرێمی شێدارکەرەوەی گونجاوی جۆری پێستت لە دەموچاوت بدە.

هۆکارە کاریگەرییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خومرە بە بۆتۆکسێکی سرووشتی دادەنرێت بۆ پێست، یارمەتیدەرە بۆ قەڵەوکردنی دەموچاو و سڕینەوەی نیشانەکانی چرچبوون، چونکە ژمارەیەکی زۆر ڤیتامین و کانزا و ترشی تێدایە، کە هەموو ئەمانە خۆراك دەدەن بە پێست و یارمەتیی شاردنەوەی چرچولۆچی دەدەن. هەروەها سوودەکانی شیر بۆ پێست بریتییە بەرەنگاربوونەوەی پیربوون و دەرکەوتنی نیشانەکانی، ئەمەش بەهۆی دەوڵەمەندیی بە ڤیتامین B12 و A و B6 و هەروەها بایۆتین، کە یەکێکە لە گرووپی ڤیتامینەکانی B کە تەندروستیی پێست دەپارێزێت، بەهۆی دەوڵەمەندیی بە ڤیتامین D کە بەرهەمهێنانی کۆلاجین بەرز دەکاتەوە و پێست گەشاوەتر دەکات.

**ئامادەکردنی: شیلان علی**





# ئەم ڕەنگانە لە ژووری نووستنەکەتدا بەکار مەهێنە

خراپترین ڕەنگ بۆ ژووری نوستن ئەوانەن کە هەست و سۆزە نەرێنییەکان دەوروژێنن، بەتایبەتی ڕەنگی سوور، کە بەگوێرەی کتێبخانەی نیشتمانیی پزیشکی، دەبێتە هۆی شەڕانگێزی و بەرزکردنەوەی پەستانی خوێن و زوو هەڵچوون.
ڕەنگە گەرمەکانی دیکەی وەك پرتەقاڵی و زەرد، یارمەتیدەر نین بۆ خەوتن، هەروەها لە لایەکی دیکەوە لە کاتێکدا تاریکی هاندەری خەوتنە و سووری خەو و بەئاگاهاتنەوەی تاك ڕێك دەخات، ڕەنگی ڕەشیش لە ژووری نووستندا بە باش نازانرێت.
بەگوێرەی کتێبخانەی نیشتمانیی پزیشکی، ڕەنگی ڕەش درێژیی شەپۆلی ڕووناکی بینراو هەڵدەمژێت، ڕەنگێکە نە فێنك و نە گەرمە، بەڵام ڕەنگە ڕەنگی ڕەش بەراورد بە ڕەنگی گەرم یان فێنك کەمتر هاندەر بێت و هەستی چالاکی کەمتر لە مرۆڤدا بەرهەم بهێنێت، سەرەڕای ئەمەش مرۆڤەکان ڕەنگی ڕەش بە هەست و سۆزە نەرێنییەکانەوە دەبەستنەوە، وەك: خەمۆکی، پەستی، توڕەیی و ترس.
وا باشتر دوور بکەویتەوە لە بۆیاخکردنی ژووری نوستن بە ڕەنگی تۆخ، وەك: قاوەیی، کە پەیوەندی بە هەستە ناخۆشەکانەوە هەیە، وەك دڵەڕاوکێ و دڵتەنگی، ئەو هەستانە کە ڕەنگە پێش خەوتن باری دەروونی ئارام نەکاتەوە.






# سۆدەی نان پاودەرێکی کاریگەرە بۆ پاککردنەوەی ماڵ

بۆ نەهێشتنی بۆنی ناخۆشی ڕووپۆشی مۆبیلیات: سۆدەی نان بۆ ئەم مەستە زۆر کاریگەرە، وا باشە بڕێکی زۆر لە پاودەری سۆدەی نان بپرژێنرێت بەسەر قوماشی مۆبیلیاتەکاندا و بۆ ماوەی ٢٠ خولەك چاوەڕێ بکرێت، دواتر بە جوانی پاك بکرێتەوە، ئەرکی تۆزی سۆدەی نان بریتییە لە هەڵمژینی بۆنەکان و پاککردنەوەی پەڵەی سووك لەسەر قوماش و پۆشاك.
لابردنی پەڵەی ڕۆن و چەوری لەسەر زەوی: هەندێك شوێن پەڵەی چەوریی جۆراوجۆریان لەسەرە، کە پاککردنەوەیان قورسە، بۆیە دەبێت سۆدەی نان بپرژێنیت لەسەر ئەو ڕووکارانەی کە پێشتر باسمان کرد، دواتر بە فڵچەیەکی تەڕ بیشۆیت، تا بەجوانی خاوێن دەبێتەوە.
پاککردنەوەی چێشتخانە و کەلوپەلەکانی: بە تێکەڵکردنی بڕێکی یەکسان لە تۆزی سۆدەی نان و ئاوی لیمۆ و کەمێك ئاو، هەویرێك درووست بکە، هەویرەکە لەسەر ئەو شوێنە بڵاو بکەرەوە کە مەبەستتە، بە بەکارهێنانی ئیسفەنجێك ڕووکارەکەی بە باشی بشۆ، پاشان بە ئاو بیشۆ.


# دیاردەی کۆچ و ڕەوی ڕیشۆڵەکان

توێژەران بە بەکارهێنانی نوێترین ئامێری وێنەگرتن و چاودێریکردن لە کۆچ و ڕەوی ڕیشۆڵەکانیان کۆڵییەوە و، بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، جووڵەی ئەو باڵندانەیان شی کردەوە، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ١٠٠ ملیۆن بەش لە چرکەیەك دەخایەنێت بۆ کاردانەوەی باڵندەکان بەرامبەر یەکتر و بڕیاردانیان بۆ جووڵەکردن، ئەمەش بە مەبەستی یەکخستنی جووڵە و دوورکەوتنەوە لە پێکدادان. ئەم گردبوونەوە گەورەیەی ڕیشۆڵەکان بە مەبەستی ترساندنی باڵندە ڕاوکەرەکانە، بەو پێیەی کۆبوونەوەی ئەم باڵندانە دوژمنەکانیان دەترسێنێت، نمونەی کۆمپیوتەر دەریدەخات کە هەر باڵندەیەك لە هەموو ساتێکدا بەدواداچوون بۆ جووڵەی حەوت باڵندەی دەوروبەری خۆی دەکات، بۆ پێکهێنانی گرووپێکی بچووك، و ئەم گرووپە بچووکە بەشێك لە کۆمەڵێکی باڵندەکان پێك دەهێنن، بە جۆرێك باڵندەکان لە جووڵەکانیاندا هاوئاهەنگ بن لەگەڵ یەکتر.



## تانی بنێشت بەردەوامە لە کشان

دوای تەقینەوە گەردوونییەکەی ناسراو بە تەقینەوەی سوپەرنۆڤا، چەندین تان دەرکەوتوون، یەکێك لەوانە کە دیارترینیانە، بریتییە لە تانی بنێشت ١٤٦٠ ساڵی ڕووناکی لێمانەوە دوورە، دۆزینەوە و وێنەگرتنی کەمێك قورسە. باوەڕ وایە پاشماوەی تەقینەوەیەکی سوپەرنۆڤا بێت بەر لە یەك ملیۆن ساڵ تەقیبیتەوە، تا ئیستاش هەر بڵاو دەبێتەوە و دەکشێ، ئەو تانە نزیکەی ١١٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر سوپەرنۆڤای ڤێلای تیدا بووە و پاشماوەی ئەویشیان پەلساری ڤێلایە لە دوای خۆی بەجێماوە.









# مۆمیاکردنی کەرەستە و گیانداران لە مێژوودا

مۆمیاکردنی کەرەستە و کەلوپەلەکانی کۆن، بە یەکێك لە مەزنترین بیرۆکەکانی هەڵگرتنی کەرەستەکان دادەنرێن، وەك ئەوەی بە جۆرێك ئەمە وێنەیەکی گێکۆیە gecko کە تەمەنی ٥٤ ملیۆن ساڵە و لەم عەمبارەدا گیر بووە، ڕیشەی داری amber لە درەختە لەناوچووەکانی سەردەمی سێیەمەوە سەرچاوە دەگرێت، بە شێوەیەکی ئاسایی مادەی (زەرد) لە سەردەمی کۆندا لە بواری خشڵدا بەکار هاتووە، بەهۆی ئەومادەدیەوە هەرزیندەوەرێك گیربوبێت، تیایدا بە پارێزراوی ماوەتەوە.





## پڕۆژەی بایکسۆل (BikeSol) لە کوردستان

پڕۆژەی بایکسۆل (BikeSol)، پڕۆژەیەکە، بیرۆکەکەی داڕێژراوە و بەم نزیکانە لە تەواوی خولگەی شەقامی بازنەیی ١٢٠ مەتریی هەولێری پایتەخت، بە درێژی (٤٠) کیلۆمەتر جێبەجێ دەکرێت، پڕۆژەکە لە دوورگەی ناوەندی شەقامی ١٢٠ مەتری کە گونجاوترین شوێنە بۆ ئەنجامدانی، لایەنی تەکنیکی دیزاین کراوە و دوای سەرکەوتنی قۆناغی تاقیکاری، بە درێژی (١٠٠)مەتر و داپۆشینی ڕێڕەوەکەی بە سیستمی وزەی خۆر بە درێژایی (٢٠٠)مەتر دەبێت، ئێستا ئامادەیە بۆ جێبەجێکردن، بە تەواوبوونی جگە لەوەی ڕەهەندی مێژوویی و گەشتیاری و ژینگەدۆستی و وەرزشی بۆ هەولێری پایتەخت زیاد دەکات، سوود و خزمەتێکی زۆریش پێشکەش بە هاووڵاتییان دەکات، بەتایبەتی ئەو کەسانەی ئارەزووی پایسکل سوارییان هەیە، یەکێکی دیکە لە سوودە گرنگ و بەرچاوەکانی پڕۆژەکە، دروستکردنی سێبەری ڕێڕەوەکەیەتی، کە بە درێژی (٤٠) کیلۆمەتر بە پانێلی وزەی خۆر داپۆشراوە و توانای بەرهەمهێنانی (٦٠) مێگاوات کارەبای دەبێت و بە تۆڕی کارەبای نیشتیمانییەوە دەبەسترێتەوە، ئەوەش خزمەتێکی گەورە بە بەرهەمهێنانی کارەبا دەکات و هەروەها دۆستی ژینگەیە و بێ دووکەڵ و بێ زیانە.



## نەهەنگی شین

کێش و قەبارەی نەهەنگی شین دەگاتە ٢٤-٣٠ مەتر و بە درێژترین گیاندار تۆمار کراوە لە جیهاندا، کە کێشی دەگاتە ٢٠٠ تۆن، وەهەروەها دڵی ١,٥ مەتر بۆ١,٢ مەتر پانە، ١,٥ مەتر بەرزە، لێدانی دڵی لە ٣,٢ کیلۆمەترەوە دەبیسترێت، تەنیا قورسایی زمانی بەقەدەر کێشی فیلێکە. بێچووی نەهەنگی شین بە گەورەترین بێچووی سەر زەوی دادەنرێت کە ڕۆژانە ٩٠,٧ کیلۆ زیاد دەکات، هێزی دەنگی نەهەنگی شین بەهێزترینە لە شانشینی ئاژەڵاندا، نەهەنگەکانی دیکە دەتوانن لە دووریی ١٦٠٠ مەترەوە گوێیان لە دەنگیان بێت.




## کاریکاتێر

باس لەو کەسانە دەکات کە دەیانەوێت بە خێرایی بە مەبەست و ئامانجەکانیان بگەن، کەچی هەنگاوی گەورە بە هیچ شوێن و پایە و ئاستێکت ناگەیەنێت.



## دیمەنە سەیرەکان

پەپوولەی جوان و شەنگ، بە ڕەنگی باڵە جوانەکانی ئەگەرچی کۆمەڵەی مێش و مەگەزە، بەڵام جوانییەکەی خۆشەویستیی کردووە، ئەمە دیمەنێکی نزیککراوەی باڵی پەپولەیە.



## یاسا

**کوشتن بە ناپاکی**

کوشتن بەهۆی زینا، یان ناپاکیی هاوسەری، لە مادەی ٤٠٩ی یاسای سزادانی عێراقی، ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩ دا هاتووە:
ئەگەر پیاوێك ژنەکەی یان هەر یەکێك لە مەحرەمەکانی خۆی بینی لە کاتی زیناکردندا، بەو هۆیەشەوە یەکێکیان یان هەر دووکیانی کوشت، نابێ لە سێ ساڵ زیاتر زیندانی (حبس) بکرێت، بەڵام بە یاسای ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠١٥ ئەم مادەیە ڕاگیراوە و لە ئێستادا کاری پێ ناکرێ.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

کار بکە بۆ ئەوەی تواناکانت بەرەوپێش بەریت، سەرقاڵبوون بە ڕۆتینێکی دیاریکراوی ڕۆژانەوە هیچ یەکێك لە تواناکانت زیاد ناکات، لە لایەنی پیشەییەوە سود لە بیرۆکەی کەسانی چواردەور وەربگرە، هەستەکانت بۆ خۆشەویستەکەت کاریگەریی لەسەر گرفتەکانی خێزانەکەت دروست دەکات.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

لە لایەنی جەستەییەوە چالاکییەکانت زیاد بکە، هاوکات لای ئەو کەسانە بمێنەرەوە کە چالاکن و هانت دەدەن بەو شێوەیە هەر بمێنیتەوە، لێکتێنەگەیشتن لە نێوان تۆ و هاوپیشەکانتدا ڕوو دەدات و ڕەنگە ئەمەش گرفتت بۆ دروست بکاتو وا باشترە بە هۆشیارییەوە هەڵسوکەوت بکەیت.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

مەترسە لەوەی داوای یارمەتی و پاڵپشتی لە کەسانی دیکە بکەیت بۆ پرۆژەکانت، بە توڕەییەوە مامەڵە لەگەڵ کەسانی دیکەدا مەکە، ئەم ماوەیە خۆت سەرقاڵ مەکە بە چالاکیی بێسودەوە، کارێك بکە کە سوود بە خۆت و کەسانی چواردەورت بگەیەنێت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدەیت هیچ گەرەنتییەکی سەرکەوتنیان نییە، باشترە پلانەکانت بگۆڕیت و بزانیت چی دەکەیت، ئەم ماوەیە ڕەنگە گرفتی داراییت بۆ دروست ببێت، لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی دیکەدا ئەرێنی بە، چونکە بە وشەکانت کاریگەر دەبن.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

ڕەخنەگرتن لە خۆشەویستەکەت و لۆمەکردنی بۆ ئەو هەڵانەی ئەنجامی داوە، هیچ شتێك چارەسەر ناکات، هەر بۆیە وازبهێنە، ڕووداوەکانی ئەم کۆتاییە زۆر بە خێرایی ڕوو دەدەن و کۆنترۆڵکردنیان لە توانای تۆدا نییە، هەوڵ بدە دیارییەك پێشکەش بە خێزانەکەت بکەیت، چونکە پێویستیان بەوەیە دڵخۆش بن.


**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

دوور بکەوەرەوە لە هەر شتێك کە هەست دەکەیت فشارێکت بۆ دروست دەکات، دەنا زیان بە ژیانی تایبەتیت دەگەیەنێت، لە لایەنی سۆزدارییەوە پەیوەندیی تۆ و خۆشەویستەکەت بەهێز دەبێت و لە یەکتر نزیك دەبنەوە، ڕێگە مەدە وشە نەرێنییەکانی کەسانی دیکە کاریگەریت لەسەر دروست بکات.

بۆ زانیاریت

## بیردۆزی گەرمی و وزە

بەرەوپێشچوونی(thermodynamics و entropy)، بیـردۆزی گەرمـی و وزە و ئیش کە بیردۆزێکی بنچینەییە بۆ فیزیا، لەلایەن ئەندازیاری فەرەنسی سادی کارنۆ (Sadi Car-not) وە سەری هەڵدا. خولیابونی ئەو بۆ بزوێنەری هەڵمی، وای کرد لە ساڵی ١٨٢٤ یاسایەکی گشتی بۆ ئەوپەڕی چوستیی هەر ئامێرێك دابڕێژێت، کە بە گەرمی ئیش بکا، دواتر بەهۆی هەوڵی توێژەرەوەکانی دیکەوە سێ یاسا بەهێزەکەی سێرمۆداینامیك بەرهەم هات، کە بریتیبون لە یاسای پاراستنی وزە و ویستی هەمیشەیی ئینترۆپی بۆ زیادبوون، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرەبەرە لەناوچونی هەموو سیستمێك، بە تەواوی گەردوونیشەوە، هەروەها ئاماژەشە بۆ تاکئاراستەیی کات و یەك ئاراستەی ڕەوتی کات.



فیلم

## باڕبی بووکەشووشە - Barbie




فیلمێکی کۆمیدی و فانتازیایە، لە سەرەتادا ئەم فیلمە بە دیمەنە سەرنجڕاکێش و کاریگەرییەکانی مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، بەوەی فیلمێکی سەرنجڕاکێشە و کاریگەری لەسەر منداڵان و هەرزەکاران دەکات، باس لە کچێکی بە ناو باربی و کەسێك بە ناوی کین دەکات، کاتیان هەیە تا بە خۆشی و شادی بژین، تا ئەوکاتەی خۆیان لە نێو مرۆڤدا دەبیننەوە هەستە بە سەختیی ژیانی مرۆڤ دەکەن.

فیلمەکە لە دەرهێنانی (گریتا گێویگ)ـە، داهاتی فیلمەکە یەك ملیار و ٤٤٣ ملیۆن دۆلار بووە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٤ خولەکە، لە نواندنی (مارگۆت ڕۆبی، ڕیان گۆسلینگ، ویل فارێل، ئێما ماککای)یە.



## پەند و وتە

هێنری فۆرد، داهێنەر و دامەزرێنەری کۆمپانیا فۆرد و پیشەوەر، لە ساڵی ١٨٦٣ لە ویلایەتی میشیگانی ئەمریکا لە دایك بووە و لە ساڵی ١٩٤٧ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی سەرکەوتن دەڵێت: «ئەو کاتەی سەرکەوتنەکان لە ڕێگەی پلانێکی تۆکمە و ئارامگرتنێکی زۆرەوە، پاڵپشت بە هەلێکی گونجاو دەرەخسێن، بزانە ئەوە بەختێکە ڕووی تێکردوویت، نەوەك سەرکەوتن.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کچێك هەیە، وا هەست دەکەیت کە قاچێکی باریك و ناسکی هەیە، هەوڵ بدە ڕاستی و درووستیی وێنەکە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا ئاشکرا بکەیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە لایەنی سۆزدارییەوە لە خۆشەویستەکەت تێبگە و ڕاستەوخۆ ڕەخنە مەگرە، بە وردی بیر لەو پرۆژانە بکەرەوە کە دەتەوێت بە ئەنجامیان بگەیەنیت، چونکە یەکجار ئەو دەرفەتە دێتە بەردەمت و ڕەنگە دووبارە نەیێتەوە، وەرزشی بەیانیان لە نەخۆشین دەتپارێزێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە لایەنی پیشەییەوە لەسەرخۆبە و بە لۆژیکییانە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکان بدە، لە لایەنی سۆزدارییەوە هەستەکانت مەشارەوە بۆ خۆشەویستەکەت، تەندرووستییەکی باشت هەیە و ئەمەش یارمەتیت دەدات بە ئاسانی ئەرکەکانت جێبەجێ بکەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەم ماوەیە خێزانەکەت بە کاتێکی سەختدا تێدەپەڕن و پێویستیان بە هاوکاری و پاڵپشتیی تۆ هەیە، لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە چالاك بە و پەیوەندییەکانت بەهێز بکە، لە لایەنی سۆزدارییەوە هەڵەکانی خۆشەویستەکەت پشتگوێ بخە و لۆمەی مەکە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


تواناکانت دیاریکراوە، هەربۆیە هەوڵ مەدە زۆر فشار لە خۆت بکەیت بۆ ئەوەی کۆمەڵێك کار بکەیت، کە ماندوت دەکات و فشارت بۆ زیاد دەکات، ئەم ماوەیە حەز بە بێدەنگی دەکەیت و زیاتر چێژ لە تەنیایی دەبینیت، ئاساییە پشوو وەربگریت، بەڵام ڕێگە مەدە ئەم حەزە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

زۆر خۆت ماندوو مەکە و ئاگاداری تەندرووستیت بە، فشارێکی زۆر مەخەرە سەر خۆت بە بێ هۆکارێکی دیاریکراو، بگەڕێرەوە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیت و هەوڵ بدە پەیوەندی بە هاوڕێکانت، یان خێزانەکەتەوە بکە و چێژ لە کاتەکانت ببینە.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئازادیی زیاتر بدە بە خۆشەویستەکەت و هەوڵ مەدە هەموو شتێکی کۆنترۆڵ بکەیت، کەمێك هەست بە ماندوێتی دەکەیت لە لایەنی دەروونییەوە، پێویستت بەوەیە وشەکانی دڵت بۆ کەسانێك باس بکەیت کە جێگەی متمانەن، تەندرووستیت جێگیرە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan January 8, 2024 Issue,No.1396


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626